# تەنیا بە گفتوگۆی هێمنانە

((چەند ساڵێکە هیواو ئاواتێك لە نێو کورددا سەری هەڵداوە بەوەی ئەم هەرێمی کوردستانە ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، تاکو خەونی کورد بێتەدی و هەر لەم پێناوەشدا بە ئومێدو شادییەوە لە چاوەڕوانی ئەو رۆژەدان، ئەم خەونە و ئومێدە لەگەڵ تەئکیدکردنەوەکەی بەڕێز مسعود بارزانی یەکیانگرتەوە کە لە زۆر بۆنەدا ئاماژەی بۆ کردووەو بە تایبەتیش لە یادو بۆنەی نەورۆزدا. لە ئێستاشدا بە سەرکردایەتیی بەڕێز مسعود بارزانی، گەل هەموو ئەو زەحمەتییەی تێپەڕاند، تەنیا یەك شەقاوی دلێرانەو چاونەترسانە ماوە تاکو بگەینە ئەم ئامانجە، بۆیە مایەی حیکمەت نییە ئەگەر سەرۆك لەم قۆناغەدا واز لەسەرۆکایەتی بهێنێت، هەروەها ئەمە لە بەرژەوەندیی سەرجەم کوردیشدا نییە بە حزبەکان و جەماوەریشەوە کە تینووی سەربەخۆیی و ئازادیی نیشتمانین واز لەو هێماو سنبوولە بهێنن کە سوورە لەسەر هەڵوێستی رەواو پتەوی نەتەوەیی کوردی کە بەبێ سڵەمینەوە بەرامبەر هەموو هێزێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی وەستاوەتەوە کە هەوڵیاندابێت کورد رادەستی واقیعی سیاسەتی ئیقلیمیانە بکەن)).

■■■

دکتۆر محەمەد شەریف*
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە



رەنگە نەبوونی گفتوگۆی هێمنانە لە نێوان هێزە کوردییە جیاوازەکان بە هەر هۆیەك بێت، هۆکارێك بێت بۆ یەکنەگرتنیان لە نێو قەوارەیەکی گشتگیردا، هەروەها نەبوونی هەستی بەرزی بەرپرسیارێتیی بەکۆمەڵ لە هەمبەر پرسە چارەنووسسازەکاندا لە نێو کورددا هۆکارێك بێت بۆ لەدەستدانی دەرفەتێکی مێژوویی کە دەکرا بهاتنایە ریز ئەو وڵاتانەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا حسابیان بۆ بکردنایە، هەر لەوانەیە پێشخستنی سۆزی تایبەت بەسەر عەقڵیەتی بابەتیانە لای کورد بە گشتی وای لێکردبن پارچەپارچە بن و لێك جیاببنەوەو بەدوای کەسانی دیکەدا بکەون.

ئەم هەموو شتانە روودەدەن لەگەڵ ئەوەی کە ئەم گەلە بەوەفایە عەشقی ئازادی و سەربەخۆییەو ئامادەیە لەم رێگەیەدا قوربانی بە گیان و ماڵ بدات بێ سڵەمینەوە لە جەللادو ستەمکاران، بۆیە دەبینین باب و باپیران چەند زەحمەتی و ماندووبوونیان بە درێژایی گەشتێکی سەختدا چەشتووە بۆ گەیشتن بە لووتکەی سەربەرزی و کەرامەت، تەنانەت ئەوەندە لەو ئازارو ئەشکەنجەیە نەمابوو بێجگە لە چەند هەنگاوێکی کەم نەبێت کە ئەم گەشتە پڕ لە ناسۆرە کۆتایی بێت و بۆ گەڕان بە دوای ئازادیدا تاکو بگەنە کاروانی دەوڵەتانی پێشکەوتوو رووەو ئازادی و سەربەخۆیی!! بەڵام چی وای لێکردن کە بەر لە گەیشتن بە هێڵی کۆتایی کە تەنیا بستێکی مابێت، بوەستن؟

کورد لە خەباتکردن لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی پێش گەلان کەوتوون، بەڵام جیاوازیی منداڵدانەکان هەموو

جارێك خەونەكانی لەباردەبرد، بۆیە هەزار پەند و عیبرەت لە چیرۆكەكانی بەدرخان و مەحمود حەفید و بارزانیدا هەیە.

بەڵام كاری بەسوودو ئامانجدار پێش ئەویش قسەی بەسوود، هەرگیز لەبەردەم كەلاوەكاندا بەدەم گریانەوە ناوەستێت و سكاڵاش لە رابردوو ناكات، بەڵكو هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵدەگرێت، هەموو نسكۆیەك دەگۆڕێت بۆ قوتابخانە، هەموو گلانێكیش بۆ هەڵسانەوەو بەرەو پێشچوون، هەموو دەرفەتێكیش كە بڕەخسێت بۆ قەرەبووكردنەوەی رابردوو، نەك بۆ پووكانەوەی ئەو كارەی بەرەو رووی دەبێتەوە.

من مەبەستم لێرەدا شكاندنەوەی كەس نییە، بەڵكو بە دیدی من هیچ شتێك لە ژیاندا لە ئازادی بەهادارتر نییە، بەڵام من لە ئاسۆدا خەونێك دەبینم لەو خەونانەی كە هەموو رێچكەیەكی بڕیوەو خەریكە دەبێتە ڕاستی، ترسیشمان لەوەیە كە ئەم خەونە لە نێو مشتومڕو دەمەقاڵی گەرمدا دارمێت لەبەردەم پرس و كێشەكانی ئەو گۆڕانكارییەكانەی كە هیچ نرخ و بەهایەكیان نییە لە ئاست چارەنووسی گەلاندا، كە دەكرێت بۆ ساڵێك یان چەند ساڵ دوابخرێن، لەوەش دەترسین كە ئەو گەرموگوڕییەی قسانە بگۆڕێت بۆ گەرموگوڕییەكی بەتینتر كە ببێتە هەڕەشە بۆ رۆحی نەتەوەیی سەرجەم نەتەوەی كورد.

چەند ساڵێكە هیواو ئاواتێك لە نێو كورددا سەری هەڵداوە كە ئەم هەرێمەی كوردستانە ببێتە دەوڵەتێكی سەربەخۆی كوردی، تاكو خەونی كورد بێتەدی دوای ئەوەی كە گەنجان و پیرانی ئەم میللەتە بە خوێنی ئاڵیان نەخشەیان بۆ كێشاوە و هەنگاو بۆ ژیانێكی سەربەرزی دەنێن و هەر لەم پێناوەشدا بە ئومێدو شادییەكەوە لە چاوەڕوانی ئەو رۆژەدان، ئەم خەونە و ئەم قسەیەی كە بڵاوبووەوە لەگەڵ تەئكیدكردنەوەكەی بەڕێز مسعود بارزانی یەكیانگرتەوە كە لە زۆر بۆنەدا ئاماژەی بۆ كردووەو بە تایبەتیش لە یادو بۆنەی نەورۆزدا.

لە ئێستاشدا بە سەركردایەتیی ئەو، گەل هەموو ئەو زەحمەتییەی تێپەڕاند، تەنیا یەك شەقاوی دلێرانەو چاونەترسانە ماوە تاكو بگەینە ئەم ئامانجە، بۆیە مایەی حیكمەت نییە ئەگەر سەرۆك لەم قۆناغەدا واز لەسەرۆكایەتی بهێنێت، هەروەها ئەمە لە بەرژەوەندیی سەرجەم كوردیشدا نییە بە حزبەكان و جەماوەریشەوە كە تینووی سەربەخۆیی و ئازادیی نیشتمانین واز لەو هێماو سنبوولە بهێنن كە سوورە لەسەر هەڵوێستی رەواو پتەوی نەتەوەیی كوردی كە بەبێ سڵەمینەوە بەرامبەر هەموو هێزێكی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی وەستاوەتەوە كە هەوڵیاندابێت كورد رادەستی واقیعی سیاسەتی ئیقلیمیانە بكەن.

ئیشكالییە یاساییەكە بە سەپاندنی دابینكردنی، ناگاتە ئاستی وەستانەوە بەرووی ئارەزووی گشتی كە لە بەرژەوەندیی گشتییەوە هەڵقوڵابێت، چونكە گرنگترین جیاكەرەوە لە یاسای وەزعی بریتییە لە نەرمی نواندن لە بەردەم گۆڕانكارییەكاندا، هەروەها پێویستبوون بە هەمواركردنەوەی ئەگەر پێویستیەكی رشتی بەدی نەهێنا، یان بە دەربازبوون و تێپەڕاندن هەتا ئەگەر بە گریمانە كە زۆر جار یاساناسان بۆ هەمواركردنەوەی دۆخەكە پەنای بۆ دەبەن یان بۆ بەیاساكردنی حاڵەتەكە، تەنانەت خودی دەستوورە وشكەكە دەكەوێتە ژێر باری گۆڕین و هەمواركردنەوە كاتێ لە نۆڕمی گونجاوی تایبەت بە حوكمكردن لە پەیوەندییەكی دیاریكراو بەپێی میكانیزمەكانی دوادەكەوێت.

موبالەغەكردن لە خستنەڕووی ئەشكالی یاسایی تا ئاستی یەقین و كۆتایی بە ئاراستەی رێگەگرتن لە شەرعیەتی هەڵبژاردنی سەرۆك لە هەڵبژاردنەكانی داهاتوودا، بەڵكو تەنیا یەقین و كۆتایی لەم رووەوە لەگەڵ سروشتی دەقە یاساییەكاندا ناگونجێت، بە تایبەتیش ئەو دەقەی پشتی پێدەبەستن، یەكێك لە سیماكانی ئەو دەقە یاساییە كە گوزارشت لە ویستێكی ناوەوەی دەكات و بە چەند وشەیەكی دیاریكراو هێمای بۆ دەكات رەنگە سنووردار‌بێت یان نا، بۆیە قوتابخانەی تازەی یاسایی یاسا بە بنەما گشتییەكانی پێناسەدەكات، تەنانەت بەوەی كە دادگاكان بەرهەمی دێنن، چونكە یەقین كاتێ دەردەكەوێت كە دادوەر قسەی لێ دەكات نەك كاتێ پارێزەر یاساكە دەڵێتەوە، ئایا نابینن كە پارێزەرانی پێكناكۆك لە مەبەستی دەقەكە جیاوازدەبن و دواتر دادوەر واتای دەقەكەیان پێ دەڵێت كە ئەوان مەبەستیان نەبوو؟

من بەمە نایەمە پاڵ قوتابخانەی نائومێدی لە روونبوونەوەی دەقەكەدا چونكە زۆربەی دەقەكان بە هاوتاكانیان روونن، ئەم ئەشكالە زانایانی ئوسوڵی فیقهـ داهێنانیان تێداكردووە، هەر ئەوانیش كەموكورتیان لە واتاكانی دەقەكە دۆزییەوە كە دەگاتە دە، كە ئێمە لێرەدا باسی لێوە ناكەین، تەنیا ئەوەی دەمانەوێ ئاماژەی پێ بكەین ئەوەیە كە مەسەلەی واتاكانی دەقی یاسایی لە یاسای سەرۆكایەتیدا لەسەر یەكلاییكردنەوەی بابەتەكە بە ئاڕاستەی ناشەرعییەت لە جارێكی دیكەی هەڵبژاردنەوەی سەرۆك لە هەڵبژاردنەكانی داهاتوودا بنەمایەكی نییە لە زانستی لێكدانەوەی دەقەكان نە لە یاسا و نە لە شەریعەتیشدا، تەنیا ئەوە نەبێ كە تەمومژێك هەیە لە بابەتەكەدا، ئایا ویلایەتی ئیستسنایی كە لە ئەحكامەكانی گواستنەوەدا هاتووە بە ویلایەتی راستەقینەی نائیستسنائی هەژمار ناكرێت؟

لێرەدا لێكدانەوەی فیقهی یان سیاسی ناتوانێت بابەتەكە بە پۆزەتیف یان نێگەتیف یەكلایی بكاتەوە، بەڵكو ئەم كارە بۆ كۆمسیۆنی هەڵبژاردنەكان دەگەڕێتەوە، هەتا ئەگەر ئەویش گلەیی لێی هەبوو ئەوا دادگای تەمیز لە كوردستان رای یەكلاییكەرەوەی هەیە بە پێی ماددەی حەوت لە یاسای سەرۆكایەتیی هەرێم. دەشكرێت بابەتكە بخرێتە بەردەم پەرلەمان تاكو لێكدانەوەی یاسایی بۆ دەربكات، جا یەكلایی كردنەوەكە ئەرێنی بێت یان نەرێنی، ئەمەش پەسندترین میتۆدە، كە تەنیا بە گفتوگۆی هێمنانە دێتەدی.

*** سەرۆكی كۆڕبەندی هزری ئیسلامی**

**كورد لە خەباتكردن لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی پێش گەلان كەوتوون، بەڵام جیاوازیی منداڵدانەكان هەموو جارێك خەونەكانی لەباردەبرد**

**لە ئێستادا بە سەركردایەتیی مسعود بارزانی، گەل هەموو ئەو زەحمەتییەی تێپەڕاند، تەنیا یەك شەقاوی دلێرانەو چاونەترسانە ماوە تاكو بگەینە ئامانجی دەوڵەتی سەربەخۆ**



**پرۆفیسۆر ئیف گریگۆری گەوس یەکێکە لە گەورە تۆژەرانی ئامۆژگای برۆکینگز لقی دۆحە لە قەتەر، بەڵام لە قەتەر نیشتەجێ نییە، تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ناوخۆی و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی دەوڵەتانی کەندا و نووسەری کتێبی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی کەنداوی فارسە، پرۆفیسۆر گەوس بەیەکێك لە شرۆڤەوانە جیهانیەکان بۆ کاروباری عێراق و دەوڵەتانی کەنداو هەژمار دەکرێت و تەنانەت لەسەر پرسی عێراق و دەوڵەتانی کەنداو، ئامۆژگای برۆکینگز لێدوانی تایبەتی لێوەردەگیرێت و وەك دیمانە بڵاوی دەکاتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق و ئەگەرەکانی دوای رووخانی رژێمی ئەسەد، قسەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر گریگۆری گەوس کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** سەرەڕای ئەوەی عێراق لە بارودۆخێکی خراپ و پرۆسەیەکی سیاسی ئاڵۆزدایە، بەڵام ئەمریکا خۆشحاڵی خۆی پیشاندا بۆ گفتوگۆی لایەنی کوردستانی لەگەڵ هاوپەیمانی نیشتمانی، ئایا بەڕای بەڕێزت ئەمە مانای ئەوەنییە ئەمریکا پشتگیری مالیکی دەکات؟**

- من وای دەبینم بەتایبەتی دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠، ئەمریکا وای دەبینێت مانەوەی مالیکی لە حکومەت لەبەرژەوەندی ئەمریکایە، لەبەر ئەوە هیچ پشتیوانیەکی لەو هەوڵانە نەکردووە کە باسیان لێوەکراوە، کە پەیوەستن بە دۆزینەوەی بەدیلێك و دەنگدان لەسەر متمانە وەرگرتنەوە لە مالیکی لە پەرلەماندا. پێناچێت ئەمریکا پێداچوونەوە بە سیاسەتەکەیدا بکات، ئەمەش پەیوەندیەکی زۆری بەو راستیەوە هەیە کە ئەمریکا خوازیاری ئەوەنییە هیچ گۆڕانکاریەك لە عێراقدا رووبدات لە مەودایەکی نزیکدا. بەڵام ئایا ئەمە سیاسەتێکی ژیرانەیە یاخود نا، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەکرێت مشت و مڕی لەبارەوە بکرێت.

*** حکومەتی ئێستای عێراق بەرهەمی رێککەوتنی هەولێرە کە تێیدا ئەمریکاش پشتیوانی پێکهاتنی حکومەتێکی کرد کە کۆدەنگی نیشتمانی لەسەر بێت. دواتر، نەك هەر تەنیا پابەندی رێککەوتنەکە نەبوو، بەڵکو لایەنی کوردی و سوننەشی پشتگوێ خست، بە تێڕوانینی ئێوە ئایا دەکرێت لەڕێی گفتوگۆوە حکومەتێکی نیشتمانی بنکەفراوان پێکبهێنرێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، من قەناعەتم نییە بەوەی ئەمە بە بەڵێ یاخود نەخێر وەڵام بدرێتەوە. لەبەر ئەوەی حاڵی حازر بارودۆخی عێراق تا دوا رادەیە بارودۆخێکی دەڵەمەییە. لە رابردوودا مالیکی نەیتوانی سوود لە دەرفەتەکان وەربگرێت بۆ بەرفراوانکردنی هاوپەیمانێتیەکەی، و بۆ ئەوەی کورد و عەرەبە سوننەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆتر بەشداری پێبکات لە حکومەتەکەیدا. ئەو هێشتا وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی ناوخۆیی بەدەستەوەیە، کە ئەمە پێچەوانەی رێککەوتنی هەولێرە. کەواتە بەلای منەوە چەند دەرفەتێکی لەدەستداوە. پێدەچێت ئەمە مەترسیدارترین قەیران بێت، بە دڵنیاییەوە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ـەوە. و من نازانم مالیکی بە چ ئاڕاستەیەکدا هەنگاو دەنێت. بڕیارەکە لەدەستی ئەودایە، ئەو دەتوانێت بکەوێتە گفتوگۆوە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا و حکومەتەکەی بەرفراوان بکات بۆ ئەوەی بەڕاستی حکومەتێکی نوێنەرایەتی بێت، هەروەها دەتوانێت هەوڵی پاراستنی پێگەی خۆی بدات، کەواتە مەسەلەکە لەدەستی ئەودایە. پێموانییە بتوانم بە متمانەوە پێشبینی ئەوە بکەم کە -مالیکی- بە چ ئاڕاستەیەکدا هەنگاو دەنێت، لەبەر ئەوەی نازانم.

*** چۆن لە رۆڵی بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڕوانن؟**

- بەڕێز مسعود بارزانی رۆڵێکی دەستووری هەیە بۆ ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا «KRG» بیبینێت، ئەوەش ناوەستێتە سەر ئەوەی چی لە بەغدا روودەدات. ئاشکرایە ئەو لەڕووی سیاسیەوە ئەو کۆڵەکەی سیاسەتی کوردیە، و ئەگەر رێککەوتنێك لەگەڵ مالیکیدا بکات کە پێی ئاسوودە بێت، ئەوا پشتیوانی کوردەکان بۆ حکومەتی مالیکی دەستەبەر بکات. بەڵام بە دڵنیاییەوە چەند مەسەلەیەك لە ئارادان، کە مالیکی و هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن، لە نێویاندا مەسەلەی نەوت و پرسی پەیوەست بە سروشتی حکومەتەکەی مالیکی و بە ئەندامبوون لە حکومەتەکەی مالیکدا، هەروەها مەسەلەی کەرکوك، کە بۆ ماوەیەکی زۆر نەهێنراوەتە پێشەوە. کەواتە بەلای منەوە بارزانی یەکێکە لە سێ کەسایەتیە هەرە گرنگەکە، مالیکی و بارزانی و عەللاوی، ئەگەر ئەو سێ کەسایەتیە رێکبکەون، ئەوا پێویستە پابەندبوون هەبێت بەو رێککەوتنەوە، ئەوەی لە هەولێر ئیمزا کرا، رێککەوتنێکە پێویستە مالیکی دەستبەجێ جێبەجێی بکات.

*** هەمیشە کورد رایگەیاندووە کە ئەگەر کێشەکان بە گفتوگۆ چارەسەر نەبن و دەستور پێشێل بکرێت، ئەوا ناچارن بڕیار بدەن، لە ئێستا ئەمریکا و ئەوروپا جیابوونەوەی**

### ئیف گریگۆری گەوس بۆ گوڵان:

# بەڕێز مسعود بارزانی کۆڵەکەی سیاسەتی کوردییە و دەتوانێت ڕۆڵێکی دەستووری لە هەرێمی کوردستان بگێڕێت

**هەرێمی کوردستان بە چارەسەرێکی باش نازانن. چۆن دەتوانرێت میکانیزمێك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق ملکەچی دەستوور بێت و کێشەکان لەڕێی گفتوگۆوە یەکلابکاتەوە؟**

- دەبێت ئەوە بڵێم پێویستە ئەوە تەنیا لەڕێی ئیرادەی سیاسییەوە بەدەست بهێنرێت، پێویستە سەرۆك وەزیران رازی بێت بە خولێکی نوێی گفتوگۆ و ئەنجامەکانی ئەو گفتوگۆیەش جێبەجێ بکات. پێموایە لێرەدا ئەمریکا رەنگە بتوانێت رۆڵ ببینێت بۆ ئەوەی مالیکی بێنێتە سەر مێزی گفتوگۆ. بەڵام پێدەچێت حاڵی حازر تا رادەیەك سەرنجی سیاسەتی ئەمریکا پەرت بووبێت، بەهۆی قەیرانی سوریا و بەهۆی پرسی کشانەوە لە ئەفغانستاندا، و من نازانم ئایا ئەمریکا لە ئێستادا وەك پێویست تەرکیز لەسەر ئەم کێشەیە دەکات یان نە.

*** لە ئێستا و بەهۆی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی نێوان سوننە و شیعە، ئەگەری شەڕی ناوخۆیی نێوان شیعە و سوننەی لێدەکرێت. بە بۆچوونی ئێوە، ئەگەر شەڕ بەرپا بێت لە نێوان شیعە و سوننەدا، ئایا ئاییندەی عێراق چی دەبێت؟**

- لە سالانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧دا بارودۆخێکی هاوشان بە شەڕی ناوخۆمان هەبوو لە عێراقدا، کە ئەو کاتە هێزەکانی ئەمریکا لە وڵاتەکەدا بوون. کە بە ئاستێك خوێناوی بوو و بە ئاستێك زیانی بە وڵاتەکە گەیاند کە جێی باوەڕپێکردن نەبوو، بەڵام وڵاتەکە دابەش نەبوو. نیگەرانی من ئەوەیە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ تێکەڵی شەڕی سوریا بێت و سەربکێشێت بۆ شەڕێکی ئیقلیمی بەربڵاو، کە شەڕی شیعە و سوننە دەبێت، کە ئەمەش مەترسیدارە. کەواتە پێویستە هەموو لایەنەکان، لە نێویاندا ئەمریکا و هەروەها ئێران، کە دان بە خۆیاندا بگرن، کە هەڵبستن بە هاندانی ئەو لایەنە عێراقیانەی پەیوەندیان هەیە لەگەڵیاندا بۆ ئەوەی بێنەسەر مێزی گفتوگۆ و نەك هەر تەنیا رێکبکەون لەسەر بەرنامەیەکی سیاسی، بەڵکو سەرۆك وەزیران ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکات، پێویستە ئەمریکا رۆڵ ببینێت لەمەدا، هەروەها پێویستە ئێرانیەکانیش رۆڵ ببینن.

*** سوریا لە دۆخێکی زۆر لەرزۆکدایە، رووخانی رژێمەکەی ئەسەد گۆڕانی مەزن بە دوای خۆیدا دەهێنێت و کاریگەری لەسەر تەواوی ناوچەکە دەبێت، هەروەها رەنگدانەوەی لەسەر عێراقیش دەبێت. حاڵی حازر بارودۆخی عێراقیش ناسەقامگیرە، ئەگەر رژێمی سوریا بڕووخێت، ئایا ناسەقامگیری ئەم وڵاتە چ کاریگەریەکی دەبێت لەسەر سەقامگیری تەواوی ناوچەکە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەگەر رژێمی سوریا بڕووخێت و ئەگەر شەڕەکە - لە دوای رووخانەکەیەوە- لە نێوان لایەنە جیاوازەکانی موعارەزە و پاشماوەکانی رژێمی پێشوو لەپێناوی دەسەڵاتدا بەردەوام بێت، ئەوا ئەمە مایەی ناسەقامگیری دەبێت. بەڵام ئەگەر رژێمەکە بڕووخێت و ئاڵوگۆڕێکی ئاسایی رووبدات- کە من گومان هەیە لە رووداني ئەمە-، ئەوا ئاشکرایە ئەمە دەرئەنجامی ئیجابی دەبێت لەسەر سەقامگیری ناوچەیی، کۆتایی هاتنی شەڕ لە سوریا و گەڕانەوەی ئاوارەکان و بنیاتنانەوەی سوریا، دەبنە هۆی سەقامگیرکردنی ناوچەکە، بەڵام، مەترسی من ئەوەیە تەنانەت بە رووخانی رژێمەکەش قۆناغێکی ئینیتقالی سەقامگیر نایەتە ئاراوە.

*** تا چ رادەیەك سەقامگیری عێراق گرنگە بۆ ئەمریکا و ئەوروپا؟ ئەگەر گرنگە، چ پلانێکیان هەیە بۆ پشتیوانیکردنی عێراق بۆ ئەوەی سەقامگیری بپارێزێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، تەمەننام دەکرد وەڵامی ئەم پرسیارەم بزانیایەو لێرەوە لە ئەمەریکا، بەلای منەوە ئەمریکا بەرژەوەندیەکی زۆری هەیە لە رێگرتن لەوەی بارودۆخی عێراق بەرەو شەڕی ناوخۆ بگەڕێتەوە، پێویستە ئەو دەسترۆیشتوویەی هەیەتی بەکاری بهێنێت لەگەڵ هەموو لایەنەکانی عێراقدا بۆ هێنانەدی ئەوە، و ئومێدەوارم ئەمریکا بایەخ بەم مەسەلەیە بدات.

**حاڵی حازر بارودۆخی عێراق تا دوا رادە بارودۆخێکی دەڵەمەییە. لە رابردوودا مالیکی نەیتوانی سوود لە دەرفەتەکان وەربگرێت بۆ بەرفراوانکردنی هاوپەیمانێتیەکەی**

**نیگەرانی من ئەوەیە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی عێراق تێکەڵی شەڕی سوریا بێت و سەربکێشێت بۆ شەڕێکی ئیقلیمی بەربڵاو، کە شەڕی شیعە و سوننە دەبێت**

# کوردستان لەنێوان بنیادنانی دەزگاکانی دەوڵەت و ئامانجەکانی ئایینده

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی وەک نموونە



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

بۆ گوڵان دەینووسێت

هەرێمی کوردستان قۆناغێکی گرنگی لە کاروانی بیناکردنی دامەزراوەکانیدا بڕیوە، ئەویش لە بوارەکانی هەرسێ دەسەڵات و سیستەمەکانی ئەدای گشتیی سیاسی، گرنگترین ئەو هەنگاوانەش بریتییە لە کاروانی سەقامگیری گشتی، بەڵام لە رووی بەراوردکردن لە نێوان هەولێر و بەغدادا ئەوا جیاوازییەکی زۆری هەیە، چونکە ئەوەی هەستی پێدەکرێ و بە چاوی خۆمان دەیبینین تێکچوونی باری ئەمنی بەغداو پارێزگاکانی دیکەی عێراقە، دیارە هۆکاری ئەمەش نەبوونی سیستەمێکی رێکوپێکی ئەمنی و سەربازییە لەو ناوچانەدا، چونکە ئەو دەزگایانە لەلایەن بریکارەکانیانەوە بەڕێوەدەبرێن بۆ نموونە پۆستەکانی ئەمنی و بەرگری، ئەمە وێڕای نەبوون و لاوازیی یاسا.

بە درێژایی بیست ساڵی رابردوودا بارودۆخی دەزگاکانی دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری و جێبەجێکردن لە کوردستان ئەوپەڕی سەقامگیرییان بەخۆوەدی، هەنگاوی چاکتریشی هەڵێنا بەرەو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتییەت و یاسا و رێساکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەرەپێدان لە هەموو کایەکاندا، بەڵام هاووڵاتی کوردستانی و چاودێریی سیاسی ناتوانن سەرنج لەوە نەدەن کە جاربەجار کەلێنێك یاخود کەموکورتییەك لێرەو لەوێ سەرهەڵدەدەن، بەڵام لە کۆتاییدا ئەمانە کاتین و تادێت پرۆسەی ئاوەدانی و پێشکەوتن لە هەرێمی کوردستان بەرەو پێش دەچێت، ئەو کەموکورتییانە هەموویان دەرئەنجامی هەندێ فاکتەری دەرەکی و هەرێمین، دیارە ئێستا هەرێمی کوردستان سەرقاڵی دەرکردن و جێبەجێکردنی یاسای تازەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هاووڵاتیانی هەرێم، لە بەڕێکردنی ئەم کاروانەی پێشکەوتن و چەسپاندنی بنەماکانی یاساشدا دەزگاکانی دەوڵەت دەکەونە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی گەورەوە کە پێویستە رەچاوی بەرژەوەندییەکان و بنەما سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ و هاووڵاتیبوون بکرێت.

لە رۆژئاوای کوردستاندا گەلی کورد لەوپەڕی کەف و کوڵی هەڵچوون و شۆڕشدایە، بەڵام ئەو بارودۆخ و هەلومەرجەی لە سوریا هاتۆتەئاراوە، بۆتە بەربەست لە پێش پەرەسەندنی ئەم شۆڕشە تەنانەت ئێستا ئەگەر سەرنج بدەین دەیان هەزار پەنابەری کوردی سوریا هاتوونەتە هەرێمی کوردستانی عێراق و جارێ ئەو هەلە نەڕەخساوە تاکو راپەڕین فراوان ببێت و بگاتە مەبەست و ئامانجە نەتەوەییەکانی.

بارودۆخی گشتی و ئاستی رۆشنبیری و زانستی و ئەدای رای گشتی تا ئێستاشی لەگەڵدابێت، بەرگەی

ئەو گۆڕانکارییە جەوهەری و رادیکاڵییانە ناگرێت چونکە دووچاری زەمین لەرزەو شەپۆلێکی دژە ئامانج دەبێت کە بە ئاڕاستەیەکی دیکەیدا دەبات واتا بە پێچەوانەی ئەو پرەنسیب و مەرامانەی کە شۆڕش و سەرکردایەتییە مێژووییەکەی بەدیهێناون بە نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد، بۆیە لێرەدا وا پێویستە بەو سەرکردایەتییە دەکات کە پشت بە جەماوەر ببەستێت و بە هێمنی و لەسەرەخۆ هەنگاو بەرەو بنیادنانی خود و هەموو کایەکانی ژیان هەڵبنێت، نەبادا ئەوەی کە بنیادنراوەو چەسپاوە لەبەین بچێت.

بارودۆخی کوردستان تا ئێستاشی لەگەڵدابێت پێویستی بە کۆکردنەوەی نێوان سەنتراڵیەتی سیستەمی سەرۆکایەتی و ناسەنتراڵییەتی سیستەمی پەرلەمانی هەیە، چونکە زۆربەی دەسەڵاتەکان دەدرێنە حکومەت و سەرۆکایەتییەکەی، بەڵام پلەبەپلە و هەنگاو بە هەنگاو، واتا بە رێگەی رێوشوێن و رێکاری گواستنەوە، لەبەر ئەوەی لەبەرچاوگرتنی رای گشتی رۆڵی گرنگی دەبێت لە پیادەکردنی یاساکان و گەیشتن بە ئامانجەکان، ئەزموونی پراکتیکیی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە هەروەکو دانایان بۆی دەچن زۆر جار پرەنسیپە دیموکراتییەکان بە هەڵە پیادە دەکرێن کە لەگەڵ خودی دیموکراتییەت یەکانگیر نابێت، بۆیە لەو روانگەوە دەکرێ بگوترێت کە بارودۆخەکە هێشتا پێویستی بە ئەزموونی زیاترو پەندو عیبرەت وەرگرتنە بە مەبەستی چەسپاندنی سەقامگیری و گواستنەوە بە شێوەیەك کە نەبێتە دیاردەیەکی کتوپڕ هەروەك لە زۆر وڵاتانی ناوچەکە روویداو هێزگەلێکی تایفیی رادیکاڵی دەستیان بەسەر کورسی دەسەڵاتدا گرت و ئامانجەکانی شۆڕش و قوربانیدانی شۆڕشگێڕانیان دزی و هیواو خواستەکانی بەهاری گەلانیان بەبا دا.

هەروەکو لای هەموو لایەکمان روون و ئاشکرایە کە ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان لە چاوەڕوانیی پرۆسەگەلێکی هەڵبژاردندایە، هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان یان سەرۆکایەتیی هەرێم یاخود پەرلەمانی کوردستان، بە هەرحاڵ هەنگاوی دروست و راست لە ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنانە ئەوەیە کە وا پێویست دەکات پارێزگاریی لە ئەولەویەتی تایبەتمەندیی کوردستانیی بکرێت، هەروەها بە وردیی بڕوانینە ئایندە و دەرئەنجامەکانیان کە لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندیی گشتیی هەموو لایەکدا بکەوێتەوە، بە شێوەیەك بوار لەبەردەم رۆڵەکانی ئەم هەرێمەدا بڕەخسێنرێت کە ئامانج و خواست و مافەکانیان بێنەدی و زیاتر هەنگاو بەرەو پێشکەوتن و گەشەسەندن هەڵێنن.

ئەگەر بێین وردتر و بە شێوەیەکی زانستیتر باس لە گۆڕینی ئەو سیستەمە حوکمەی ئێستای کوردستان بکەین، بە بەراوردکردن و پێوانی ئەم سیستەمە بە دەستووری فیدراڵ رەنگە ئەگەر زۆر بە وردی رەفتار نەکەین بکەوینە هەڵەو خێراییەك کە لە کۆتاییدا زیان بە هەرێمی کوردستان بگەیەنێت، بۆیە رێگەی دروست و رەوا ئەوەیە کە لە سەرەتاو لە کۆتاییشدا بە پێی پێویستییەکانی هەرێم قسە لەم گۆڕینە بکەین، دیارە ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلان و دەوڵەتانی دیکە مەیسەر دەبێت، چونکە ئەگەر سەرنج لە سیستەمی وڵاتانی دیکە بدەین بۆمان روون دەبێتەوە کە فرەیی بە زۆربەی ئەو دەوڵەتانە هەیە و ئەوانیش لەم بووارەدا ئەزموونێکی سەرکەوتوویان بۆ خۆیان تۆمارکردووە، دواتر پێویستە ئاگاداری خاڵێکی زۆر گرنگ بین کە پەیوەستە بە چارەنووسی گەلەوە، ئەویش ئەوەیە کە پەلەکردن لە گۆڕینی سیستەمی بەڕێوەبردن و سیاسیی وڵات لە شێوەیەك بۆ شێوەیەکی دیکە و بەبێ پێکهێنانی دەزگاکان و چەسپاندن و لەبەرچاوگرتنی رای گشتیی بە شێوەیەك کە لەم سیستەمە نوێیەدا رەنگ بداتەوە رەنگە مەترسییەکی گەورە بێنێتەئاراوە کە دواتر نەتوانرێت زۆر بە ئاسانی چارەسەر بکرێت.

بۆیە ئەو سیستەمە سەرۆکایەتییەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێت بەم شێوەیە گرفتێکی زۆر ئاڵۆز نییە، ئەو سیستەمەی ئێستا هەموو تواناو دەسەڵاتەکانی لە خزمەتی بەرژەوەندییە گشتیی و باڵاکانی خەڵکی ئەم هەرێمە خستۆتەگەڕ، بۆیە ناکرێ بە دیدو تێڕوانینێکی تەسکی حزبایەتییەوە و یان لە ئامانجەکانی کورتبینییەوە سەیری ئەم ئەزموونە بکرێت، رەنگە کەسانێك وا تێبگەن کە ستانداردی گۆڕین و ئامانجەکەی خواست و داواکارییەکانیان بەدی دێنێت، بەڵام بۆ دووپاتکردنەوەی ئەم قسەیە پێویستە بگوترێت کە مەرج نییە گۆڕینی سیستەم ئەم ئامانجە بپێکێت و ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەوەیە کە دەبێ پرۆسەی دیموکراتییەت هەمیشە لەبەرژەوەندیی سەرتاپای گەلدا بێت بە هەموو توێژو پێکهاتەکانییەوە نەك بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵێك یان تاکە لایەنێك کەواتە گۆڕین هەموو واتاو ئامانج و رێبازەکانی لەدەست دەدات، نابێ ئەوەش لەبیربکەین کە سیستەمی سەرۆکایەتی یەکێکە لە سیستەمە دیموکراتییەکان هەروەك لە زۆربەی گەورە وڵاتاندا ناسراوە، بۆیە بیرکردنەوە لە شێوازی ئەو سیستەمە بەر لە هەموو شتێك و دوور لە هەست و سۆزو مەرامی تایبەتی پێویستی بەرەچاوکردنی هەلومەرجی بابەتیانەو بەرژەوەندیی خودی هەرێم هەیە، نەك خستنەڕوو و بانگەشەکردن بۆ پڕوپاگەندەی

**ئەو سیتەمە سەرۆکایەتییەی لە کوردستان پەیڕەو دەکرێت گرفتێکی زۆر ئاڵۆز نییە و هەموو تواناو دەسەڵاتەکانی لە خزمەتی بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکدا خستۆتەگەڕ، بۆیە ناکرێ بە دیدو تێڕوانینێکی تەسکی حزبایەتییەوە سەیری ئەم ئەزموونە بکرێت**

راکێشـــانی هەستی خەڵك و شـــێواندنی رەوشەکە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە تاکەکەسییانەی کە لەپشت ئەم گۆڕینەدان.

لە رەهەندێکی دیکەی ئەم بابەتەوە دەکرێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو ئەگەرێك بـــۆ درێژکردنـــەوە لەلایەك بۆ ســـەرۆکایەتی یان بۆ پەرلەمان و بابەتەکانی دیکە لەئارادایە و ئەم پرسەش بە شێوەیەك والا دەکرێت کە گشت واقیع و داخوازییەکان بخاتەبەرچاو، ناشـــکرێ بە دیوێکی دیکەدا بەراورد بکرێت لە نێـــوان ئەوەی لە بەغـــدا داوادەکرێت و لە نێوان ئەوەی کە پەیوەســـتە بە تایبەتمەندیی هەرێمی کوردســـتان و هەلومەرجی خـــودی و بابەتیانە، بۆیە پێویستە زۆر بە دانایی و وریاییەوە هەڵسوکەوت بکەین تاکو ئەو قەیران و گۆڕانکارییە خێرایانەی ئێســـتا لە ناوچەکـــە دەگوزەرێت کاریگەریی نەرێنی بۆ ســـەر پرۆســـەی دیموکراتی و ئازادیی هەرێمی کوردستان نەبێـــت، ئـــەو هەلومەرجـــەی ئەمڕۆ لـــە دەوروبەر لەئارادایە رێگە بەوەنادات کە هەروا بە ســـادەیی قسە لەســـەر گۆڕانکاریی سەرتاســـەری دامەزراوەیی یان گۆڕانکاریی گشتی بکەین لە ئیدارەو سەرکردایەتی بۆیە جـــارێ وەك هەنگاوی یەکـــەم بارودۆخەکە وا دەخوازێت کە بگەینە ئاستێك سەرجەم یاساکانمان تەواو و چڕوپـــڕ کردبێت و ژێرخانی ئابـــووری و ئیداریمان بووژاندبێتـــەوە، دیار ئەمەش بـــە ئاوێتەکردنی رای گشتی لەگەڵ ســـەرجەم بڕیارو یاساکان دێتە ئاراوە، لە هەمان کاتیشـــدا چاو بخشێنرێتەوە بە چاکسازیی ئابـــووری و کۆمەڵایەتـــی و بەهێزکردنـــی ئەدای رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

لەو مینبەرەوە داوا لە سەرجەم هێزە سیاسییەکان دەکەم بۆچوون و راوســـەرنجەکانیان بە شارەزاو پسپۆرەکانی بواری یاســـاو زانســـتە سیاســـییەکان و کۆمەڵناس و ئابووریناســـان بســـپێرن تاکـــو بڕیاریـــان لێبدەن تا بەعەقڵییەتێکی شارەزاو زانســـتییانە لێیان بکۆڵنەوە نەك لە روانگـــەی حزبییەوە ئاماژەیـــان بۆ بکرێت. لـــە کۆتاییدا ئەوەندە ماوە کە بڵێین ئەو شـــارەزایی و ئەزموونەی سەرکردایەتیی کوردستانی هەیەتی بەسە بـــۆ ئەوەی بتوانێت ئەلتەرناتیڤ بۆ پرس و بابەتەکان دەست نیشانبکات و کاروانی پێشکەوتن و پەرەپێدانی ئەم هەرێمە بەرەو گەیشـــتن بە ئامانج و بەرژەوەندییە باڵاکانی میللەت تاوبدات.

**سیستەمی سەرۆکایەتی یەکێکە لە سیستەمە دیموکراتییەکان، بۆیە بیرکردنەوە لە شێوازی ئەو سیستەمە دوور لە هەست و سۆز و مەرامی تایبەتیی پێویستی بەرەچاوکردنی هەلومەرجی بابەتیانەو بەرژەوەندیی خودی هەرێم هەیە**

*** سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە هۆڵەندا و توێژەری ئەکادیمی لە زانستە سیاسییەکاندا**

# بەرەو کۆنگرەی نەتەوەیی کورد



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

ئەم قۆناغە بۆ ئێمەی کوردستانیان، قۆناغی پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەییمانە وەك ئەرکێکی لەپێشینە، بۆیە پێویستە لایەنە سیاسییەکان بایەخ بەچەمك و کەلتووری تەواوکاریی بدەن و، پێویستیشە هەموولا پێکەوە وەك یەك تیم کار بکەن، چونکە تیمەکانی سەرکەوتن بەچیاکانیشدا زۆر جار خۆیان پێکەوە دەبەستنەوەو پێکەوە هەنگاو دەنێن، یان هەموویان سەردەکەون، یان خوا نەخواستە بەکەوتنی هەر یەکێکیان هەموویان دەکەون.

هەروەها دابەشکردنی رۆڵ و ئەرکەکانیش بۆ هەر لایەکیان زۆر گرنگە، کە لەمەشدا دەکرێت میکانیزمی جیاواز لەخزمەتی جێبەجێکردنی یەك ئامانجدا بێت و، ئاگاداربوونی بەردەوامیش لە مەسەلەی متمانە گرنگە، چونکە وەك ئەزموونەکان دەریانخستووە کاڵبوونەوەی متمانە سەرەتای لاوازبوونی هەر کارێکی دەستەجەمعیی و هاوپەیمانێتییەکی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییە.

پێش ماوەیەك لاوانمان سێیەمین کۆنگرەی نەتەوەیی خۆیان بەست، پێشتریش ئافرەتان دووەمین کۆنگرەی نەتەوەیی تایبەت بەخۆیان گرێدا، ئێستاش وەك بەڕێز جەنابی سەرۆك ئاماژەی بۆ کرد کاتی سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردە لەسەر ئاستی سیاسیی بۆ لایەنەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان، بەتایبەت لەلایەکەوە ناوچەکە روو لە گۆڕانکارییەکی بەرچاوە لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتیداو، بۆ ئێمەی کوردیش کە سێ سالی دیکە دەگەینە (٢٠١٦) و، سەد ساڵی تەواو بەسەر رێککەوتننامەی (سایکس پیکۆ)دا تێپەڕ دەبێت، ئەو رێککەوتننامەیەی کە تەواوی جوگرافیای ئەم ناوچەیەی دابەشکردو، (سیڤەر) شتێکی کەمیی پێ رەوا بینینی و، (لۆزان)یش ئەو کەمەی لێی وەرگرتەوەو، ئیدی گەلی کوردستان لە دەوڵەتی خۆی بێبەش کرا، بۆ ئێمە گرنگە جووڵەیەکی سیاسیی بەرچاو و نەخشە بۆکێشراو ئەنجام بدەین.

لێرەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی دەبێت بزانێت کە (سایکس پیکۆ)و (لۆزان) چ کارەساتێکیان بەسەر ئەم کوردەدا هێناوە؟ دەبێت بزانن کە پێکەوە لکانی گەلان و تێکەڵکردنی خاك و نیشتمانەکان، هەنگاوێکی کارەسات هێنە، بۆیە ئەوانیش بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی ئێمەو، سڕینەوەی گوناهەکانی خۆیان، هەر ئەوەیان لە پێشدایە کە مافی پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەو، مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ ئێمەش بەڕەوا بزانن.

ئەمڕۆش لەم هەل ومەرجە نێودەوڵەتییەی ناوچەکەی گرتۆتەوە، لەسایەی بەرەو پێشچوونیی پرۆسەی ئاشتیی لە باکووری کوردستان و، بەرەوپێشچوونی دۆزی کورد لە رۆژئاوای کوردستاندا، واچاکە لە هاوینی ئەمساڵدا (کۆنگرەی نەتەوەی کورد) بە ئەنجام بگەیەنین بەئامادەبوونی پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان و، کەسایەتیی و رێکخراوە نەتەوەییەکانی تاراوگەو، دۆستانی کورد و، نوێنەرانی ئەو دەوڵەتانەی کە لەرابووردوو ئێستاو ئاییندەدا جێ دەستیان هەبووەو دەبێت لەمەڕ چارەنووسی سیاسییانەی دۆزی رەوای کورد.

لەو کۆنگرەیەدا دەکرێت ئەم هەنگاوانە بنرێن و، ئەم خاڵانەش بخرێنە بەر باس و توێژینەوە:

یەکەم: پیشاندان و خستنەڕووی هەموو ئەو کارەسات و نەهامەتییانەی تووشی کورد بوون لە ماوەی سەد ساڵی رابووردوودا وەك دەرئەنجامێکی رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی دژ بەبەرژەوەندی گەلی کوردەوە.

دووەم: خستنەڕووی زۆر لەو کتێب و بڵاوکراوە نێودەوڵەتیی و نێوخۆییانەی کە لەبارەی مەزڵوومییەتی گەلی کوردەوە نووسراون و، دان بەمافی رەوای کورد دا دەنێن بۆ جاڕدانی مافی بڕیاردانی چارەنووسی سیاسیی خۆی.

سێیەم: شیکردنەوەی وردی مافی سەربەخۆیی کوردستان لەڕوانگەی یاساناسانی شارەزاو، لە گۆشە نیگای یاسای نێودەوڵەتییەوە.

چوارەم: ورووژاندنی رای گشتی بەریتانیی و فەرەنسیی بەتایبەتیی لەبارەی زیانەکانی رێککەوتنامەی سایکس پیکۆ لەسەر کوردو کوردستان.

پێنجەم: بانگهێشتکردنی نوێنەرانی وڵاتانی بەریتانیاو فەرەنسا و ئەمریکاو رووسیاو چین و، وڵاتانی دۆستی کورد.


شەشەم: بانگهێشتکردنی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان.

حەوتەم: دارشتنی ستراتیژییەتی ئێستاو داهاتووی خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد.

بۆ هەموو ئەمانەو هی دیکەش واچاکە لیژنەی باڵای کۆنگرە پێك بێت و، دەستبەکاربێت بۆ تێپەڕاندنی کۆسپە هونەریی و سیاسییەکان و، ئەنجامدانی هەرچی زووتری کۆنگرەی نەتەوەیی کورد.

**تیمەکانی سەرکەوتن بەچیاکانیشدا زۆر جار خۆیان پێکەوە دەبەستنەوەو پێکەوە هەنگاو دەنێن، یان هەموویان سەردەکەون، یان خوا نەخواستە بەکەوتنی هەر یەکێکیان هەموویان دەکەون**

asidiq1962@yahoo.com



# ئەگەر حزبەکانی حکومڕان و ئۆپۆزسیۆن وەک شەریک سەیری خۆیان نەکەن هاوسەنگی سیستمە دیموکراتیەکە تێکدەچێت



((دەبێت حزبەکانی حکومڕان و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی دیموکراتی وەک شەریک سەیری خۆیان بکەن، ئۆپۆزسیۆن کاریگەری بونیادنەرانە دەکات ئەگەر پشتگیری ئەو بیروبۆچوونانە بکات کە رەخنە لە حکومڕانی ئێستا دەگرن، بەڵام دەبێت ئۆپۆزسیۆن بەڵگەکانی روون بکاتەوە و بیسەلمێنێت ئەو هۆکارانە چین بارودۆخی ئێستا گۆڕانکاری بەسەردا بێت و شێوازی گۆڕانکارییەکەش چۆن دەبێت)).

**دینیس مارشاڵ**
**سکرتێری گشتی پەرلەمانی کۆمۆنوێڵس**

بیرمەندی ئەمریکی سایمۆر مارتن لیبست لە وتارێکیدا کە بەناونیشانی (ناتوانین دەستەبەرداری حزبە سیاسیەکان بین) لەساڵی ١٩٩٨ لە گۆڤاری (جۆرناڵ ئۆف دیموکراتی) بڵاوی کردۆتەوە، جەخت لەسەر پێداویستی بوونی حزبی سیاسیی بۆ بونیادی پرۆسەی دیموکراتی دەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات حزبی سیاسی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیەکان رێکدەخات و نوێنەرایەتیان دەکات، هەروەها بنەمایەك بۆ هاوبەشی سیاسیی دەخوڵقێنێت، ئەمەش زۆر لە مەیدانێکی مەشق و راهێنان دەچێت بۆ سەرکردە سیاسیەکان کە سەرەنجام لە حکومەتدا پۆستێکی باڵا وەردەگرن، ئەمە بێجگە لەوەی ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکان و هەوڵدان بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەی دامەزراوەکانی حکومەت بەڕێوەبەرن گرنگیەکی دیکەی حزبە سیاسیەکانە. ئەوەی سایمۆر مارتن لیبیست جەختی لەسەر دەکاتەوە گرنگی حزبە بۆ رێکخستن و نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵام بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بە تەنیا بەمانای بەرژەوەندی ئەو کەسانە نایەت کە تەنیا لایەنگیری یان دەنگیان بە حزبێکی دیاریکراو داوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبێت بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە بن، راستە ئەم بەرژەوەندیانە بەپێی جیاوازی تێڕوانین و بۆچوونی حزبە سیاسیەکان لە روانگەی جیاوازەوە سەیر دەکرێت و دەردەبڕێن، بەڵام سەرەنجام لەبەر ئەوەی ئامانجی حزبەکانی حکومڕان و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن پەرەپێدانی پرۆسەی دیموکراتیە، ئەوا ئامانجەکە ناچاریان دەکات پێکەوە شەریك بن و پێکەوە پرۆسەکە پەرەپێبدەن، راشکاوانەتر نە حزبی حکومڕان بۆچوونەکانی ئۆپۆزسیۆن سەرلەبەر رەتدەکاتەوە نە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیش هەموو بۆچوونەکانی حزبی حکومڕان رەتدەکەنەوە، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پرۆسەی دەنگدان لە سیستمی دیموکراتی بیروبۆچوون و تێڕوانینی رەهای پێش هەموو لایەك رەتکردۆتەوە و بەشێوەیەکی رێژەیی بۆچوون و تێڕوانینی حزبەکانی لە نێوان باش و باشتردا پۆلێن کردووە، ئەم پۆلێنەش لەلایەن ئەو حزبانەی کە ئامانجیانە شەریك بن لە بونیاد و پەرەپێدانی پرۆسەی دیموکراتی بە رێژەوە سەیر دەکرێت و دەبێتە ئەو هێڵە سورەی هیچ حزبێك خۆی بە خاوەنی هەقیقەتی رەها و بۆچوونی رەها نەزانێت، هەر بۆیە ئەگەر حزبە سیاسیەکان رێز لە ئیرادەی گەلی خۆیان بگرن، ئەوا چیتر ناتوانن بیروبۆچوونی خۆیان بە رەها بخەنەروو یان پێ لەسەر ئەوە دابگرن بۆچوونی ئەوان لە ١٠٠٪ راستە و هیچ دیالۆگ و سازشکردنێك قبوڵ ناکەن، ئەم حاڵەتە لەهەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی دروست بێت، ئەوا هاوسەنگی سیستمە دیموکراتیەکە تێکدەچێت و

دەرگا واڵا دەبێت بۆ ئەوەی کەلێنێکی بێ متمانەیی لە نێوان حزب و خەڵک دروست بێت، کە لەناو کۆمەڵگەشدا متمانە بە حزبی سیاسی لاواز بوو، ئەوا ڕێگە خۆش دەبێت بۆ ئەوەی پرانسیپی هاوسەنگی و چاودێری (چێك و بالانس) بوونی نەمێنێت و دامەزراوەکانی دەوڵەت ناتوانن کاری خۆیان بەرێکوپێکی بکەن و لاواز دەردەکەون، لەم حاڵەشدا زەمینە لەبار دەبێت کە سەرکردەی پۆپۆلیستی دەربکەوێت و وەك فریادڕەس خۆی بۆ خەڵك نمایش بکات و دامەزراوەکانی دەوڵەت و هێزی هاوسەنگی و چاودێری و سەروەریی یاسا پشتگوێ بخات.

**حزبی سیاسی**
**لە دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتیدا**

ئەگەر یەکێك لەلایەنە ئەرێنییەکانی ڕووخانی دیواری بەرلین کۆتایی هێنان بوو بێت بە ڕژێمە تۆتالیتارییەکان، ئەوا یەکێك لە لایەنە نەرێنییەکانی دەرەنجامی خراپی جەختکردنەوەی هەوڵە نێودەوڵەتیەکان بووە بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەجۆرێك کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو ڕۆڵە بگێڕن کە حزبە سیاسیەکان بۆ بونیادی دیموکراتی دەیگێڕن، ئەمەش دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو دەیە بەسەر ڕووخانی دیواری بەرلین ئەو ئاکامە نەرێنیە دەرکەوتووە کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ ئەوەی تا دوا ڕادە گرنگن بۆ بەرەوپێشەوەبردنی سیستمی دیموکراتی، بەڵام جێگەی حزبی سیاسییان پێناگیرێتەوە، سەبارەت بەم لایەنە ئیڤان دوهرتی سەرۆکی پرۆگرامەکانی پارتە سیاسیەکان لە ئامۆژگای دیموکراتی نیشتمانی (NDI) و ئەمینداری گشتی پێشووی حزبی (سەلتین)ی ئیرلەندی، لە توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی (تێکدانی هاوسەنگی لە دیموکراتیدا) ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر وەك ماکس ڤیبەر ئاماژەی پێکردووە حزبی سیاسی کۆڕپەیەکی دیموکراتی بێت، ئەوا هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بایەخدانی زیاد لە پێویست بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە وڵاتانی کۆمۆنیستی پێش ڕووخانی دیواری بەرلین، کۆڕپەیەکی نازدارتری بەرهەم هێناوە کە ئەویش ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیە، ئیڤان دوهرتی لە گرنگی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کەمناکاتەوە، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەم ڕێکخراوانە جێگەی حزبی سیاسیی ناگرنەوە، بۆیە کاتێك هەوڵبدرێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی جێگەی حزبە سیاسیەکان بگرێتەوە، ئەوا هاوسەنگی لە سیستمە دیموکراتیەکە تێکدەچێت، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو هەوڵیدا لەبری بایەخدان بە حزبی دیموکراتی، بایەخی بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەرەو ئەو ئاڕاستەیەمان دەبات، کە ڕاشکاوانە لەسەر ئەو ڕاستیە هەڵوەستە بکەین، بەوەی ڕۆژئاوا هێندەی گرنگی بە ڕووخانی دەوڵەتەکانی بلۆکی سۆشیالیستی دەدا، هێندە گرنگی و بایەخی بە بونیادی دیموکراتی نەداوە، بۆیە پاش ئەوەی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەنێو دەوڵەتانی بلۆکی سۆشیالیستی هەندێك کرانەوە ڕوویدا بۆ ئەوەی ڕێگە بە ڕێکخراو و سەندیکاکان بدرێت بە ئازادی کاربکەن و ئەو دەوڵەتانە بواری ئەوەیان نەدەدا حزبی سیاسیی مۆڵەت وەربگرێت و بە ئاشکرا دژی ئەو ڕژێمە تۆتالیتاریانە بەرنامەی بەدیل بەرهەم بهێنن، ئەوا ئەرکی گۆڕانکاری کەوتە سەرشانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەم حاڵەتەشدا کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چالاك بوون و حزبی دیموکراتی بوونی نەبوو، ئەوی هەبوو حزبە کۆمۆنیستیە تۆتالیتارەکان بوون، بۆیە خەڵك بە شێوەیەکی فراوان ڕووی کردە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لە حزبە سیاسیەکان دوورکەوتنەوە و زەمینەی لەباریش دروست نەبوو بۆ ئەوەی حزبی بەهێزی دیموکراتی دروست بێت و ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، لەمەش خراپتر ئەم دیاردەی متمانە نەبوون بە حزب و دوورکەوتنەوە لە حزب لە پرۆسەی دیموکراتی وەك پەتایەك هەموو ئەو وڵاتانەی گرتەوە کە لەچوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییەی کە پێی دەگوترێت (شەپۆلی سێهەمی دیموکراتی) کەوتنە قۆناخی پرۆسەی هەڵبژاردن و دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتی، بۆیە ئەگەر دوای زیاتر لە دوو دەیە سەیری ئەو وڵاتانە بکەین، دەبینین کێشەی حزبی سیاسی کێشەی سەرەکیە لە شکستی پرۆسەی دیموکراتیدا، ئەم حاڵەتەش لە ڕوسیاوە تا فەنزویلا و لە پیرۆوە تا پاکستان بوونی هەیە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بە خۆیەوە گرفتار کردووە، هەر ئەمە وایکرد کە یەڵسنی سەرۆکی ڕوسیا بڕوای بە حزبی سیاسیی نەبێت و ئەندامی هیچ حزبێکی سیاسیی نەبێت، هەروەها فلادیمێر پۆتینی سەرۆکی ئێستای ڕوسیاش بە فەرمی ئەندامی هیچ حزبێکی سیاسیی نییە، بەڵام ئەو حزبەشی کە لایەنگیری پۆتین دەکات، تەنیا لە ٪٢٥ی کورسیەکانی پەرلەمانی ڕوسیای بەدەست هێناوە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی لەم جوگرافیا فراوانەی شەپۆلی سێهەمی دیموکراتی دەیگرێتەوە، ئەزموونە سەرکەتووەکانی دیموکراتی زۆر کەم بن، ئەمەش دەرهاویشتەی ئەوەیە کە لەو وڵاتانە دوو جۆر حزب بەرهەم هاتوون، یان ئەوەتا حزبی بەهێزن و سەرکردەیەکی پۆپۆلیستیان هەیە، یان ئەوەیە حزبی دیموکراتی لاوازن، ئەو حاڵەتە دروست نەبووە کە حزبی دیموکراتی بەهێز بوونی هەبێت. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر هەرێمی کوردستان لەم سیاقەدا مامەڵەی لەگەڵ

**ئەگەر حزبە سیاسیەکان ڕێز لە ئیرادەی گەلی خۆیان بگرن، ئەوا چیتر ناتوانن بیروبۆچوونی خۆیان بەرەها بخەنەڕوو یان پێ لەسەر ئەوە دابگرن بۆچوونی ئەوان لە ٪١٠٠ ڕاستە و هیچ دیالۆگ و سازشکردنێك قبوڵ ناکەن**

**ئەوانەی هەوڵی نەهێشتنی متمانەی هاووڵاتیان بە حزب دەدەن، لەبری ئەوەی فاکتەرێك بن بۆ ڕێکخستن و نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵك، خۆیان دەبنە فاکتەرێك بۆ پەرش و بڵاوکردنەوەی بەرژەوەندییە گشتیەکان و نەتوانینی کۆکردنەوەیان و نوێنەرایەتی کردنیان**

**لەبەر ئەوەی پارتی و یەکێتی بە تایبەتیش هەردوو سەرۆک بارزانی و تاڵەبانی بڕوایان بە بونیادی پرۆسەی دیموکراتی هەبوو، دڵنیابوون لەوەی کە هیچ هێزیک ناتوانێت پەتای بێ متمانەبوون بە حزب لە کوردستان دروست بکات، بۆیە بەشێوەیەکی دیموکراتی مامەڵەیان لەگەڵ دەرکەوتنی بزوتنەوەی گۆڕان و بەرێز نەوشیروان مستەفا سەرۆکی حزبی گۆڕان کرد**

بکەین، هەست دەکەین لایەنێکی دیکەی تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان ئەوەبوو، کە پێش راپەڕین بەرەیەکی دروست کردبوو بەناوی بەرەی کوردستانی، ئەم بەرە شۆڕشگێڕە هەم بڕوای بە دیموکراتی هەبوو، هەم دوو حزبی بەهێزی وەك (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ی تێدابوو کە بڕوایان بە دیموکراتی، سەرۆکایەتی بەرەی کوردستانی کە هەردوو سەرۆك بارزانی و تاڵەبانی نوێنەرایەتیان دەکرد بڕوایان بەدیموکراتی هەبوو، بۆیە پێش هەر کەسێك بەڕێز مسعود بارزانی کە ئەو کات سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو لە ناوەوەی وڵات لە کۆیەوە جاڕی ئەوەیدا، دەبێت دەسەڵات بگەڕێتەوە بۆ گەل و لە کوردستان هەڵبژاردن بکرێت، ئەم بڕوابوونەی پارتی و یەکێتی بە دیموکراتی وایکرد ئەزموونی دیموکراتی لە کوردستان هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت و بونیاد بنرێت، بەڵام کەم ئەزموونی پارتی و یەکێتی لە چۆنیەتی ئیدارەدانی ئەم ئەزموونە گرفتی گەورەی خوڵقاند، بەڵام لەبەر ئەوەی هەردوولا پەرۆش بوون بۆ سەرخستنی دیموکراتی و پاراستنی ئەزموونەکە، وێڕای ئەوەی شەڕی ناوخۆش روویدا و وێڕای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە دوو ئیدارەیی، بەڵام ئەزموونەکە پارێزراوە و پاش ئەو هەموو هەوراز و نشێوییە، پارتی و یەکێتی بۆ تێپەڕاندنی قۆناخی راگواستن و کەڵەکەبوونی ئەزموون بۆ چۆنیەتی ئیدارەدانی پرۆسەی دیموکراتی رێککەوتنێکی ستراتیژیان ئیمزا کرد بۆ ئەوەی پێکەوە حکومڕانی بکەن، بەڵام لەم قۆناخەدا کە هەموو گەلی کوردستان بەو چاوە سەیری ئاییندەیان دەکرد کە پرۆسەی حکومڕانی دیموکراتی لە چوارچێوەی رێککەوتنی ستراتیژیی بکەوێتە سەر سکەی خۆیی و ئەو حاڵەتی بێ متمانەیەی شەڕی ناوخۆ و ئاکامەکانی دروستی کردبوو، نەهێڵرێن و خامۆش بکرێنەوە، لەم کاتەدا هەمان ئەو پەتایەی جوگرافیای شەپۆلی سێهەمی دیموکراتی بەدەستیەوە دەناڵێت، لەگەڵ جیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە یەکێتی نیشتمانی، هەمان پەتا روویکردە کوردستان و پرۆسەی بێ متمانەکردنی حزب دەستی پێکرد، کە پاشان خودی بزووتنەوەی گۆڕان وەك حزب خۆی راگەیاند و مۆڵەتی یاسایی لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرت.

## بۆچی هەڵمەتی بێ متمانەکردنی حزب دەستی پێکرد؟

هەوڵدان بۆ نەهێشتنی متمانەی هاووڵاتیان بە حزب لە سیستمی دیموکراتیدا، لەسەرتاوە هەوڵێکە بۆ داخورانی بنەماکانی سیستمە دیموکراتیەکە، ئەمەش لاوازکردنی دامەزراوە شەرعیەکان و بەسووك پیشاندانی لەبەر چاوی خەڵك و یاری کردن بە یاساکانی وڵات دەست پێدەکات، بەو مانایەی سەرتاپای سیستمەکە گەندەڵ و ناشەرعیە و هۆکاری ئەم گەندەڵبوون و ناشەرعیبوونەش ئەو حزبە سیاسیانەن کە لە هەڵبژاردن خەڵك دەنگیان پێداون، بە دیوێکی دیکە ئەوانەی ئەم هەوڵە دەدەن بۆ نەهێشتنی متمانەی هاووڵاتیان بە حزب، لەبری ئەوەی فاکتەرێك بن بۆ رێکخستن و نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵك، خۆیان دەبنە فاکتەرێك بۆ پەرش و بڵاوکردنەوەی بەرژەوەندییە گشتیەکان و نەتوانینی کۆکردنەوەیان و نوێنەرایەتی کردنیان، بە واتایەکی دیکە حزبی سیاسی کە دەبێتە ئامرازێکی بێ گیان، ئەوا ئیدی ئەو هاوسەنگیە لە سیستمە دیموکراتیەکە نامێنێت و سەرکردەیەکی شەعبەوی دەردەکەوێت بۆ ئەوەی خەڵك وەك فریادڕەس سەیری بکات.

سەرەتای ئەم هەوڵە بەداخەوە لە پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردنی ناوخۆیی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەستی پێکرد کە ئەویش پرۆسەی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ناو یەکێتی بوو، کە تیایدا بەڕێز نەوشیروان مستەفا و گروپەکەی نەیانتوانی بەرێگەی هەڵبژاردن لەناو حزبی خۆیاندا هەڵبژاردنەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان یەکلایی بکەنەوە، ئەمەش وایکرد کە بەڕێز نەوشیروان مستەفا دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە یەکێتی رابگەیەنێت و بڕیاربدا کە خەریکی کاری توێژینەوە و مەدەنی بێت و کاری حزبی نەکات، ئەم کارە مەدەنیەش کە بەهاوکاری مام جەلال لە چوارچێوەی کۆمپانیای وشە دەستی پێکرا، ئەرکی سەرەکی بووە ئەوەی کە یەکێتی نیشتمانی هیچ متمانەیەکی لای جەماوەرەکەی نەمێنێ و هەوڵ بۆ ئەوەدرا یەکێتی نیشتمانی بکرێتە حزبێکی بێ متمانە، بەڵام وەك لە پێشەوەش ئاماژەمان پێکرد لەبەر ئەوەی پارتی و یەکێتی بە تایبەتیش هەردوو سەرۆك بارزانی و تاڵەبانی بڕوایان بە بونیادی پرۆسەی دیموکراتی هەبوو، هەروەها قەناعەتێکی کۆنکریتیان بە جەماوەری پارتی و یەکێتی هەبوو لەمەش زیاتر دڵنیابوون لەوەی کە هیچ هێزیك ناتوانێت پەتای بێ متمانەبوون بە حزب لە کوردستان دروست بکات، بۆیە بەشێوەیەکی دیموکراتی مامەڵەیان لەگەڵ دەرکەوتنی بزوتنەوەی گۆڕان و بەرێز نەوشیروان مستەفا سەرۆکی حزبی گۆڕان کرد، لەگەڵ ئەوەی لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی تەمموزی ٢٠٠٩ بزووتنەوەی گۆڕان بۆ کۆکردنەوەی دەنگ هەموو شێوازێکی تاقیکردەوە، بەڵام دوای هەڵبژاردن، جیا لەوەی هەردوو بەڕێزان د.بەرهەم ساڵح و ئازاد بەرواری کە سەرۆکی هەرێم تەکلیفی کردبوون وەك سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی کابینەی شەشەم پێکبهێنن، سەردانی مەکۆی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕانیان کردو داوایان لێکردن کە لە حکومەت بەشدار بن، لەمەش زیاتر

بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سەردانێکدا بۆ دەڤەری سلێمانی و گەرمیان لەگەڵ بەڕێز نەوشیروان مستەفا سەرۆکی بزووتنەوەکە کۆبۆوە، لە دەستپێکی کابینەی حەوتەمیشدا جارێکی دیکە بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی و عیماد ئەحمەد سەرۆک و جێگری راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەکە سەردانی نەوشیروان مستەفایان کرد، هەموو ئەو سەردانانە بەو ئامانجە بوون کە بزووتنەوەی گۆڕانیش وەك شەریکی پرۆسە سیاسیەکە سەیری خۆی بکات، بەڵام بەداخەوە ئەو حاڵەتە دروست نەبوو، هۆکاری سەرەکی دروست نەبوونی ئەم حاڵەتەش ئەوە نەبووە کە پارتی و یەکێتی وەك شەریك سەیری بزووتنەوەی گۆڕانیان نەکردووە، بەڵکو فاکتەری سەرەکی ئەوەبووە کە بزووتنەوەی گۆڕان و بەڕێز نەوشیروان مستەفا قەت نەیویستووە پارتی و یەکێتی وەك شەریك لە پرۆسەی سیاسیی و پەرەپێدانی پرۆسەی دیموکراتی لە کوردستان سەیر بکات، ئەمەش لەو بیروبۆچوونەوە سەرچاوەی گرتووە کە دژ بە بنەما سەرەکیەکانی دیموکراتیە، ئەو بنەمایەش قبوڵنەکردنی ئاکامی هەڵبژاردنە، ئەوجا ئەم هەڵبژاردنە هەڵبژاردنی ناوخۆیی حزب بێت، یان هەڵبژاردنی گشتی وڵات بێت، ئەگەر لە مێژوودا سەیری هەڵوێستەکانی بەڕێز نەوشیروان مستەفا بکەین کە تا ساڵی ٢٠٠٦ جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە و دواتریش سەرۆکی کۆمپانیای وشە و ئێستاش سەرۆکی حزبی گۆڕانە، ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو هەرگیز ئاکامی هەڵبژاردنی نە لەسەر ئاستی ناوخۆیی یەکێتی وەك حزب نە لەسەر ئاستی هەڵبژاردنی گشتی کوردستان قبوڵ نەبووە، مەبەستیش لە قبوڵ نەبوون، قبوڵ نەبوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەبووە وەك حزب، بەڵکو شەخسی خۆی ئاکامێکی هەڵبژاردنی قبوڵ نییە کە خۆی لایەنی دۆڕاوی پرۆسەکە بێت، هەر بۆنموونە لە ساڵی ١٩٩٢ بەڕێز نەوشیروان مستەفا سەرۆکی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، دوای ئەوەی یەکێتی زۆرینەی نەهێنا و پاشان بوو بە فیفتی فیفتی لەگەڵ پارتی، بەڕێز نەوشیروان مستەفا ئامادەنەبوو بێتە پەرلەمانی کوردستانەوە و ماوەیەکیش لە یەکێتی دوور کەوتەوە، لە هەڵبژاردنەکانی ناوخۆیی یەکێتی نیشتمانیدا ئاکامی هەڵبژاردنی پێ قبوڵ نەکراو یەکێتی بەتەواوی بەجێهێشت و حزبێکی تازەی دامەزراند، لە ساڵی ٢٠٠٩ کە دیسان سەرۆکی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بووە، دیسان وەك شەخس ئاکامەکەی قبوڵ نەبوو و ئامادەنەبوو ببێتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ئەمانەش مانای ئەوەیە کە بەڕێز نەوشیروان مستەفا بیرکردنەوە و بیروبۆچوونەکانی خۆی بە رەها و هەقیقەت دەزانێت و کاتێك ئەم حاڵەتە لە پرۆسەی دەنگدانی هاووڵاتیان ئەو ئاکامە بەدەست ناهێنێت کە خۆی بیری لێکردۆتەوە، ئەوا نەك هەر ئامادە نابێت ئەو حاڵەتە قبوڵ بکات، بەڵکو ئامادە نابێت نوێنەرایەتی ئەو کەسانەش بکات کە دەنگیان پێداوە، ئەم حاڵەتە کە لەمێژووی فیکردا بە بیرکردنەوەی ئەقڵی موجەڕەد پێناسە کراوە، حاڵەتێکە رووبەڕووی فریدریکی گەورەی سەرۆکی ئەڵمانیاش لەسەردەمی پێش شۆڕشی فەرەنسا بۆتەوە، ئەویش کاتێك بە موجەڕەدی بیری دەکردەوە، لەکاتێکی پراکتیزەکردنی ئەو بیرکردنەوە موجەڕەدەدا تووشی هەڵە دەبوو، بەڵام جیاوازی نێوان فریدریکی گەورە و بەڕێز نەوشیروان مستەفا ئەوەیە، ئەو هەستی بەو حاڵەتە ناتەندروستە کردبوو، بۆیە ئەمانوئیل کانتی فەیلەسوفی گەورەی رۆشنگەری راسپارد ئەو کێشەیەی بۆ چارەسەر بکات، دواتریش وەك دەرکەوت کانت کتێبی (رەخنەی ئەقڵی موجەڕەدی) بەرهەمهێنا کە سەرلەنوێ مەعریفەی پێناسە کردەوە و دواتریش کتێبەکانی (رەخنەی ئەقڵی پراکتیکی و بونیادی میتافیزیقیای ئاکار و رەخنەی مەلەکەی حوکم)ی بەدوا داهات، کە ئەمانەش بوونە هەوێنی (پرۆژەی ئاشتی هەمیشەیی) کە هەر ئەم پرۆژەیە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم بووە هەوێنی ١٤ خاڵەکەی وۆردو ویلسن و دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان و لەسەر ئەمەش وۆرد و یلسن کە ئەوکات سەرۆکی ئەمریکا بوو خەڵاتی نۆبلی بۆ ئاشتی پێ بەخشرا.

نکۆڵی کردن لە راستکردنەوەی بیرکردنەوەی موجەڕەد وەهمێك لای ئەو جۆرە سەرکردانە دروست دەکات کە هەموو وڵات پشتگیری بیروبۆچوونەکانی ئەو دەکەن و لەپشتی ئەوەوە دەڕۆن، بەڵام لە باری واقیعدا مێژوو پێمان دەڵێت ئەم جۆرە سەرکردانە، بێجگە لە سەرکردەیەکی لۆکاڵ کە لەسەر ئاستی ناوچەیەکی دیاریکراو دەناسرێت و خەڵك دەنگی پێدەدات، لەدەرەوەی ئەو بازنەیە خەڵك ئامادە نابێت دەنگی پێ بدات، ئەگەر لەمەشدا سەیری نفوزی نەوشیروان مستەفا بکەین وەك سەرکردەی بزووتنەوەی گۆڕان، دەبینین دەنگەکانی تەنیا لە سنوری ناوشاری سلێمانی کۆبۆتەوە، کە دەچێتە دەرەوەی بازنەی سلێمانی وردە وردە دەنگەکانی کەم دەبێتەوە و دەبێتەوە حزبێکی بچکۆلە، هەر بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان بەلیستی سەربەخۆ دابەزی بەو نیازەی لە کەرکوك دەنگ بێنێت، بەڵام لە کەرکوك تەنیا یەك کورسی نەهێنا، ئەمەش مانای ئەوەیە بزووتنەوەی گۆڕان هەوڵیدا خەڵك متمانەی بە پارتی و یەکێتی نەمێنێت، ئەوا لە ئێستا وەك دەیبینین خەڵك متمانەی بە بزووتنەوەی گۆڕان نامێنێت و هەڵبژاردنەکانی داهاتووش

**بزووتنەوەی گۆڕان و بەڕێز نەوشیروان مستەفا قەت نەیویستووە پارتی و یەکێتی وەک شەریک لە پرۆسەی سیاسیی و پەرەپێدانی پرۆسەی دیموکراتی لە کوردستان سەیر بکات، ئەمەش لەو بیروبۆچوونەوە سەرچاوەی گرتووە کە دژ بە بنەما سەرەکیەکانی دیموکراتییە، ئەو بنەمایەش قبوڵنەکردنی ئاکامی هەڵبژاردنە**



**ئەگەر لە مێژوودا سەیری هەڵوێستەکانی بەڕێز نەوشیروان مستەفا بکەین کە تا ساڵی ٢٠٠٦ جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە و دواتریش سەرۆکی کۆمپانیای وشە و ئێستاش سەرۆکی حزبی گۆڕانە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو هەرگیز ئاکامێکی هەڵبژاردنی قبوڵ نییە کە خۆی لایەنی دۆڕاوی پرۆسەکە بێت**

ڕاشکاوانەتر وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە، بەوەی ئایا کام حزب متمانەی جەماوەریی لەدەستداوە.

**وەرچەرخان لە ڕەهاگەراییەوە بۆ ڕێژەیی بوون ئەقڵیەتی سیاسیی دیموکراتیانە دروست دەکات**

جوانی سیستمی دیموکراتی ئەوەیە، کۆمەڵگەی کراوە بەرهەم دێنێت، جوانی کۆمەڵگەی کراوەش ئەوەیە کە هەقیقەتی ڕەها لە سیاسەتدا بوونی نییە و هیچ کەسێك لە سیاسەتدا خاوەنی هەقیقەتی ڕەها نییە، بۆ ئەوەی ئەم واقیعەش لەگەڵ پیرۆزییە ئایینیەکاندا هاودژی دروست نەکات، ئەوا هەنگاوی یەکەمی کۆمەڵگەی کراوە بە جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت دەست پێدەکات، جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەتیش بەو مانایە نییە کە کۆمەڵگەی کراوە ئایین ڕەتدەکاتەوە، بەپێچەوانەوە لە کۆمەڵگەی کراوەدا هاوسەنگی و پیرۆزی بۆ ئایینەکان دەپارێزرێت، هەموو ئایینێك بە هاوتای یەك بە پیرۆزی سەیر دەکرێت و نابێت بکەوێتە ناو کایەی سیاسییەوە، ئەمەش بەو مانایە نییە سیاسەتمەدارێکی کریستیان لە ئەوروپا بۆی نییە بچێتە کەنیسە، یان سیاسەتمەدارێکی ڕۆژهەڵاتی بۆی نییە بچێتە مزگەوت، بەڵکو بەو مانایەیە ئەو سیاسەتمەدارە کریستیان بێت یان موسڵمان وەك بەندەیەکی خوا سەردانی کەنیسە و مزگەوت دەکات، نەك وەك سەرکردەیەك ئایین بکات بە سیاسەت، لەلایەکی دیکە جوانیەکی دیکەی کۆمەڵگەی کراوە ئەوەیە ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر بنەمای (هەوڵ و هەڵەکردن و هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان) بونیادەنرێت و، ئەم بنەمایەش کە هەوڵ گرێدەداتەوە بە هەڵە کردنەوە، مانای ئەوەنییە هەوڵەکان هەڵە بەرهەم دەهێنن، بەڵکو بەو مانایە پێشکەوتنەکان پێداویستی دیکە بەرهەم دەهێنن، ئەو پێداویستیانەش پێویستیان بە چارەسەر هەیە، هەر بۆ نموونە سنوردارکردنی ژمارەی دانیشتوان پێویستی بە بەرهەمهێنانی (حەبی ڕێگرتن لە منداڵبوون هەیە) بەڵام ئەم حەبە دوای چەند ساڵێك ڕێژەی گەنج کەمدەکاتەوە



و ریژەی بە ساڵاچوان زیاد دەكات، بۆیە پێداویستی گەنج، كەموكورتیەكە پێشكەوتنی كۆمەڵگە بەرهەمی هێناوە و دەبێت ئەو كەموكورتیەش راستبكرێتەوە، ئەمە بۆ پێشكەوتنی تەكنەلۆژیاش بە هەمان شێوەیە كە زۆر جار ئەم پێشكەوتنەی زانست، وەك ئەو پێشكەوتنە زانستیەی لە كۆپی مرۆڤدا پێی گەیشتوون، ئەوا وەك هەموو دەیبینین كێشەیەكی گەورەی خوڵقاندووە بە ئاستێك كە وەك فۆكۆیاما دەڵێت ئەگەر چارەسەر نەكرێت سەرتاپای ئازادی مرۆڤایەتی دەخاتە مەترسیەوە، ئەگەر لەم روانگەیەوە هەرێمی كوردستان بە دەسپێكی هەنگاو هەڵگرتن بۆ كۆمەڵگەی كراوە پێناسە بكەین، ئەوا زۆر بەراشكاوی هەست بە دیاردەیەك دەكەین كە كەموكورتی و پێداویستیەكانی كۆمەڵگەی ئێمەش بەرهەمی ئەو پرۆسەی ئاوەدانكردنەوە و پێشكەوتنەیە كە هەرێمەكە بە خۆیەوە دەبینێت، لەوانەیە هەڵە و كەموكوڕیش لە ئەدای پرۆسەی بونیادنانەوە هەبێت، بەڵام ئەو هەڵــە و كەموكورتیانەش بەرهەمی كەم ئەزموونین و لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی پرۆسەكە زیاتر ئەزموون و شارەزایی پەیدا دەكەن، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە پێداویستی و كەموكورتی كۆتاییان پێدێت، بێگومان هەڵەو كەموكورتی تەنیا لە ئەقڵی ئەو لایەنانە كۆتاییان پێ دێت كە كۆمەڵگە دابەشی رەش و سپی دەكەن و بە شێوەیەكی موجەرەد دوور لە پراكتیك بیردەكەنەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم بۆچوونە بەرگریكردن نییە لە گەندەڵی یان شاردنەوەی كەموكورتیەكان؟ ئایا جۆرە بەرگریكردنێك نییە لەو حزبانەی ئێستا حكومڕانن بە تایبەتی پارتی و یەكێتی؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین هەموو حزبەكانی ئۆپۆزسیۆن (كۆمەڵ و یەكگرتوو و بزووتنەوەی گۆڕانیش) لەماوەی چەند ساڵی رابردوو بە شێوەیەك لە شێوەكان هەم بەشێك لە دەسەڵات بەكردەیی هەمیش لە راگەیاندندا ئۆپۆزسیۆن بوون، هەر بۆ نموونە پارێزگاری سلێمانی بە چەند ساڵێك پێش ٢٠٠٩ ئەندامێكی حزبی گۆڕان بووە، هەروەها سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگا و ژمارەیەكی زۆری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەگەڵ دەسپێكی گۆڕان خۆیان بە گۆڕان ناساند، پرسیار ئەوەیە ئایا پارێزگاری هەولێر سەركەوتوو بووە كە ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستانە، یان پارێزگاری پێشووی سلێمانی كە ئەندامی سەركردایەتی گۆڕان بووە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوەیە پارێزگاری هەولێر لەنێو سەرجەم پارێزگارەكانی عێراقدا بڕوانامەی ئەوەی پێدراوە كە حكومڕانی باشی كردووە، پارێزگاری پێشووی سلێمانیش كە ئەندامی سەركردایەتی گۆڕان بووە، پارێزگارێكی سەركەوتوو نەبووە، ئەوجا كاتێك بزووتنەوەی گۆڕان لەڕووی پروپاگەندەوە باسی گۆڕینی سیستەم دەكات، پرسیار ئەوەیە بۆ ئەندامی سەركردایەتیەكەی خۆی كە پارێزگاری سلێمانی بووە و سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگا ئەویش هەر یەكێكە لە كادرە باڵاكانی گۆڕانە، بۆ ئەو سیستمە پێشكەوتووەیان لە سلێمانی جێبەجێ نەكرد، ئەم قسانە تۆمەت بەشینەوە نین، بەڵكو هەڵوەستەكردن لەسەر گۆڕینی ئەقڵیەتی رەهاگەرایی بۆ ئەقڵیەتێك كە بتوانێت بەشێوەیەكی رێژەیی سەیری هەقیقەت لە كۆمەڵگە بكات و هەست بەوە بكات كە لە كۆمەڵگەی كراوەدا رەها گەرایی و هەقیقەتی رەها بوونی نییە و هەوڵدان بۆ چەسپاندی ئەم بیروبۆچوونانە بێجگە لە سیاسەتێكی دیماگۆجیانە بەرهەمێكی دیكەی نابێت.

**نكۆڵی كردن لە راستكردنەوەی بیركردنەوەی موجەڕەد وەهمێک لای ئەو جۆرە سەركردانە دروست دەكات كە هەموو وڵات پشتگیری بیروبۆچوونەكانی ئەو دەكەن و لەپشتی ئەووەوە دەڕۆن، بەڵام لە باری واقیعدا مێژوو پێمان دەڵێت ئەم جۆرە سەركردانە، بێجگە لە سەركردەیەكی لۆكاڵ كە لەسەر ئاستی ناوچەیەكی دیاریكراو دەناسرێت و خەڵك دەنگی پێدەدات، لەدەرەوەی ئەو بازنەیە خەڵك ئامادە نابێت دەنگی پێ بدات**

## فلیپ شمیتەر بۆ گوڵان:

# خراپتـــرین حاڵەت لە دیموکراتی ئەوەیە ئۆپۆزسیۆن حکـــومەت بە دوژمنی



**پرۆفیســۆر فلیپ شمیتەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی دیمنیکۆ دی فیسلۆ لە ئیتالیا و تۆژەری باڵایە لە سەنتەری زانکۆی یەکێتی ئەوروپا لە فلۆرانســا، بۆقسەکردن لەسەر کاریگەری حزبی سیاسیی ســەبارەت بە چۆنیەتی نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکان لە کۆمەڵگە، وتووێژێکمان لەگەڵ ئەنجامدا و لەمبارەوە پرۆفیسۆر شمیتەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

((پارتە سیاسیەکان هۆکاری سەرەکین بۆ چەسپاندنی دیموکراسی، ئەویــش لەڕێی دوو میکانیزمەوە، یەکەمیــان دۆزینەوەی کەناڵێك بۆ وزەی سیاســی خەڵــك لەڕێــی هەڵبژاردنــەکان و ململانێی هەڵبژاردنەکانەوە، کە لایەنێك دەیباتــەوە و حکومەت پێکدەهێنێت. ئەمە یەکێکە لە ڕێگاکان. ڕێگایەکی دیکە بریتییە لەوەی ململانێ لە نێوان پارتە سیاســیەکاندا سازشێك دروست دەکات لەبارەی ڕێسا سەرەکیەکانی گەمەکەوە، ئیتر دەستور بێت، یان ڕێسای دیکە بێت، وەك ڕێســای هەڵبژاردن و هتد. دوو شت کە پێویستت پێی بێت بۆ چەسپاندنی دیموکراسی بریتییە لە بەهێزکردنی رای گشتی، یاخود ئیختیــاری هاووڵاتیان بۆ پارتێکی سیاســی دیاریکراودا، ئەمەش پێویستە ئەو پارتانەش ئەو ڕێسایانە دابڕێژن کە پێویستن بۆ سازشکردن. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا چی وای لە دیموکراسی کردووە ســەرکەوتوو بێت؟ چی وای لێکردووە جێی بایەخپێدانی هاووڵاتیان بێت؟ مەسەلەکە ئەوەبوو، کە پێیان وابوو ئیختیاری دیار و جیاوازیان لەبەردەمدایــە، بەلای کەمەوە لە نێوان دوو بەرنامەدا بۆ حکومەت. ئەمە واتــە وەڵامی ئاســایی ئەوەیە کە حزبەکانــی حکومڕان و ئۆپۆزســیۆنی دڵســۆز (Loyal Opposition) هەبێــت و هەردوولا بە ڕێسای گەمەکە رازی بن و لەچوارچێوەی ئەو ڕێسایە ململانێ بکەن، لەو حاڵەتەدا گریمانەی ئەوە دەکرێت دیموکراســی پشت بە بوونی سیاسەتی بەدیل دەبەستێت، بە بوونی پارتێکیش کە نوێنەرایەتی ئەو سیاسەتە بکات، باشترین دیموکراسی ئەوەیە کە لە ســەر بنەمای دوژمنایەتی لە نێوان حکومەت و موعارەزەدا بنیات نەنرابێت، بەڵکو حکومەتێك بێت لەســەر بنەمای تەوافوق کارەکانی بەڕێوەببردرێت، لێرەدا دوو تێگەیشتن هەیە، یەکەمیان ئەوەیە تێڕوانین

## گەلن هاوارد بۆ گوڵان:

# پێش ئەوەی کوردستان بیر لە دیموکراتی بکاتەوە دەبێت بیر لە سەربەخۆیی



**پرۆفیســۆر گەلن هاوارد لەگەڵ ئەوەی دامەزراوەی جامیس تاونە بۆ دیراســاتی ستراتیژی، لە هەمانکاتدا یەکێکە لە دیپلۆماتەکانی ئەمریــکا و بەڕێوەبەری تەنفیزی لیژنەی ئەمریکی بۆ پرۆســەی ئاشــتی لە چیچان بووە، سەبارەت بە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی و ئەو ئاســتەنگ و تەحدییانەی ڕووبەڕووی دیموکراتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشــتوو دەبنەوە، پرۆفیسۆر گەلن لەم لێدوانە تایبەتەی بۆ گوڵان بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو:**

((ئەگەر ســەبارەت بە پرۆســەی بونیادی دیموکراتی لەکوردستان پرســیارم لێدەکەن، من وای دەبینم پرۆسەی دیموکراتی لە کوردستان لەســەرەتادایە، لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتە لە ســەر ژێرخانی ڕژێمێکی دیکتاتۆری وەك سەدام حوسێن هەنگاوی بۆ دیموکراتی هەڵگرتووە، بۆیە لەم چوارچێوەیە من وای دەبینم ئەوەی ئێستا ئێوە هەوڵی بۆ دەدەن، هەوڵدانە بۆ دروســتکردنی کەلتوری سیاسیی، هەرێمی کوردستان لــە ڕووی جیۆپۆلەتیکەوە لە ناوچەیەکدایە کە دەوڵەتی خۆســەپێن و بەهێز هەن، وەك ئێران و ســوریای دراوســێ، کە بناغەگەلێکی ئایدۆلۆژی دیاریکراویــان هەیە. هەروەها تورکیا هەیە کە وڵاتێکی تارادەیەك دیموکراســیە لــە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا، ئەگەرچی دیموکراســیەکی تەواویش نییە، بــەڵام بەشــێوەیەکی دیموکراتی کاروبارەکان بەڕێوەدەبات. کەواتە کوردستان بە دراوسێگەلێکی دژوار دەورە دراوە و وڵاتێکــی داخراوە- لــەو ڕووەوە کە دەروازەی نییە بۆ سەر جیهان لەڕێی دەریاوە-، کە هەوڵی گەیشتن بە دەریا و گەیشتن بە بازاڕەکان دەدات، چونکە دیموکراســی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئابووری و خســتنەگەڕی هەوڵەکان بۆ پەرەپێدانی دەوڵەت. کەواتە کوردستان وەك دەوڵەتێکی نیمچە سەربەخۆ کاروبارەکانی بەڕێوەدەبات و وڵاتێکی داخــراوە. کەواتە کێشــەی جیۆپۆلەتیکی زۆر هەیە و ئەمەش کاریگەری لەسەر گەشەکردنی دیموکراسی دەبێت. هەروەها کوردســتان دەیەوێت لە ژینگەیەکدا کاروبارەکانی هەڵســوڕێنێت کە چەنــد هاوپەیمانێکی دەرەکی کەمی هــەن و چەند وڵاتێکی کەم هەن کە پشــتیوانی دەکەن. لــە هەمان کاتدا لــە هەلومەرجێکی جیۆپۆلەتیکی گۆڕاودا کاردەکات. ئاشکرایە ئەمریکا ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت، ڕۆڵی هاوســەنگکردن دەبینێت، واتە وەك هێزێکی مەزن هاوســەنگی خۆی لەگەڵ بەغدا و هەروەها لە نێوان بەغدا و هەولێردا رادەگرێت، ئەمە نهێنی نییە بۆ ئێوە و ئێوە ئەمە دەزانن. لە هەمان کاتدا هەولێر هەوڵی راگرتنی هاوســەنگیەکە دەدات لەگەڵ ئەنقەرەدا. لە ماوەی شــەش مانگی رابردودا چەند گۆڕانکاریەکی جیۆپۆلەتیکــی دیاریکراو ڕوویاندا لەو ڕووەوە. کوردســتانیش پەرە بــە پەیوەندیەکی ئابــووری زۆر بەهێز دەدات لەگــەڵ وەبەرهێنەرە ئەمریکیــەکان و لە ڕێــی کۆمپانیا نەوتیەکانــی ئەمریکاوە،، وەك ماراســۆن و شــێفرۆن کە وەبەرهێنانیان کرد لە کوردستاندا. کەواتە هاوپەیمانی دەرەکی بۆ خۆی دروستکردووە لەگەڵ کۆمپانیا گەورە و بەهێزەکانی ئەمریکادا لە بواری وزەدا. لەبەشێکی دیکەدا، کوردستان هەوڵدەدات لەڕێی وزەوە پەرە بە پەیوەندیە دەرەکیەکان بدات، بەهۆی هەناردەکردنی غازەوە بۆ ئەوروپا، کەواتە بە شــێوەیەك لە شــێوەکان دەستڕۆیشتوویەکی جیۆپۆلەتیکی هەیە. ئەوەی کوردستان نیەتی لە بواری پەرەپێدانی دیموکراتیدا سیستمێکی جیۆپۆلەتیکی ئیقلیمیە، کــە زیاتر بــەلای ئەنقەرەدا دایدەشــکێنێتەوە و هەوڵــی راگرتنی هاوســەنگی دەدات لەگەڵ بەغدا و پەیوەندیگەلێکی زۆر دژواری هەیە لەگــەڵ حکومەتەکەی مالیکیدا. پێموایە دەبێت کوردســتان لەسەر ئاستێکی بەرفراوانتری ستراتیجی بیربکاتەوە لەگەڵ ئەمریکا و ئەنقــەرە و بەغدا و بڕیاری ئەوە بدات دەیەوێت چ ڕۆڵێکی هەبێت لە چوارچێوەی سیســتمە ئیقلمیەکەدا. نموونەیەکی باش لەو ڕووەوە ئەوەیە کارێکی باش دەبێت ئەگەر کوردســتان پەرە بە پەیوەندیەکانی

## خۆی بزانێت

و ئیرادەی پارتێکی سیاسی هەرچیەك بێت بۆ ژیان لەگەڵ دیموکراسیدا-پێویستە بواری بەشداری کردنیان پێبدرێت-. با نموونەی ئیخوان موسلمینی میسر وەربگرین-کە دەکرێت ئەمە لە شوێنی دیکەش هەبێت- کە بە دڵنیاییەوە دیموکراسی لە ناوخۆی حزبەکەدا پیادە ناکەن و بە دڵنیاییەوە زۆرێك لە بڕیارە ئایدۆلۆژیەکانیان پێچەوانەوەیە لەگەڵ دیموکراسی ئەورووپای رۆژئاوادا. ئومێدەکە ئەوەیە بەشداریکردنیان لە دیموکراسیدا، ببێتەهۆی ئەوەی تەقدیری دیموکراسی بکەن و درك بەوە بکەن کە باشترین بەرژەوەندیان لەوەدایە بچنە نێو ململانێی دیموکراسیەوە، با بڵێین ململانێ لە نێو پارتە سیاسیەکاندا، ئەمە گەشبینترین تێڕوانینە. بۆچوونەکەی دیکە ئەوەیە ئەوان بە شێوەیەکی نادیموکراتی رەفتار دەکەن، ئەمەش کاردانەوەیەك دروست دەکات لە نێو خەڵکدا، کە دەبێتەهۆی ئەوەی...کە ئیتر یان هەڵبژاردنەکە دەدۆڕێنن، یان پشتیوانی لەدەست دەدەن لە دەرئەنجامدا)).

## ئابووری و جیپۆلەتیک بکاتەوە

بدات لەگەڵ ئازەربایجان و لەگەڵ قەوقازدا و بازاڕی بەدیل بدۆزێتەوە بۆ کاڵاکانی و هەوڵبدات پەرە بە هاوکاری ئیقلیمی بدات لەگەڵ دراوسێکانیدا و تەنیا بیر لە ئەنقەرە و بەغدا نەکاتەوە، واتە پتر جیۆپۆلەتیکیانە بیربکاتەوە. ئاشکرایە بارودۆخی سوریا کاریگەری هەیە لەسەری، بەڵام بارودۆخی سوریاش بۆ هەتا هەتایە بەردەوام نابێت. رۆژێك دێت رژێمەکەی ئەسەد دەڕووخێت و جیۆپۆلەتیکی ئەو رووداوەش کاریگەری دەبێت لەسەر توانای کوردستان بۆ ئەوەی نەوت لەڕێی سوریاوە بۆ لوبنان بنێرێت و بازاڕی بەدیل بدۆزێتەوە. وەك جۆرجیا و ئازەربایجان، پێموایە لێکچوونێك هەیە لەم ناوچەیەدا کە بۆی هەیە هاوشێوەی بازاڕی ئابووری ئەورووپی لێبێت لە رۆژهەڵاتی نزیکدا لە نێوان وڵاتەکەتان و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە. ئاشکرایە ئێران یاریزانی باڵادەستە، بەڵام تاکە یاریزانی باڵادەست نییە. هەروەها بەغداش هەست بە سنورداری دەکات، لەبەر ئەوەی ناتوانێت دەستی بگاتە کوردستان، واتە پێویستی بە کوردستانەو لە راستیدا هەردوولاتان پێویستتان بە یەکتری هەیە، لەبەر بوونی داهات و پێویستی دابەشکردنی، ئەوا جۆرێك لە هەستی هاوچارەنووسی هەیە، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر توانای ئێوە بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و بەرەوپێشچوونی دیموکراسی کاتێك دەوڵەتی دراوسێی زۆر گەورە و گرنگتان هەیە وەك ئێران و سوریا و عێراق، ئەمانە توانای ئێوە بۆ گەشەکردنی ئابووری سنوردار دەکەن، لەبەر ئەوەی بەردەوام بیر لە ئاییندەی ستراتیجی خۆتان دەکەنەوە لەبارەی وڵاتەکەتانەوە بە شێوەیەك کە کاریگەری هەبێت لەسەر پەرەپێدانی دیموکراتی. چونکە دەبێت سەرەتا بیر لە جیۆپۆلەتیك بکەنەوە ئینجا بیر لە ئابووری بکەنەوە، پێش ئەوەی بیر لە دیموکراسی بکەنەوە)).

### پرۆفیسۆر بیرنارد ڤیبلیس بۆ گوڵان:

# ئەگەر لێکتێگەیشتن و پێکەوە کارکردن لە نێوان حزبەکانی حکومڕان و ئۆپۆزسیۆن نەبێت دیموکراتی دروست نابێت

**پرۆفیسۆر بیرنارد ڤیبلیس ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی هەمبلۆدت لە بەرلین و جێگری بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتیەکانە لە بەرلین(WZB) و تایبەتمەندە لە پرۆسەی دیموکراتی و پێکهاتەی دیموکراتی و بەرەوپێشەوەچوون و ئەو تەحدیانەی ڕووبەڕووی پرۆسەی دیموکراتی دەبێتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆڵی حزبی سیاسیی وەك توخمی سەرەکی لە پرۆسەی دیموکراتیدا، پرۆفیسۆر بیرنارد بەمجۆرە رای خۆی بۆگوڵان دەربڕی:**



((حزبی سیاسیی رۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی دیموکراتی دەگێڕێت، بەڵام ئەم رۆڵە پەیوەستە بەوەی ئایا دیموکراتی بەلای ئەو حزبە سیاسیەوە چ مانایەکی هەیە، لەلایەکی دیکە گرنگە حزبە سیاسیەکان بە حزبەکانی حکومڕان و ئۆپۆزسیۆنەوە هەماهەنگی و لێکتێگەیشتن لە نێوانیاندا هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر لەنێوان پارتە سیاسیەکاندا لێکتێگەیشتن نەبوو لەسەر پێویستی دامەزراندنی دیموکراسی، ئەوا هەرگیز سەرکەوتوو نابێت. کەواتە پێویستی بە کۆدەنگی بنەڕەتی هەیە لە نێوان نوخبە سیاسیەکاندا لە پێناو ئەوەی دامەزراوەکان کار بکەن. بە دڵنیاییەوە ئەمە بەس نییە، چونکە دەبێت هاووڵاتیەکت هەبێت کە بەڕاستی دیموکراسی بوێت. بەڵام ئەگەر دابەشبوون هەبێت لە نێوان نوخبەکاندا لەبارەی ئەوەی پێکەوە کاربکەن ئەوا هەرگیز دیموکراسی نایەتە ئاراوە، بە دڵنیاییەوە پێویستە پشتیوانی یەکتر بکەن بۆ بەهێزکردنی دامەزراوە دیموکراتیەکان، هەروەها لەبارەی پرسە سیاسیەکان و پرسە دەستوریەکانەوە کە پێویستە پێکەوە کاربکەن. کەواتە هەمیشە مەسەلەکە دەوەستێتەسەر ئاستی بەرەوپێشچوون و دیموکراسی و ئایا پارتە دژ بە سیستمەکان دژایەتی سیستمەکە دەکەن یان نا، ئەگەر دژایەتی سیستمە دیموکراسیەکە بکەن، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەمە مایەی قبوڵکردن نییە و بەلای کەمەوە مایەی گرفتێکی زۆر دەبێت لە پرۆسەی پەرەپێدانی دیموکراسیدا. بەڵام پێویستە دیموکراسیە دێرینەکان بتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا بکەن. مەسەلەکە لێرەدا ئەوەیە ئەگەر پارتێك هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵات بدات لە پێناو تێکشکاندنی رکابەرەکەی کە وەك دوژمن سەیری دەکات، ئەوا ئەمە بە دیموکراسی دانانرێت. مەسەلەکە ئەوە نییە لەسەر سیاسەتێکی دیاریکراو رێکبکەون، بەڵکو دەبێت لەسەر رێساکانی گەمەکە رێك بکەون، بەڵام چۆن قەناعەت بە یاریزانە سیاسیەکان دەهێنرێت کە پێویستە پێکەوە کاربکەن، ئەمە تەنیا لەڕێی بوونی دامەزراوەی بەهێزەوە دەکرێت.

# راگەیاندن و ژیانی مۆدێرن



سەرۆ قادر

بەشی یەکەم

**(دوای ٢٧ ساڵ ژیان لەناو راگەیاندن و بەشداربوونی کارام لە بنیادنانی راگەیاندنی کوردستان، لەم زنجیرە نووسینەمدا بە چاوێکی رەخنەگرانە لە واقیعەکە دەکۆڵمەوە. لە دەرەوەی کاری راگەیاندندا لەو سیستەمە دەدوێم کە بە ئەرێنی و نەرێنی دەستم لە دروستکردنیدا هەبووە، پێشهاتێکی خۆشیشە روانگەکانم لە گۆڤاری (گوڵان)دا بڵاودەکەمەوە کە بیست ساڵ بەر لە ئێستا، لە دۆخێکی نالەباردا- وێڕای هاوکارەکانم- وەک ئەزموونێکی سەرکەوتوو بنیادمان بۆی دانا"**

راگەیاندن سیستەمێکە لە سیستەمە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگا. هەر وڵاتێك لە ژیانێکی نیوە موستەقرِدا بژیەت ناتوانێت بەردەوامبێت ئەگەر بەشێك لە ئیعتمادی سەرەکی لەسەر سیستەمی راگەیاندن نەبێت. مەبەستم لە سیستەمی راگەیاندن تەنیا ئەوە نییە کە ژمارەیەك دەزگای راگەیاندن لە وڵاتەکەدا هەبن تا بتوانن کار بکەن، ئەمە لایەنە حزورییەکەی راگەیاندنە. بەشەکەی دیکەی بەشداریکردنییەتی لە ژیانی رۆژانەی خەڵك. لە ژیانی تاکێکەوە بگرە کە دەچێتە سەر کار، ئەو دەورەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەیگێڕێت، جا ئەو تاکە چ سیاسی یان ئیداری یان هەربوارێکی دیکەی کارکردن بێت. لەم سەردەمەدا سەختە مرۆڤ بتوانێت بە باشی و بە شێوەیەکی دڵخواز دەور بگێڕێت، ئەگەر لە پەیوەندیی راستەوخۆ و بەردەوامدا نەبێت لەگەڵ کۆمەڵگاکەی و بە شێوەی تایبەتی لەگەڵ مەجالی ئیشەکەی خۆی.

ئەگەر جاران راگەیاندن بریتی بووبێت لە نووسینی وتار یان چەند گوتارێك لە رادیۆ و تەلەفزیۆن بۆ کاری سیاسی، لەم زەمانەدا راگەیاندن فراوانتر بووە و شۆڕبۆتەوە ناو پەروەردەی راستەوخۆ لە ماڵ و پەروەردەی گشتیی وڵات و راپەڕاندنی کار و تەندروستی. راگەیاندن پێویستییەکی چاولێنەپۆشراوە لە گەشەسەندن و پێشکەوتنی وڵاتدا. گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگادا، ناکرێ لە هەر بوارێکی دیاریکراودا بێت، ئەگەر لینکێکی لەگەڵ راگەیاندن بۆ دروست نەکرێت، چونکە راگەیاندن دەوری بەیەکەوە بەستنی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا دەبینێت. ئێمە فێربووین تەنیا بۆ کاری سیاسی گرنگی بە راگەیاندن بدەین، ئەوە ناقیسە.

راگەیاندن بەشدارییەکی راستەوخۆی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە. لە هەر وڵاتێکدا پەروەردە لەگەڵ راگەیاندن تێکەڵ نەکرابێت کەموکورییەکی زۆر لە سیستەمی پەروەردەدا دەبێت، پەیوەندییەکی باش لەبەینی ئەوانەی پەروەردە دەکرێن و ئەو ستافەی کە ئەرکی پەروەردەکردنی لە ئەستۆیە، لەگەڵ ئەو چاوەڕوانییەی کە کۆمەڵگا لە سیستەمی پەروەردەدا هەیەتی، ئەو پەیوەندییە یەکتر تەواوکەرە، دروست نابێت ئەگەر راگەیاندن لە ناو سیستەمی پەروەردەدا رێکنەخرێت و پەیوەندییەکی دیالێکتیکی نەبێت.

گرنگییەکی دیکەی راگەیاندن لە سیستەمی دەسەڵاتدایە، مەبەستم لە دەسەڵات تەنیا بەدەستەوەگرتنی زۆرینەی پەرلەمانی و ئەنجومەنی وەزیران نییە. ئەگەر قسە دەوری دەربڕین دەبینێت لە ژیانی مرۆڤێکدا، راگەیاندن دەوری قسەکردن و تەواسوڵ دەبینێت لە ژیانی کۆمەڵگایەك و لەگەڵ تێکڕای دنیادا. ئەگەر قسەکردن و وشە لەگەڵ خۆیان پەیام و وزە دەگوازنەوە، هێز دەگوازنەوە، هەر ئەوەشە کە وا دەکات مرۆڤ لە مەبەستی یەکتر بگات و کاردانەوە و هەڵوێستی هەبێت، ئەوە وا لە مرۆڤەکان دەکات کە بە گەیاندنی قسە هەر یەك لە شوێنی خۆی بزانێت چ دەکات و چ ناکات یان هەڵوێستی چ دەبێت یان چ زانیارییەك وەردەگرێت. لەسەر ئاستی کۆمەڵگا و وڵاتدا

راگەیاندن ئەم دەورە دەبینێت، بۆیە پەیامی راگەیاندن لەهەر بوارێکی دیاریکراودا، لەگەڵ خۆی دەوری گواستنەوە و مومارەسەکردنی هێزیش دەگێڕێت. سەرەنجام لە وڵاتدا سیستەمی ئیدارەکردنی وڵات، سیستەمی سیاسی یان وەك دەڵێن دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوەناچێت و باش هەڵناسوڕێت و پەیوەندیی باشی لەگەڵ دانیشتووانی وڵات نابێت، ئەگەر راگەیاندن تێکەڵ بە سیستەمی سیاسی نەبێت. راگەیاندن بە دەسەڵاتی چوارەم ناو دەبرێت، جیا لە دەسەڵاتی چوارەم، جاری وا هەیە حزوری پێش دەسەڵاتی یەکەم دەکەوێت. لە رووداو و لە کێشەکانی وڵاتدا دەیبینین. هەربۆیە بەشداری کردنی سیستەمی راگەیاندن لە دەسەڵاتی وڵاتدا بە یاسا رێکدەخرێت، بەڵام یەکێك لە سیستەمە عەجول و زوو لەدەست دەرچووەکانی ناو وڵاتە، ئەگەر باش تەنزیم نەکرێت، باش پەروەردە نەکرێت، باش بەڕێوە نەبرێت، بە قەدەر سوپا و ئاسایش کۆمەڵگا ئازار دەدات(کاتێك دێنە ناو سیاسەت). ئەگەر باش بەڕێوە بچێت بە هەمان ئەندازە خزمەتی پێشکەوتنی ژیانی سیاسی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت دەکات.

بوارێکی دیکەی کاری راگەیاندن دەبێ بەشداربێت لە تەنزیم کردن و پرۆسەی گەشەسەندنی ئابووری. راگەیاندن تەنیا بریتی نییە لە گواستنەوەی قسەی سەرکردەکان، بەقەد ئەوەی لە بواری پەرەسەندنی ئابووریشدا دەوری گەیاندنی مەعلومات و گەیاندنی پەیام و گەیاندنی هەموو ئەو زانیاریانە دەبینێت کە رۆژانە لە ژیانی ئابووریدا پێویستن. راگەیاندن تەنیا بریتی نییە لە قسەی رۆژنامەنووسان، بەڵکو بریتییە لە سیستەمێك کە بەشێکی رۆژنامەنووسانن و بەشەکەی دیکەی ئەو تەکنۆلۆژیا و ئامرازی گەورەی گەیاندنی زانیارییە کە لە دەرەوەی رۆژنامەنووسیش کاری خۆیان دەکەن. ئابووریی وڵات پێشناکەوێت کە ئەم سیستەمەی لەگەڵ خۆی تەنزیم نەکردبێت.

راگەیاندن بەشدارە لەپاراستنی فەرهەنگی وڵات. فەرهەنگی وڵات کە پێکهاتووە لە باوەڕ و بەهای ئەخلاقی و داب و نەریت و باری سایکۆلۆژی و ئەم تەسەورەی کە ئێمە بۆ ژیان لە وڵاتی خۆماندا هەمانە. ئەم فەرهەنگە (کولتوور) سیستەمێکی حەساسە، بەشێکی لەکار کەوتووە و ئازارمان دەدات، بەشێکیشی تازە دروست دەبێت و دەبێ بچەسپێت، بەشێکی دیکەی لە ناوەڕاستی کولتووری وڵاتەکەیە و دەبێ بپارێزرێت. دەوری لە هەرسێکیاندا دەبێت. لەو بەشەی کە بەکەڵك نەماوە دەبێ بڕووخێت، ئەگەر راگەیاندن باش بەکار نەیەت لەوانەیە یارمەتی زیندوو راگرتنی ئەمانە بدات. ئەوکاتەیە کۆمەڵگا ئازار دەدات. بەڵام ئەگەر راگەیاندن باش بەکار بێت ئەوا لەگەڵ کۆمەڵگا یارمەتی زووتر بەلاوەنانیان دەدات. لە بەشی دووەمدا بەشدارە لەوەی کە دەبێت بمێنێت، بەشدار دەبێت لە چەسپاندن و گەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئەو بەشە لە کولتووری وڵاتەکەمان کە تازەیە و دەبێ ماندوو بین تاکو وەری دەگرین. ئەگەر راگەیاندن لەباری سێیەمیشدا باش بەکار نەیەت لەوانەیە لە دژی بوارە تازە پێگرتووەکە بوەستێ و کۆمەڵگا لە پاشکەوتن و ئاژاوەدا بهێڵێتەوە. ئەمانە هەموویان بە تەجرەبە لە وڵاتی ئێمەدا هەن و تەجرەبەی زۆری دیکەیش لە دنیادا هەیە.

بەشێکی دیکەی کاری راگەیاندن، بەیەکەوە بەستنی ناوچە جیاجیاکانی وڵاتە. دوایی بەیەکەوە بەستنی وڵاتە لەگەڵ هەموو دنیا. لە قۆناغی مۆدێرندا تەنیا هۆکاری ئابووری و ئیدارییە کە ژیانی کۆمەڵایەتی تێکەڵ دەکات و بوونێکی یەکپارچە لەناو وڵاتێك یان میللەتێك دروست دەکات. ئێستا راگەیاندن تاکە لایەن نییە بەڵام لایەنێکی هەرە کاریگەری پێکەوە بەستنەوەی داب و نەریت و شێوەزار و سیستەمی ژیان و روانگای سیاسی و هەموو ئەو تەوەجوهانەیە کە لە ناوچە دوورەکانی وڵاتێکدا هەن و بەئاسانی تێکەڵی یەکدی نابن. وڵاتی ئێمە لەو رووەوە لە ئازاردا دەژیت. بۆ نموونە لە وڵاتدا ئێستا کێشەیەکی گەورە لەسەر زمان هەیە. وڵاتەکەمان دابەش بووە بەسەر دوو شێوەزار هەرچەند دەکەین تێکەڵ نابن. ئەم دیاردەیە رەگ و ریشەی هەیە. راگەیاندن دەورێکی گەورە دەبینێ لە لێکدی نزیك خستنەوەیان یان دوور راگرتن، لە پێشنیاری چارەسەر یان لە ونکردنی چارەسەرییەکان. لە رووی ئیدارییەوە وڵاتەکەمان بووە بە سێ ئیدارەی لێکتر جیاواز. راستە ئەوە ژیانی سیاسی وای لێکردووە، بەڵام راگەیاندن دەتوانێت لە سەرەوەی ژیانی سیاسیش هەوڵبدات بیانبەستێتەوە بەیەکەوە_ ئەگەر راگەیاندنێکی باش بێت. ئیدارەیەك لە هەولێر و یەك لە سلێمانی و یەکیش لە کەرکوك هەیە. راگەیاندن دەتوانێت دەورێکی خراپ ببینێت ئەگەر بیەوێت دەور خراپی بکات بە پەیامی خۆی.

ئەرکێکی دیکەی راگەیاندن بەستنەوەی ئێمەیە بە دنیای دەرەوە. هیچ کۆمەڵگایەك ناتوانێت بەرەو پێشەوە بچێت ئەگەر نەزانێت دەبێت لەگەڵ جیهان تێکەڵ بێت. پرۆسەی بەجیهانیبوون مانای ئەوە نییە خۆت لە دنیا بەجێبهێڵی یان لە ون بوون لە کولتوورێکی گشتی کە لەملا و ئەولا بۆت دێت. ئێمە لە کوردستان بۆماوەی مانگێك ناتوانین بژین ئەگەر تەواسولمان لەگەڵ دنیادا نەبێت. بەتایبەتی کە کۆمەڵگایەکی مەسرەفی مەسرەفین، جاران ماست و سەوزەمان هەبوو ئێستا ئەویشمان نییە. کەواتە راگەیاندن ئەو دەورە دەبینێت کە ئێمە چۆن دەکرێت شوێنی خۆمان لە سیستەمی جیهاندا ببینینەوە، بەکام لادا پێشکەوین و لە کوێ خۆمان بپارێزین. ئەمەی تا ئێستا باسم کرد دەروازەیەك بوو بۆ چوونە ناو باسی راگەیاندن.

ئێستا هەرێمی کوردستان یەکێك لە چوار پارچەکەی کوردستانی گەورەیە کە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی لە پێناو رزگاری نین، بەڵکو ئێمە رزگار بووین، ئێستا کەموکوڕی تەواوکردنی قۆناغی رزگاریمان هەیە: لە گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانەی دابڕاون، کێشەی یاساییمان لەگەڵ عێراق هەیە. دوای ئەوە هیوادارم بگەینە ئەو قۆناغەی کێشەی یاساییمان لەگەڵ دنیاش چارەسەر بکەین و شەرعییەتی نێودەوڵەتی وەربگرین و سەرەنجام دەوڵەتێکی سەربەخۆمان

**ئەگەر جاران راگەیاندن بریتی بووبێت لە نووسینی وتار یان چەند گوتارێک لە رادیۆ و تەلەفزیۆن بۆ کاری سیاسی، لەم زەمانەدا راگەیاندن فراوانتر بووە و شۆڕبۆتەوە ناو پەروەردەی راستەوخۆ لە ماڵ و پەروەردەی گشتیی وڵات**

**سیستەمی سیاسی یان وەک دەڵێن دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوەناچێت و باش هەڵناسوڕێت و پەیوەندیی باشی لەگەڵ دانیشتووانی وڵات نابێت، ئەگەر راگەیاندن تێکەڵ بە سیستەمی سیاسی نەبێت**

**بانکی زانیاری لە کوردستان بانکێکی هەژارە، نەک تەنیا هەژار هەر هیچی تێدا نییە، ئەوە کەموکورییەکە و بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە**




هەبێت. هەڵبەت بە کردەوە ئێمە ئێستا دەوڵەتێکین بەڕێوەدەچین، کۆمەڵگایەکین خسوسیاتی خۆمان هەیە بۆیە دەبێ مامەڵە لەگەڵ ڕاگەیاندن بکەین لەسەر ئاستی کۆمەڵگای کوردستان یان هەرێمی کوردستان. بەشێکی سیستەمی سیاسیمان پەیوەندی بە عێراقیشەوە هەیە. بەڵام لە ڕاستیدا ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمە لە عێراق تەواو دابڕاوە، بۆیە بەشێوەیەکی ناخوئاگا کاتێك بیر دەکەینەوە و قسە دەکەین باسی عێراق ناکەین. ئەوە حاڵەتێکی دەروونی سەربەخۆییانەی زۆر باشە. ئەوە واقیعی بیست ساڵەی ئێمەیە.

بۆیە دەبێت بە دیقەت بزانین شوێنی سیستەمی ڕاگەیاندن لە پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستان دەکەوێتە کوێوە؟

بانکی زانیاری لە کوردستان بانکێکی هەژارە، نەك تەنیا هەژار هەر هیچی تێدا نییە، ئەوە کەموکوڕییەکە و بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە بە فەرد و دەزگایەکی دیاریکراویش ناکرێت. بەداخەوە حکومەت بیست ساڵە نەگەیشتە ئەو قۆناغەی کە بە جددی بیر لە دامەزراندن و لە دەوڵەمەند کردن و تەنزیم کردنی حەیاتی کۆمەڵگاکە بکاتەوە. سەرباری ئەوەش دەبێ لەبەرچاومان بێ کە پانتایی سیستەمی ڕاگەیاندن لە ژیانی کۆمەڵگادا. ئەوەی کە زۆر سەرنج ڕاکێشە لەسەر ژیانی سیاسییە. چونکە وڵاتێکی بە تەنگوچەڵەمەین، لە هەر وڵاتێکیش تەنگوچەڵەمە هەبێ ژیانی سیاسی دێتە پێشی پێشەوە و بوارەکانی دیکە پاشەکشێ دەکەن.

هەر وڵاتێك ژیانی سیاسی و دەنگوباسی سیاسی لە دواوەی بایەخەکانی دیکەی بێت، نیشانەی پێشکەوتن و بەرهەمهێنان و ژیانی ئاساییەکی قووڵ و عەمودییە. سەرباری ئەوەی بەشێکی زۆری وزەی ڕاگەیاندنی ئێمە لەو بوارەدا سەرف دەکرێ. ڕاگەیاندنی کوردستان وا تەنزیم نەکراوە بە شێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو لە هەموو بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگا بەشداربێت. تایبەتمەندی ڕاگەیاندن ئەوەیە ئەگەر تەنزیمیش نەکرێت کاریگەریی خۆی دەکات. بەڵام کاریگەرییەکە بە ڕێکوپێکی نەبێت ئەوا باش نابێت. بۆ نموونە بۆیە سیستەمی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا کاریگەرییەکی باشی لەسەر بواری پەروەردە نییە. سیستەمی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا کاریگەرییەکی باشی لە بواری کێشە کۆمەڵایەتییەکان - ئەوەی پێوەندی بە مافەوە هەیە- نییە، سیستەمی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا بە دیقەتەوە کار لەسەر بەهاکانی ئەخلاقی ناکات، لەوانەیە هەر نەشیزانێت. بەڵام ئایا کاریگەری دەکات یان نا؟ بە دڵنیاییەوە کاریگەریی هەیە.

# میدیای حزبی و پرەنسیپەکانی پیشەگەرایی



ئاریان فەرەج

ئەم بابەتە پوختەی ئەو کۆڕەیە کە بەڕێز ئاریان فەرەج بەبۆنەی بیستەمین ساڵیادی گۆڤارەکەمانەوە لە هۆڵی چوارچرا پێشکەشی ئامادەبووانی کرد.

هەڵبەت بۆ قسەو باس لەم بابەتە لەڕووی میتۆدییەوە وا پێویستە لە دەسپێکدا هەردوو چەمکی میدیای حزبی و پرەنسیپەکانی پیشەگەرایی پێناسە بکەین، ئەوجا پێوەندیی نێوان هەردوو چەمکەکە لێکبدەینەوە.

لە راستیدا پێناسەی میدیای حزبی ناکرێت بە بێ پێناسەی سیستەمی سیاسی باڵادەست و ئەو فەزا سیاسییەی کە تیایدا ئەو میدیا حزبییە هەڵدەسووڕێت.

حزبی سیاسی لە سیستەمێکی تۆتالیتاردا، لەڕووی سەرچاوەی مەوجودییەت و شەرعییەتی دەسەڵات و پێگەی لە کۆمەڵگەدا و ئامرازەکانی گەیشتن بە ئامانجەکانی تەواو جیاوازە لەو هەلومەرجەی کە حزبی سیاسی لە کۆمەڵگە و سیستەمێکی لیبرال دیموکراتدا هەیەتی. بە هەمان شێوە میدیای حزبییش لەم سیستەمەدا تەواو جیاوازە لەوی دیکە.

لە سیستەمێکی تۆتالیتاردا، حزبی حوکمڕان ئامرازی سەپاندنی دەسەڵاتێکی سەرکوتکار و قەمعییە، راگەیاندنەکەشی ئامرازێکە بەدەست حزبی دەسەڵاتدارەوە بۆ پڕوپاگاندەو بۆ نەهجی سیاسی ئارا و، ئەرکەکانی بریتین لە خەپاندن و جڵەوکردنی عەقڵی خەڵك بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا، ئامرازی کۆنترۆڵی هەواڵ و زانیارییە، رژێم چی بوویت تەنیا ئەوە بڵاودەبێتەوە، خەڵك نابێ هیچی دیکە ببیستن، هاوکات ئامرازێکە بۆ دژایەتی هەموو ئەوانەی کە ئۆپۆزسیۆن و ناڕازین، هەموو ئەم ئامانجانەش لە وەها سیستەمێکی سیاسیدا قابیلی جێبەجێبوونن بە هۆی غیابی فرەیی میدیایی و قۆرغ و پاوانکردنی ئامرازەکانی راگەیاندن بە دەستی دەسەڵاتەوە.

لە سایەی ئەم جۆرە سیستەمە سیاسییەدا جۆرێکی دیکە لە میدیا سەرهەڵدەدات کە ئەویش هەمیشە نهێنیەو چەکێکی خەباتی شۆڕشگێڕانەیە بەدەست بندەستان و بزووتنەوە ئازادیخوازەکانەوە بۆ هاندان و تەعبیئەی جەماوەر و بەگژاچوونەوەو بەرگری.

(ئەم دوو جۆرە هەردووکیان بە مەفهومی زانستی نوێی میدیا پێیان ناگوترێت میدیا، بەڵکو ئەم دوو مۆدێلە ئامرازی دیعایەو پڕوپاگەندەن، یەکیان ناڕەواو سەرکوتکار، ئەوی دیکەیان شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز).

بەڵام لە سیستەمی سیاسی لیبرال دیموکرات و لە سایەی فەزایەکی رەخساو بۆ تەعبیر لەخۆکردنی ئازادانەی بێ قۆرغ و پاوانکاریدا، وەك چۆن ماهیەتی حزبی سیاسی جیاوازە (حزب لەجێی ئەوەی هێزێکی خۆسەپێنی سەرکوتکار بێت، ئامراز و کەناڵێکی سەرەکی موشارەکەی سیاسی و وەسیلەی دابینبوونی ئەو مافە مەدەنییەی خەڵکەو ئامرازی کێبڕکێی ئاشتیانەیە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات) وەك چۆن سەرچاوەی شەرعیەتی حوکمداری و سەرچاوەی شەرعیەتی موعارەزە بوون و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی حزبی سیاسی جیاوازە، بە هەمان شێوە فەزای کاری میدیاییش جیاوازە، ئەوهاش میدیای حزبیش لەم جۆرە سیستەمەدا لەڕووی ماهیەت و ئەرکەوە جیاوازە. لەوەی پێشوودا یەك حزبی و یەك مینبەری و پاوانی ئامرازەکانی میدیا هەیە، میدیای حزبی حوکمڕان تاکە مینبەری باڵادەست و دەنگ زوڵاڵە، لەمەیاندا میدیای حزبی مینبەرێکە لەنێو مینبەرگەلێك و فرەییەکی میدیاییدا، ئەگەر جیهازێکی پڕوپاگاندەییش بێت، دیسان ناتوانێت جڵەوگیر و ئاراستەکاری عەقڵ و هۆشی خەڵك

**دەبێت جیاوازییەکی سەرەکی ببینین لە نێوان میدیای حزبی لە سیستەمێکی تۆتالیتاردا (وەک جیهازێکی سەرکوتکاریی فکری) و لە نێوان میدیای حزبی لە سیستەمێکی دیموکراتدا کە یاسا و قبوڵی کۆمەڵایەتی و مافی موڵکداریی کەناڵی میدیایی داوە بە هەموان**

بێت، چونکە خەڵك بەدائیلی دیکەیان لەبەردەمە و دەرگاو پەنجەرەی دیکەی جیاوازیان لەبەردەم واڵایە.

ئا لەم پێودانگەوە دەبێت جیاوازییەکی سەرەکی ببینین لەنێوان میدیای حزبی لە سیستەمێکی تۆتالیتاردا (وەك جیهازێکی سەرکوتکاریی فکری) و لە نێوان میدیای حزبی لە سیستەمێکی دیموکراتدا کە یاسا و قبوڵی کۆمەڵایەتی مافی موڵکداریی کەناڵی میدیایی داوینەتێ وەك چۆن بە هەر شەخسیەتێکی مەعنەوی و هێزێکی کۆمەڵایەتی و دامەزراوێکی بازرگانی و تەنانەت بە تاکە کەسەکانیشی داوە. بە داخەوە لە فەزای رۆشنبیری ئەمرۆی کوردستاندا ئەم جیاکارییە زۆر بە نارەوایی نادیدە دەگیرێت و زۆر جار کە باسی میدیای حزبی دەکرێت دەڵێی باسی (برافدا و جەریدەی سەورە و جەریدەی تشرینی سووری دەکرێت). ئەو راستییە نادیدە دەگیرێت کە بوونی میدیای حزبی یەکێکە لە لێکەوتەکانی پیادەبوونی پرەنسیپی ئازادی تەعبیر لەخۆکردن بۆ هەموان، حزبیش وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی، وەك دەستەجەمعێکی خاوەن باوەڕ بە بەرنامەو ئاراستە و جیهانبینییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو مافی تەعبیر لەخۆکردنی هەیە لە پاڵ چەندین کەناڵ و مینبەری دیکەی نێوەندە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا کە لە هەمان مافی بەدەستهاتوو سوودمەندن.

لە دوای ئەم پێشەکی و جیاکارییەوە دەتوانین پێناسەیەکی گشتیی سادە بۆ میدیای حزبی بەبیربێنینەوەو پێناسەیەکی دیکەی سادەش بۆ پرەنسیپەکانی پیشەگەرایی بکەین و ئەوجا بپرسین ئەم دوو چەمکە چەند لێك دوورن و چەند پێکەوە دەگونجێن:

میدیای حزبی میدیایەکی مولتەزیمە بە بەرژەوەندییەکانی توێژێکی کۆمەڵایەتی یان گردبوونەوەیەکی ئارەزوومەندانەی خەڵکێکی دیاریکراوەوە، لەو پێناوەدا دامەزراوەو بۆ روونکرنەوەی سیاسەت و ئامانج و بەرنامەو هەڵوێستەکانی حزبەکەو کۆکردنەوەی خەڵك لەدەوری ئەو بەرنامەو ئامانجانە کاردەکات، میکانیزم و ستراتیجەکەشی بریتییە لە هەوڵدان بۆ کارکردنە سەر رای گشتی .

پیشەگەراییش لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لەوەی میدیا و میدیاکار لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکەی خۆیدا چەند پرەنسیپێك لەبەرچاو بگرێت کە گرنگترینیان: راستگۆیی لە نەقڵی هەواڵ و زانیاری بەهەموو وردەکارییەکانی چەمکی راستگۆیی، هەروەها رەچاوکردنی دیققەت و وردی، پەیڕەوکردنی مەوزوعییەت بەو مانایەی کە لایەنگیری ج بە شێوەی دیعایەی راستەوخۆ یان بە شێوازی لەف و دەوران و غەمزولەمزی پێوە دیار نەبێت. بابەتەکانی موتەکامیل بن و هەموو رەهەندەکانی رووداو و هەموو لایەنەکانی پێوەندار بە رووداوەکە پانتایی خۆیان تێدا وەرگرتبێت. هەندێك جاریش هەموو ئەم پرەنسیپانەو هی دیکەش لەیەك وشەدا کورتدەکرێنەوە کە ئەویش (بێ لایەنییە) کە ئەمەیان چەمکێکی بارگاوی و پڕ کێشمەکێش و زۆریش رێژەییە.

دیارە بەهانەی لۆژیکی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ زەرورەتی پیشەگەرایی لە میدیای کۆمەڵگەی دیموکراسیدا بە گشتی بۆ ئەوە دەگەڕێندرێتەوە کە: دابینکردنی زانیاری دروست و هۆشیارکردنەوەی خەڵك سەبارەت بە مەسەلە سیاسی و گشتییەکان کە پێوەندی بە ژیان و بەرژەوەندی و چارەنووسی خەڵکەوە هەیە. لە کۆمەڵگای دیموکراسیدا پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە بەو پێیەی تاکەکانی کۆمەڵگای دیموکرات بڕیاربەدەستن، داڕێژەری سیاسەتی گشتیی وڵاتی خۆیانن، دەنگ و هەڵوێستی ئەوان حوکمڕان و بەرنامەی حوکمڕانی دەسنیشان دەکات، بۆیە دەبێ هۆشیار و ئاگاداری راستییەکان بن تا لەبەر رۆشنایی زانیاری راستدا هەڵوێستی دروست وەربگرن و دەنگ و هەڵوێستیان بە رێگەی هەڵەدا نەڕوات، ئەمەش بە راگەیاندنێکی راستگۆ کە هەواڵ و زانیارییەکان وەك خۆی و بێ دەسکاری بگوێزێتەوە دێتەدی. لە حاڵێکدا لە کۆمەڵگەی نا دیموکراتدا ئەم هۆشیاری و ئاگاهییە گەر هەشبن، ئەگەرچی رێگا نادرێت هەبن، رۆڵێك ناگێڕن، چونکە خەڵك بڕیار بەدەست نین و دەسەڵاتێکی فەوقی لە جێی ئەوان بڕیار دەدات و لە جێی ئەوان چارەنووس دادەڕێژێت.

لێرەدا پرسیارێك دێتەگۆڕێ: ئایا ئەمەی سەرەوە بە میدیایەکی بێلایەن دەکرێت یان بە فرەیی میدیایی، ئایا کامیان زامنن بۆ دروست بوونی رایەکی گشتی هوشیار: میدیا بێلایەن بێت، یان ئەوەندە کەناڵی میدیایی هەبن کە هیچ ئاراستەیەك نەمابێت مینبەری تەعبیر لەخۆکردنی نەبێت و خەڵك هەموو ئاڕاستەکان ببیستن و جڵەویش لە دەستی عەقڵی خۆیاندا بێت؟ ئەمەیان بگرە و بەردەی زۆر هەڵدەگرێت و رەنگە باسێکی دیکە بخوازێت.

لێرەوە دێینە سەر کرۆك و پرسیاری سەرەکیی بابەتەکە ئەویش ئەوەیە: ئایا میدیای حزبی دەکرێت پیشەیی بێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بەر لە هەموو شتێك پێوەندییەکی گرنگی بە جۆری حزب و ئامانجەکانی ئەو حزبە و پێگەی کۆمەڵگەیی و جیهانبینی ئەو حزبەوە هەیە، لەمەشدا گرنگترین پرسیار ئەوەیە تا چەند ئەو حزبە بەرژەوەندی خۆی لە هۆشیاری خەڵکدا دەبینێتەوە، ئەگەر پێوەندییەکی هاوکۆ ببینێت لە نێوان هۆشیاربوونی خەڵك و جێبەجێبوونی ئامانجەکانی خۆیدا، ئەوا مەترسی نابێت لەوەی میدیاکەی پیشەیی بێت و زانیارییەکان وەك خۆو بێ دەسکاری بگوێزێتەوە و میدیاکەی ببێتە مایەی هۆشیاری خەڵك و کەناڵی گەیاندنی زانیاری دروست، ئەمەش پرەنسیپێکی سەرەکی پیشەگەراییە.

هەروەها وەڵامی پرسیارەکە بەندە بەوەی تا چەند ئەو حزبە رەواجی کۆمەڵایەتی و تۆکمەیی فیکری و رێکخراوەیی و پێگەی ئینتیخابی بەهێزە بە جۆرێك لە رووبەڕووبوونەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان سڵنەکاتەوەو ترسی لەدەستدانی لایەنگرەکانی نەبێت و رێگە بە میدیاکەی بدات دەرفەت بە هەموو دیدوبۆچوونەکان بدات و ئەمەش پرەنسیپێکی دیکەی پیشەگەراییە.

کاربەدەست و تیۆریستانی میدیای ئەو حزبە تا چەند گەیشتوونە ئەو باوەڕەی لە نێو ئەم فرەییەی میدیاداو لەم جیهانە نوێیەدا کە زانیاری و هەواڵی تێدا ناشاردرێتەوەو خەڵك دنیایەك بژاردەیان لەبەردەمە، تاکە سەرمایەیەك بە دەست هەر کەناڵێکی راگەیاندنەوە ئەوەیە مسداقیەت و متمانەی هەبێت، دەنا وەرگری نامێنێ و بەوەش گەورەترین زیان بە حزبەکە دەکەوێت، لە سایەی ئەو باوەڕەدا چەند ئامادەیە هەواڵ وەك خۆ و بێ شێواندن و دەسکاری بگوێزێتەوەو پشت بە چەواشەکاری نەبەستێت و رەچاوی بابەتگەرایی بکات کە ئەویش پرەنسیپێکی دیکەی پیشەگەراییە..

تا چەند کاربەدەست و تیۆریستانی ئەو حزبە گەیشتوونە ئەو

**ئەو میدیایەی کە بە خۆی دەڵێت بێلایەن و کەچی ئەوەندەی بە پشتگیری و هاوئاهەنگی لەگەڵ میدیای ئەحزابی موعارەزە دەناسرێتەوە، چارەکە ئەوەندەیەک بە بێلایەنی ناناسرێتەوە، ئەجیندای هەیەو بێلایەن نییە، کەچی بە فەخرەوە بەخۆی دەڵێت میدیای رەخنەگر**

**رەنگە کەناڵە حزبییەکانی کوردستان هەر یەک کەم تا زۆر قۆناغێکیان بڕیبێت لە دوورکەوتنەوە لە دیعایە و رووبان کردبێتە ئیعلام (هیچ کەناڵێکی حزبی ئێستا وەک پازدەساڵ لەمەوبەر نییە)و هیچ کەناڵێک نییە تەنیا خەریکی پڕوپاگەندەی سیاسی بێت**




باوەڕەی کە پڕوپاگەندای ڕاستەوخۆ بۆ ڕەواجپێدانی کەرەستەی سیاسی بۆتە مۆدێلێکی بەسەرچووی خراپی زیانبەخش، خەڵك لە رووی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەوە کاردانەوەیان بەرامبەر دیعایەو پیاهەڵدان و مەدح و سەنا و موخاتەبەی هەست و سۆز بۆ دروست بووەو لێی دەسڵەمنەوەو متمانەی پێناکەن و هەست دەکەن یارییەك بە عەقڵ و هۆشیارییان دەکرێت.

تا چەند ئەو حزبە قەناعەتی بۆ دروست بووە کە فیکرو بەرنامەو هەڵوێستەکانی لە چوارچێوەی دیالۆگێکی کۆمەڵگەیی کراوەو هەمەڕەنگ و و بازاڕێکی گەرمی گفتوگۆ و راگۆڕینەوەدا باشتر دەگات بە خەڵك نەك لەڕێی شاشەیەکی مۆنۆلۆجیی سارد و سڕ و بێڕەواج و کەم بینەرەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم لێکدانەوە نێوخۆییەی نێو هەر حزبێکدا دەکرێت وەڵامێکی بەڵێی ڕێژەیی بە پرسیارە سەرەکییەکەی بابەتەکەمان بدەینەوە.

هەر خودی ئەو لێکدانەوە نێوخۆییە ڕەنگە حزبێکی سیاسی بڕوابەخۆبوو بخاتە تێفکرینێکی جددییەوە بۆ بیرکردنەوە لە ریفۆرم و تەحویل بوونێکی ڕاستەقینە لە نێو میدیای ئەو حزبەدا کە ڕەنگە ناونیشانە سەرەکییەکەی بریتی بێت لە دەسبەرداربوونی یەکجاری سیستەم و مۆدێلی پڕوپاگەندەو رووکردنە پەیڕەوکردنی مۆدێلی میدیا، ئەوکاتیش پیشەیی بوون وەك پرەنسیپی باوی نێو کاری میدیایی و پێوەری سەرەکی هەڵسەنگاندنی هەر کەناڵێکی میدیایی دێتە پێش و دەبێتە پەیڕەوکار.

لە ڕاستیدا ڕەنگە کەناڵە حزبییەکانی کوردستان هەر یەك کەم تا زۆر قۆناغێکیان بڕیبێت لە دوورکەوتنەوە لە دیعایە و رووکردنە ئیعلام (هیچ کەناڵێکی حزبی ئێستا وەك پازدەساڵ لەمەوبەر نییە) و هیچ کەناڵێك نییە تەنیا خەریکی پڕوپاگەندەی سیاسی بێت، هەموو ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی میدیایان کەم تا زۆر بەئەستۆوە گرتووە( هەر لە بەرنامەگەلی جۆراوجۆری مەعریفییەوە تا خزمەتی فەرهەنگ و بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگە تا دەگاتە بەرنامەی خۆشباری ) وەك چۆن لە گواستنەوەی هەواڵ و ڕەئیە جیاجیاکانیشدا چەند هەنگاویان بڕیوەو هەرگیز ئێستا لە جاران ناچن.

دوا بابەت کە دەمەوێت باسی بکەم و کۆتایی قسەم بێت: ئێمە دەبێ بزانین کە باسی پیشەگەرایی و پرۆفیشناڵی دەکەین باس لە پرەنسیپ و چەمکێکی ڕێژەیی دەکەین، لە دنیادا پیشەگەرایی وەك چەمکێکی ڕێژەیی باس دەکرێت کە قابیلی هەڵکشان و داکشانە، دەگوترێت ئەم میدیایە لەوی دیکە پیشەییترە، ئەمیان کەمتر پیشەییە، باس لە حاڵەتێکی موتڵەق ناکرێت، ناوترێت فڵانە کەناڵ پیشەییە و ئەوی دیکە ناپیشەیی، مادامیش چەمکەکە ڕێژەییە کەواتە هەر مۆدێلێکی میدیایی دەتوانێت بە شێوەیەکی ڕێژەیی ئەم چەمکە پیادە بکات.

پرسی پیشەیی بوون و نەبوونیش تەنیا پێوەندی بە میدیای حزبییەوە نییە، هەمان پرسیار لەسەر ئەو میدیایەشە کە بە خۆی دەڵێت بێلایەن و کەچی ئەوەندەی بە پشتگیری و هاوئاهەنگی لەگەڵ میدیای ئەحزابی موعارەزە دەناسرێتەوە، چارەکە ئەوەندەیەك بە بێلایەنی ناناسرێتەوە، ئەجیندای هەیە و بێلایەن نییە و بە فەخرەوە بەخۆی دەڵێت میدیای ڕەخنەگر، کەچی لە نێو هەموو پۆلێنکارییەکانی کایەی زانستیی میدیادا شتێك نییە بە ناوی مۆدێلی میدیای ڕەخنەگر، داتاشینی ئەم چەمکە نامۆیەش هەرگیز زەمینەیەك بۆ ئەو جۆرە میدیایە نارەخسێنێت کە بە خۆی دەڵێت ئەهلی تا بەو نازناوە جیابکرێتەوە لە میدیای موعارەزە، چونکە جیاوازییەك لە نێوان موعارەزەبوون و ڕەخنەگیریدا نییە.

**لە دنیادا پیشەگەرایی وەک چەمکێکی ڕێژەیی باس دەکرێت کە قابیلی هەڵکشان و داکشانە، دەگوترێت ئەم میدیایە لەوی دیکە پیشەییترە، ئەمیان کەمتر پیشەییە، باس لە حاڵەتێکی موتڵەق ناکرێت، ناوترێت فڵانە کەناڵ پیشەییە و ئەوی دیکە ناپیشەیی**

## حاج وەراق نووسەرو بیرمەندی سودانی بۆ گوڵان:

# ئیخوانەکان دەیانەوێت لە ئەزموونە باشەکانی مرۆڤایەتی داببڕێن، میسر پارچە پارچە دەکەن و یەکێتیی پێکهاتەیی کۆمەڵایەتیی گەلەکەی پچڕپچڕدەکەن

**حاج وەراق بیرمەندو نووسەرو ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەدارو چالاکوانی سودانی و، بەرهەڵستکارێکی بەهێزی حوکمی ئیسلامییەکانە لە سودان، لە ڕەوتی بزووتنەوە ئیسلامییەکانی ناوچەکەدا شارەزایی هەیە، چەندین توێژینەوەو کتێبی لەسەر داناون و دەیان وتاریشی لەم بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە، سەبارەت بەو ڕۆڵەی کە لە داکۆکیکردندا هەیبووە بۆ ماف و ئازادییەکانی وڵاتەکەی، بەم دواییە هەردوو خەڵاتی هیومان رایتس وۆچ و پێنووسی ئازادی وەرگرت..**
**لەم دیمانەیەدا وەراق لە دەرئەنجامەکانی هاتنی حزبە ئیسلامییەکان بۆ سەر کورسیی حوکم لە وڵاتە عەرەبییەکاندا کە دواتر بە شۆڕشی عەرەبی ناوزەد دەکرێن؛ هۆشیاریی دەدا،ئەو پێی وایە کە مافی گەلانی عەرەبی و یەکێتیی قەوارەکانیان لە سایەی حوکمی ئەم حزبە ئیسلامییانەدا مایەی مەترسی و هەڕەشەیە.**
**ئەمەی خوارەوە دەقی دیمانەکەی گوڵانە لەگەڵ ئەم بیرمەندە ناسراوەی سودانیدا.**

دیمانە/ ئەسما حوسەینی /قاهیرە

*** دوای شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی چۆن دەڕواننە هاتنی ئیخوانەکان بۆ سەرکورسیی فەرمانڕەوایی دەوڵەتانی ناوچەکە؟**

- هەر کاتێ ئیسلامییەکان بگەنە کورسیی فەرمانڕەوایی، بەدوای خۆیاندا کارەسات لە دوای کارەسات دێنن، چونکە ئەو کاتە بوارت پێنادەن گلەییان لێ بکەیت و وەڵامیشت نادەنەوە، بە تایبەتی کاتێك ئاسایشی دەوڵەت و پۆلیسیان بە دەستەوە بێت، پێت ناڵێن بۆچوونەکانت بێ مانان، بەڵکو وات لێدەکەن هیوا بەوە بخوازیت کە بریا هەر لەدایك نەبووبایت، هەروەك چۆن لە سودان روویداوە.

*** وا دیارە لەبەرامبەر فەرمانڕەوایانی ئیسلامیی سودانیدا ناسۆری زۆرت چەشتبێت؟**

- ئەمە بە تەنیا ناسۆریی نەبووە بۆ من، بەڵکو نیگەرانی و ناسۆرییان بۆ ملیۆنەها خەڵکی ئەو وڵاتە هێنا، ئێستا سودان لە جیهاندا بە دووەمین پلەی ڕێژەی بەرزی کۆچبەران ئەژماردەکرێت، هەر کەسێك لە دژی دروست بوونی دەوڵەتی ئیسلامیی دەنگی دابێت، ناچار کراوە لەو بەهەشتە ڕاگەیاندراوەی ئیخوان موسلمینەوە بەرەو ئیسرائیل هەڵبێت.

*** ئەدی چۆن دەڕوانیتە هاتنی ئیخوانەکان بۆ سەر کورسیی فەرمانڕەوایی لە میسردا؟**

- لە ئێستادا میسر رووبەڕووی هەندێ کێشەی بنەڕەتی بۆتەوە، ئەو کێشانە بە ئاسانی چارەسەر ناکرێن، ئەو پرسیارانەی کە ئێستا دەخرێنەڕوو، بەوەی ئایا مەسیحییەکانیش هەمان مافی موسڵمانانیان دەبێت، جا ئەگەر ڕێگە بەوە نەدرێ ئەوا دەرئەنجام میسر پارچە پارچە دەبێت، ئایا ئافرەتانیش هەمان مافی پیاوانیان دەبێ، ئەگەر ئەمەش سەرنەگرێت ئەوا مافی زۆرینەی میسرییەکان پێشێل دەکرێت، ئایا دەکرێت لە جیهانی هاوچەرخدا بووترێت ئێمە یان لە ئاشتی یان لەشەڕدا دەژین، هەر ئەمەشە کە لە کۆتاییدا میسر دەکاتە دوژمنی هەموو جیهان و کۆمەکبەخشین و کەرتی گەشتوگوزاری لاوازتر دەکات و داهاتی وڵاتیش دەخاتە بەر هەڕەشەی لەناوچوون،لە کۆتاییشدا میسر بەرەو ماڵوێرانی یەکجارەکی دەبات،هەروەکو پێشتر لە سودان روویدا.

*** بەڵام چاکتر نییە بۆ ئیخوانەکان لە میسر نموونەیەکی باشتر پێشکەش بکەن، ئەمەتا هەندێکیان لە ئێستادا زیاتر بە ڕووی خۆرئاوادا کراونەتەوەو هەندێکی دیکەشیان ڕێگا بە ئافرەتەکانیان دەدەن بخوێنن و کاربکەن؟**

- ئەگەر ئەو بۆچوونانە نەگۆڕدرێن، ئەوا میسر بە هەمان دەردی پێشووی دەبەنەوە،چونکە هیچ ئەزموونێکی فەرمانڕەوایی ئیسلامی نییە شکستی نەهێنابێت، نەك ئەزموونی موسڵمانان، چونکە دەکرێت موسڵمانان بەهاکانی دیموکراتییەت پەیڕەوبکەن، ئایا ئێستا دەکرێت من بەدوای زانستەکانی فیزیك و کیمیاو بایولۆژیی ئیسلامیدا بگەڕێم یان بەدوای پزیشکی و زانستیی تازەدا،هەروەها لە سیاسەتیشدا دەکرێ سوود لە سیاسەتی تازە وەربگرین، کە بریتییە لە دارشتنی بنەمای دەوڵەتی نیشتمانیی دیموکراتخواز، کە لەسەر بنەچەی بیروباوەڕ یان رەگەز یان جۆرهیچ جیاوازییەك لە نێوان خەڵکدا نەکات، کەواتە کێشەکە



لەوەدا نییە سیستمێکی ئیسلامییت هەبێت تا پیادەی بکەیت، بەڵکو دەبێ بەهاگەلێکت هەبێت وەکو موسڵمان پێوەیان پابەندبیت، هەروەها حیکمەت وەربگریت لەهەر شوێنێك کە بۆت بگونجێت،بەڵام ئیخوانەکان دەیانەوێت لە ئەزموونە باشەکانی مرۆڤایەتی داببڕێن، بەمەش میسر پارچە پارچە بکەن و یەکێتیی پێکهاتەیی کۆمەڵایەتیی گەلەکەی پچڕپچڕبکەن و ئافرەت کۆت و بەند بکەن و ئازادییەکانیان لێ زەوت بکەن.

*** چۆن دەکرێ ئیخوانەکان لە میسر ئەم هەڵە مێژووییە لەدەستی خۆیان بدەن، بێ ئەوەی تواناو لێهاتوویی خۆیان دووپات بکەنەوە؟**

- میسر دەوڵەتێکی گرنگەو گەلەکەشی مەزنە، بۆیە ئەگەر بکەونە نێو ئەم ئەزموونەوە، ئەوا بە ئاسانی لێی دەرباز نابن، دواتر وەك ئێمەیان بەسەردێت لە سودان کە بووینە قوربانی و رووبارێ خوێنمان بۆ گەڕانەوەی دیموکراتی ڕشت، بە مەرجێك ئیخوانەکانی میسر لە ئیسلامیە هاوتاکانیان لە سودان کەمتر کراوەترن وئەوانەی میسر زیاتر داخراوو توندڕۆترن.

*** پێش سێ ساڵ سودانت بەجێ هێشت، باشە بۆچی لە ناوەوەی ئەو وڵاتە درێژەت بە بەرهەڵستکاریی خۆت نەدا؟**

- دوای هەوڵێکی زۆر بۆ فراوانکردنی پەراوێزی ئازادییەکان لە سوداندا، گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە سیستمی کۆنترۆڵ و دەستگرتن بەم سیستمە زەحمەتە لە ناوخۆدا، بۆیە دەرچووم و لە دەرەوە ڕۆژنامەی (حریات) ی ئەلیکترۆنیم دامەزراند.

*** ئایا ئەمە هیچ کاریگەریی هەبووە... تۆو ئەوانەی لەگەڵتدابوون لە ئۆپۆزسیۆنەکانی سودان توانیوتانە لە سەغڵەتکردن و خستنەڕووی سیمای ڕاستەقینەی ڕژێمدا سەربکەون؟**

- کەمێك سەرکەوتوین، بەڵام سەرکەوتنی کۆتایی بە نەمانی رژێم و ستەمکاری لە سودان کۆتایی دێت.

*** بەڵام رژێمی سودان هەمیشە باس لە شەرعییەتی دەکات کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ بەدەستی هێناوە؟**

- راستە لە ساڵی ٢٠١٠ هەڵبژاردن ئەنجام دراوە،بەڵام ساختەکاریی زۆری تێداکراوە، بۆ بەرژەوەندیی تاکە حزبێك بووە ئەویش(کۆنگرەی نیشتمانی )یە، کە دادگاو پۆلیس و بانك و هەموو دەزگاکانی وڵاتی بەسیاسەت کردووە، هەموویانی کردووەتە حزبی سەر بە خۆی، لە سایەی ئەم بارودۆخەدا هەر هەڵبژاردنێك بکرێت شەرعی و بێگەرد نابێت، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەم جارەش لەلایەن زۆرینەی گەلی سودانەوە دانی پێدا نەنراوە، بەڵگەش بۆ ئەمە دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکان هەوڵی پێکهێنانی حکومەتیان دا لەگەڵ هێزە سیاسییەکاندا، کە دواتر ئەوان بایکۆتیان کردو دژی هەڵبژاردنەکە بوون، بۆیە ئەگەر بە راستی ئەو هەڵبژاردنانە رەواو پاك و بێگەرد بوونایە، ئەوان پەنایان بۆ بەشداری پێکردنی کەسانی دیکە نەدەبرد، دوای ئەوەی زیاتر لە ٩٠٪ی دەنگەکانیان مسۆگەر کردبوو، هەروەکو لە رژێمە تۆتالیتارییەکاندا ئەمە ڕوودەدات.

*** بەڵام لە میسردا لە سایەی هەڵبژاردنێکی تا رادەیەکی زۆر دیموکراتی، ئیسلامییەکان زۆرینەیان بەدەست هێنا؟**

**موسڵمانان لە ژێر جەورو ستەمی حزبە فەرمانڕەوا ئیسلامیەکان هەوڵی ڕزگاربوون دەدەن و ڕوو دەکەنە وڵاتانی خۆرئاوایی دیموکرات و عیلمانی، هیچ عاقڵمەندێکی ئیسلامی نییە لە دنیادا، سویسرا بگۆڕێتەوە بە سۆدان و ئێران و سعودیە**

**کارەساتی بەهاری عەرەبی لەوەدایە کە ڕژێمە ستەمکارەکانی پێشووی رووخان ، بەری رەنجی رووخانەکانیان لەلایەن بزووتنەوەگەلێک چنراوەتەوە کە رەواج بە عەقڵی داخراو دەدەن، نەک بە عەقڵی کراوە**

- لە چوارچێوەی زۆر شتی گرنگدا سەبارەت بە میسر پێویستە بزانین دیموکراتییەت بە تەنیا سندوقی دەنگدان نییە، بەڵکو سندوقی مێشکە، بە واتای ناکرێت قسە لەسەر ئازادی یان دیموکراتییەت بکرێت بە بێ بوونی عەقڵی ئازادو هۆشیار بۆ بنیادنانی دیموکراتیەت، کارەساتی بەهاری عەرەبی لەوەدایە کە رژێمە ستەمکارەکانی پێشووی رووخان و بەری رەنجی رووخانەکانیان لەلایەن بزووتنەوەگەلێك چنراوەتەوە کە رەواج بە عەقڵی داخراو دەدەن، نەك بۆ عەقڵی کراوە، بۆیە ئەم ئەزموونانەش لە ئەزموونە ستەمکارییەکانی پێش خۆیان خراپتر هەرەس دێنن، من وای دەبینم کە بەهاری عەرەبی بەرەو زستانی سەخت هەنگاوی هەڵێناوە نەك بەرەو بەهاری ئازادی.

*** وا دیارە تۆ بڕوات بە شۆڕشەکانی عەرەبی و بەهاری عەرەبی نییە؟**

- ئەوەی لە مەیدانی تەحریری میسرو پایتەختەکانی دیکەی وڵاتانی عەرەبیدا روویاندا، پێشتر پێویستی بە زەمینەسازییەك بوو بۆ ئازادکردنی عەقڵەکان، بەڵام بەداخەوە ئەم شۆڕشانە هیچ رۆشنبیرییەکی دیموکراتییان لەگەڵدا نەبوو، بەڵکو بزووتنەوەگەلێکی داخراوو گشتگیریان لەگەڵدا هات، کە دواتر ئەم دەوڵەتانە بەرەو ئەزموونێکی زۆر کوشندەتر دەبەن لەوەی پێشوو،هەروەك لە ئەزموونەکەی سوداندا بەرچاومان کەوت.

*** هەمیشە باس لەوە دەکرێت کە لە سایەی حوکمی ئیسلامییەکاندا مافەکان فەراهەم نەکراون، ئەو مافانە چین کە ترست لەسەریان هەیە؟**

- ئەو مافانەن کە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان دیاری کردوون،بۆیە هەموو ئەو مافانە بە هاتنی ئیسلامییەکان بۆ فەرمانڕەوایی دەکەونە ژێر هەڕەشەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٢ی دیسەمبەری ١٩٦٦ ئەم مافانەی دەست نیشانکردو لە ٢٣ی مارسی ١٩٧٦ پیادەکران،بۆیە دەکرێ بڵێین کە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان لە هەموو رێککەوتننامەکانی دیکە زیاتر ئەو مافانە دابین دەکات، واتا لە ئەزموونی مرۆڤایەتییەوە سەرچاوەیان گرتووە،ئەم پەیماننامەیە لە ٥٣ ماددە پێکهاتووە کە کۆمەڵێکی فراوانی مافی سیاسی و مەدەنی لە خۆ دەگرێت، دەکرێ گرنگترین ئەو مافانە لە مافی ژیاندا پوخت بکەینەوە،هەروەها مافی ئازادیی و پاراستنی گیانی مرۆڤ، واتا نابێ کەسێك بەند بکرێت یان بەزۆر دەستگیربکرێت، هەروەها نابێت هیچ کەسێك لە ئازادی و ئازادیی بیرباوەڕ بێبەش بکرێت، واتا هەموو ئادەمیزادێك مافی هەیە لە ئازادیی بیرکردنەوەو ویژدان و ئایین، واتا بۆی هەیە چ ئایینێك هەڵدەبژێرێت، یان بە ئازادیی گوزارشت لە چی دەکات، هەروەها هەموو تاکێك ئازادە لە وەرگرتنی زانیاری وبیروبۆچوون و گواستنەوەیان، دیسان مافی هەیە لە دامەزراندنی سەندیکاکان و گردبوونەوەی ئاشتییانەو هەڵبژاردندا،هەروەها نابێ لەو دەوڵەتانەی کە کەمایەتیی ئیتنی و ئایینی و زمانەوانییان تێدایە رێگە لەو کەسانە بگیرێ کە کەمینەن و بێبەش بن لە رۆشنبیریی تایبەتیان یان بە ئاشکرا پەیڕەو کردنی ئایین و قسەکردن بە زمانەکانیان، ئەمە وێڕای یەکسانیی لە نێوان پیاوو ئافرەتان لە مافە مەدەنی و سیاسییەکاندا، هەروەها یەکسانی لەبەردەم یاسا بەبێ هیچ جیاوازییەك، دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی جوداخوازیی لەسەر بنەمای ئیتنی و رەنگ و زمان ئایین و راوبۆچوونی سیاسی یان نا سیاسی و رەسەنایەتیی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و سامان و زۆر هۆکاری دیکە، هەروەها ناکرێ کەسێك ئەشکەنجە بدرێت یان سزایەکی توند یان نامرۆیی بەرامبەر بسەپێنرێت، دیسان نابێ دەست وەربدرێتە تایبەتمەندیی کەس یان کاروباری خێزانی و ئایین و پێوەندییەکانیان،هەروەها بە یاسا هەموو بانگەشەیەك بۆ کینەی نەتەوەیی و ئایینی و ئەوەی کە هانی جیاوازیی ئەتنی و دوژمنکاریی و توندوتیژی دەدات، قەدەغەبکرێت..

*** ئایا بۆچوونە سەرەکییەکانی ئەو بزاڤە ئیسلامییانەو بە تایبەت ئیخوانیانە کاریگەرییان هەیە بۆ سەر مافی سیاسی و مەدەنیی گەلەکانیان، ئەمە چۆن روودەدات؟**

- ئیسلامیی شموولییە، ئیسلامییەکان لە روانگەی سەنترالیزمەوە دەدوێن کە (ئیسلام ئایین و دەوڵەت) و (قورئان و شمشێر)ە،حوکمەکانی ئیسلامیش بە بۆچوونی ئەوان هەموو بوارەکانی ژیانی یاسایی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و هونەری...تاد،دەگرێتەوە.

*** کەواتە عەیبەکەی ئەوە لەچیدایە؟**

- چەندین ئەنجام و بۆچوون لەم دەستەواژەیەدان، گرنگترینیان ئەوەیە کە(سیستمی ئیسلامی)کە ئیخوانەکان هەوڵی بۆ دەدەن تەنیا بە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی سیاسی تەواو نابێت، بەڵکو بە دەسەڵات بۆ جارێکی دیکە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دادەڕێژێتەوە، بۆیە سیستمی (ئیسلامی)هەوڵ دەدات

**شۆڕشەکانی عەرەبی رۆشنبیریی دیموکراتییان لەگەڵدا نەبووە و بەری رەنجیشیان لە لایەن بزووتنەوە تۆتالیتارییەکانەوە قۆرخ کراوە**

تایبەتمەندیی دەروون کۆنترۆڵ بکات،واتا ویژدانی تاکەکەس! هەروەك یەکێك لە بیرمەندە ناودارەکانی ئەو ئیسلامییانە پێی وایە کە سیستمی ئیسلامی سیستمێکی شموولییەو رێبازی چاکەی رەوشت و رۆشنبیری و هونەری نەك تەنیا بۆ حوکمڕانەکانیان بەڵکو بۆ سەرجەم هاووڵاتیان دەست نیشان دەکات، واتا رێك ناکۆکە لەگەڵ جەوهەری نەریتی مرۆڤایەتی و پێشێلکردنیشە بەرامبەر ئازادیی هەڵبژاردنی بیروباوەڕو مافی تایبەتمەندیی.

*** بەرای تۆ چۆن پرەنسیبی شموولییەتی ئیسلامی ناکۆك دەبێت لەگەڵ عەقڵ و لۆژیك و خودی دەقەکانی ئیسلامدا؟**

- ئەگەر لە دەقەکانی قورئان و سوننەتەوە لە ئیسلام

ـ موسڵمان لە کاتی پەرستنیشدا بە تکاو رجاوە ڕوو دەکاتە خوا تا پەرستنەکەی لێ قبوڵ بکرێت، بەڵام حزبی ئیسلامی ڕاوبۆچوونی گوماناوی لەسەر ئەو بوارانەی ژیان بڵاو دەکاتەوە، دیستۆیفسکی کاتێ دەڵێت((ئەگەر خوا بوونی نەبێت هەموو شتێك بۆ مرۆڤ ڕەوایە)) مەبەستی بووە لەوەی کەسی بێبڕوا هەموو شتێك بۆ خۆی بە ڕەوا دەبینێت، بە لەناوبردنی کەسانی تریشەوە، بەو شێوەیە کاتێك حزبێکی ئیسلامەوی یان ئیخوانی خۆی بە تەنیا ژێدەری خێرو چاکە بزانێت، لە کرداردا وا دەکات وەك ئەوەی لە بری خوا بڕیاردەر بێت، بۆیە هەموو ئامرازەکان بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانجانەی بە پیرۆزی کردون دەخاتە کارو، دەشکەوێتە بەخشینەوەی مۆڵەت بۆ مافپێدان یان بۆ حەرامکردنی شتەکان..




**دیموکراتییەت تەنیا سندوقی دەنگدان نییە،بەڵکو سندوقی مێشکە، ناکرێ قسە لەسەر ئازادی یان دیموکراتییەت بکرێت بە بێ بوونی عەقڵی ئازاد و رۆشنبیر بۆ بنیادنان**

بگەین، دەزانین کە دەقەکان دیاریکراون، بەڵام کایەکانی ژیان دیارینەکراون، بۆیە ناکرێت دەقەکان هەموو کایەکان بگرنەوە،هەروەها هەندێ دەقی ئایینی هەن، باس لەوە دەکات کە (ئێوە زیاتر لە کاروباری دنیاتان ئاشناترن) دەربارەی (ئیجتهاد)یش کە هیچ دەقێکی بۆ نییە، هەروەها زۆر شتی دیکە دەربارەی (لێبووردەیی) لە تەشریعدا، واتا هەندێ بوار بەجێهێڵراون کە بێ تەشریعن، ئەویش وەك رەحمەتێکە بۆ بەندەکان، وێڕای ئەوەی کە قوتابیانی قوتابخانەکان زانیارییان هەیە لەسەر ئەوەی کە سەبارەت بە جەنگی بەدر ڕوویداوە ،واتا لەوە دەگەن کە هەندێ بواری دیکە جێهێڵراون بۆ (را) نەك بۆ سرووش.

*** چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان موسڵمانان و ئیسلامەویەکان؟**

*** ئایا نەنگییەك لەوەدا هەیە کە ئیخوانیەکان خۆیان بە دەقە ئاسمانیەکانەوە هەڵبواسن؟**

ـ ئیسلام دەق و بزاوتە، ئیخوان وا ڕادەگەیەنێت کە گوایە لە چەسپاندنی دەقەکانەوە مەبەستێتی ئیسلام بچەسپێنێت، بەڵام دەقەکان فرە دیدو ئاراستەن، پێشترو ئێستاش موسڵمانان لە ڕاڤەکردنەوەیان جیاوازیی زۆریان لەناویەکدا هەبووە، بە پێی بەرژەوەندی و زانیاری و میزاجی خۆیان، هەر کامیان ڕاڤەکردنەکەی خۆی پێ ڕاستربووە، بۆیە کاتێك ئیخوان بە تەواوی دەسەڵات دەگرێتە دەست، ئیتر کەشوهەوایەکی پڕ لە تیرۆری فکری سازدەکات، هەڵبژاردن و پرۆژەکانی تر دادەپلۆسێت، پێشکەوتنی فکرو زانست ڕادەگرێت، ئۆپۆزسیۆنەکانیشی دەخاتە خانەی لادەرانی بواری ئایینیەوە، ئیخوانی تەنیا وابەستە نییە بە تەنزیراتی دەقەوە بەڵکو چالاکوانیشە،

**وتەزای گشتگیریتی ئیسلامەوی بە واتا بەئیسلامکردنی هەموو بوارەکانی ژیان، بە واتا پێشێلکردنی ماف و تایبەتمەندیەکان، مەترسیدارتر لەمەش ئەوەیە دەبێتە هۆیەک بۆ بە پیرۆزراگرتنی بژاردەیەک لە ئیسلامی سیاسیدا**

**بە ئیسلامیکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێ هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی بە ڕەی ئاسمان بپێوریت، ئەمەش لەگەڵ ویستی خوای گەورەدا پێچەوانەیە چونکە خوای گەورە مرۆڤی سەرپشک کردووە لە هەڵبژاردندا**

بە پێی پێداویستیەکانی ڕۆژانەی بزاوتەکەی بە ڕاڤەی خۆیەوە دەقەکان چارەسەر دەکات، تەنانەت دووفاقێتی سیاسییان لە هەمبەر بەکاردەهێنێت، بە میزاجی ڕۆژانەی بەرژەوەندییە سیاسیەکانەوە مامەڵەی ڕۆژ لەگەڵ دەقەکاندا دەکات، ئەمەش وای لێ دەکات ڕووناکبیرانە لە شتەکان نەڕوانێت و فکری هەمیشە ئامادە بێت بۆ پاشگەزبوونەوە لە وتەو بڕیارەکانی پێشتری.. بەتایبەتیش لەوانەدا کە پێوەندیدارن بە ئازادی بڕوا یان بە مافەکانی ئافرەتان یان بە مافی ئەوانەی ئیسلام نین، بۆیە یان فڕوفێڵ دەکرێت بۆ شاردنەوەی ئامانجی لە ناخدایە، یان بە کاتی لەو دەقانەی سیاسی ناکەونەوە دەسبەرداردەبێت وەك ئەوەی هەر بوونیان نەبێت، ناشیانخاتە بەر تیشکی دیالۆگی ئاشکراوە.

*** گرنگترین شتێك کە ئیسلامیەکان ئامانجیانە، چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلامیە، ئەمە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا بە پێچەوانە ناکەوێتەوە؟**

ـ حزبی ئیسلامی سزا گەیەنەرە نەك مافپێدەر، تەنیا شەریعەتی ئیسلامییە کە لای ئیسلامیەکان ڕژێمی ئیسلامی جیا بکاتەوە، ئەمەش بە لای بەرفراوانترین کەرتەکانی ئیسلامیەکانەوە دیارە کە چۆن سزاکان تا دوا سنوورو ئاست دەگەیەنن، وەك چۆن لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە«إنما أهلك الذين قبلكم، أنهم كانوا إذا سرق فيهم الشريف تركوه...، وإذا سرق فيهم الضعيف أقاموا عليه الحد»

ئێستاش زۆر لە ئیخوانەکان بە ناوی ئایینی ئیسلامیەوە سزای دوا سنوور بۆ تاکەکان دادەنێن و ئەمەش دەیانکاتە ڕژێمێکی وا کە نەتوانن ماف و کەرامەتی مرۆڤ و بەختەوەری و پێشکەوتنیان دەستەبەرو مسۆگەر بکەن، لە بەرانبەریشدا زۆر سیستمی دیموکراتی و عیلمانی هەن کە سزاتوندەکان وەلا دەنێن و ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ دەگرن، بە لای خودی موسڵمانان خۆشیانەوە ئەو سیستمە دیموکراتیانە کاریگەرییان زیاترەو پێی سەرسامن، بۆیە موسڵمانان دەنگ بە عیلمانیەکان دەدەن، تا بەو شێوەیە لە ژێر جەورو ستەمی حزبە فەرمانڕەوا ئیسلامیەکان هەوڵی ڕزگاربوون بدەن و ڕوو بکەنە وڵاتانی خۆرئاوایی دیموکرات و عیلمانی، هیچ عاقڵمەندێکی ئیسلامی نییە لە دنیادا، سویسرا بگۆڕێتەوە بە سۆدان و ئێران و سعودیە..

خۆ ئەگەر ڕژێمی سیاسی ڕژێمێکی گرێبەست بێت، ئەرکی فەرمانڕەوایان پێویستە نەهێشتنی برسێتی و فەراهەمکردنی پیشەو کار بێت، ئەگەر هەر ڕژێمێکی ڕەگداکوتاو لەسەر فەراهەمکردنی مافەکان بە شێوەیەکی ئیستسنائی و لاوەکی ڕاهێنرابێت، سزاکان لە ناو بونیادەکە خۆیدا بوونیان دەبێ، ئەگەر بچەسپێنرن ئەوا لەسەر بناغەی یەکسانی و دادپەروەری و بەزەیی سزای کەسەکان دەدرێت، ڕێکەوت نییە کە ئەوانەی لە دەوڵەتێکی ئیسلامی خۆشگوزەراندان هەڵدەستن بە چەسپاندنی سزاکان تا سزادانی ئەوانی تر لە ژێر ناوی موقەدەسدا ببێتە پاسەوانی بەرژەوەندییە کەسییەکانیان، هەر ڕژێمێك لە ڕێی سزاکانەوە ڕەوایەتی بە هێزو جەبەرووتی خۆی بدات، بە لای خەڵکیەوە لەم سەردەمی چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤدا سەرنجڕاکێش نابێت..

***چۆن تەماشای فەرمانڕەوایەتی ئیسلامیەکان دەکەیت بە پێوەری پراکتیکاڵی سۆدانی؟**

ـ حوکمی ئیسلامی سودان لە جیهانی ئیسلامیدا بزاوتێکی ئاوارتەیە، لە ناو زەمینەیەکی لێبوردەیدا دروست بووە، وەك بزاوتەکانی هاوشانی خۆی نەکەوتۆتە بەر لێدان و چەوساندنەوە، سەرکردایەتی ئەو بزاوتەش بەراورد بە ئیسلامیەکانی تر کراوەتربوون، لە باشترین زانکۆکانی خۆرئاوا دەرچوون و کەلتووری ئیسلامگەراییان تێکەڵ بە زانست کردووە، چەندینجار لە حوکمدارییی بەشدارییان کردووە، لە ٣٠ یۆلیۆی ساڵی ١٩٨٩ بۆ ماوەی بیست ساڵێك حوکمیان کەوتە دەست، بەڵام ئەزموونی ئەوانیش لە مێژووی سۆداندا خراپترین ئەزموونی حوکمە

*** ئەوە چۆن بوو؟**

ـ ئەزموونی ئیسلامیەکانی سۆدان شکستی خوارد، ڕژێمە سیاسیەکە کەوتە وێزەی گیانی حەسەن تورابی دامەزرێنەرەکەیان، چونکە لە گۆڕەپانی ئەخلاقیدا شکستخواردوو بوون و سۆدانیان گەیاندە پێنجەمین دەوڵەتی گەندەڵ لە دنیادا، ئەوەش لە ڕاپۆرتی شەفافیەتی نێو دەوڵەتی هاتووە کە لە هەموو مێژووی هاوچەرخی سۆداندا گەندەڵێتی وەها وێنەی نەبووە زۆربەی سەرکردە ئیسلامیەکانیش گەواهی بۆ ئەو ڕاستییە دەدەن..

گەندەڵبوون وەك دیاردەیەکی سەرتاپاگیری لێ هاتووە، بووەتە ڕژێمێکی دامودەزگایی کراو، هەڵە نە لە لادانی کەسەکانەوەیە، نە لە فیتنەگێڕی ناوخۆیی، بەڵکو لەو فیکرە باوە گەندەڵانەیە کە ڕژێمەکەی لەسەر بونیاد نراوە،نەیانتوانیوە چاودێری بخەنە سەر پەرلەمانێکی هەڵبژاردەی پاك و بێگەرد، نەیانتوانیوە دادگا سەربەخۆ بکەن و ئازادییان فەراهەم نەکردووە بۆ ڕاگەیاندن و سیستمی کارگێڕی و ژمێریاری تازەیان نەخستۆتە گەڕو تاد، دواتر بە جینۆسایدکردن کەوتە وێزەی سۆدانیەکان و مافی ژیانی لە خەڵکانێکی

زۆر زەوت کردو لەسەر ئیتنی و ناسنامە خەڵکیان دەکوشت و گوندەکانی دەسووتان و منالانیان فڕێ دایە ناو ئاگردانەوەو ئافرەتیان هەتك دەکرد، هەموو ئەمانە لە ڕاپۆرتە جیهانیە باوەڕپێکراوەکاندا تۆمارکران، ئۆردوگاکان زیاتر لە دوو ملیۆن سوودانی تێدا خزێنرابوون، چی وای لە دوو ملیۆن مرۆڤ کردووە کۆڕەو بکەن و ماڵ و حاڵی خۆیان جێبهێڵن، ڕژێم دەیووت ئەوانە شێت بوون، باشە شێت بوونی دوو ملیۆن مرۆڤ ئایا موسائەلەیەکی تەواوی کەلتووری سیاسی لە دوا نابێت، ئەوانە ڕووبەڕووی توندوتیژی ئەخلاقی و ئایینی و مرۆیی بوو بوونەوە..

جینۆسایدەکەش فرە هۆکاربوو، لەوانە هۆکارە ئیدیۆلۆژییەکەی کە مافەکانی دەلەوتاندن لەوانەش مافی لێسەندنەوەی ژیان لە ئۆپۆزسیۆن، یان ئەو ئیدیۆلۆژیەتەی وەك ئامرازێکی گەردوونی بۆ پیادەکردنی سیاسەت، توندڕەوێتی تەقدیس دەکرد، هەموو ئامرازێکی لا ڕەوایە بۆ گەیشتن بە ئامانجی موقەدەسی باڵا، کە ڕەوایەتی بە دەسەلاتەکەی خۆی دەسپێرێت بە هەنجەتی داواکارییەکانی ئاسمان نەك بە پێی پێداویستیەکانی سەر زەوی و مرۆڤ و مافەکان و ئازادییەکان و پەرەپێدان و خزمەتگوزارییەکانی..

*** ئایا ئەمە بە واتای شکستهێنانی چارەنووسی هەموو ڕژێمێکی ئیسلامیە لە هەر شوێنێکی جیهاندا؟**

ـ ئەگەر هەموو دەسەلات لای ئیسلامیەکان کۆبێتەوە ئەوا بەڵێ، ئەوەتا کراوەترین دەسەلاتی ئیسلامی لە سۆدان دەرئەنجام گەیاندییە جینۆسایدکردنی ئەوانی تر، کەواتە دوور نییە ئەوانی تریش ئەگەر هەموو دەسەلات لە بن دەستیان بێت، بیگەیەننە لەناوبردنی مافە سیاسی و مەدەنیەکان..

*** ئەی چۆن ئەم ئەزموونە شکستخواردووەی سۆدان بۆ ئیخوانەکان دەبێتە پەند**

ـ ئەگەر ئیسلامیەکان دەرئەنجامێکی لۆژیکی جیاواز لەو ئەنجامە شکستخواردووە لە ڕێی ڕێگەچارەی فکری و ئاراستە سەرەکییەکانەوە لە پێش چاویان دابنێن، چارەسەر ئەوەیە میانڕەو بن وەك موسڵمانی دیموکراتی، سرووش لە بەهای ئایینی وەربگرن و لەوە تێبگەن کە هەموو حەقیقەت لای ئیسلام نییە بە تەنیا، ئەم سرووشەیان لەسەر بناغەی( لا إكراه فی الدین ) و( أنتم أعلم بشئون دنیاكم ) دابرێژنەوە، حیکمەتی مرۆڤایەتی وا دەخوازێت وەك باشترین سیستمی سیاسی هاوچەرخی مرۆڤایەتی دیموکراتیەت بەرز ڕابگرن..





## جومعە عەتوانی

### پەرلەمانتار لە لیستی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عیراق بۆ گوڵان:

# ئومێدی نزیکبوونەوە لە نێوان هاوپەیمانیی کوردستانی و هاوپەیمانیی نیشتمانی پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە

**باروودۆخی ئێستای عێراق باروودۆخێکی هەستیاری تەمومژاوییە، ئەو ئاستەنگ و تەحەدیانەی رووبەڕووی پرۆسە سیاسییەکە بوونەتەوە، هەمووی ئاکامی پابەندنەبوون بە دەستوور و ئەو رێکەوتننامانەیە کە پێشتر ئیمزایان لەسەر کراوە، هەر بۆیە ماوەیەکی درێژ بوو لەسەر ئەم پرسانە گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دروست ببوو، حکومەتی ناوەند هەوڵیدەدا بە گوشار دروستکردنی هەمەلایەنە پێگەی هەرێم لاواز بکات، بەڵام وەك لەم دیدارەدا جومعە عەتوانی پەرلەمانتاری هاوپەیمانی نیشتمانی لەسەر لیستی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی ئاشکرای دەکات، بەغدا نەیتوانی پێگەی هەرێم لاواز بکات، هەرێمی کوردستانیش کە هەموو کات داوای لە هاوپەیمانی نیشتمانی کردووە هەنگاوی جددی بۆ چارەسەری کێشەکان بە ئاشتی هەڵبگرن، ئێستا دوای سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا، خەریکە ئەو قەناعەتە دروست دەبێت کە تەنیا رێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، رێگەی ئاشتی و دیالۆگ و پابەندبوونە بە دەستوور و رێککەوتنەکان و لە ناویشیاندا رێککەوتنی هەولێر، بۆقسەکردن لەسەر ئەم پرسەو چەند پرسێکی دیکە، جومعە عەتوانی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** دوای سەردانی شاندی هاوپەیمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هەستدەکرێت جۆرە خاوبوونەوەیەك لە گرژیەکان هەیە، ئایا دوای ئەم سەردانە چۆن سەیری باروودۆخەکە دەکەن؟**

- لە راستیدا رەوشی ئێستای عێراق تەمومژاوییە، هەرچەندە رێژەی ئومێدی نزیکبوونەوە و خاوبوونەوەی گرژییەکان لەنێوان هاوپەیمانیی نیشتمانی و هاوپەیمانیی کوردستانی تا رادەیەکی چاك پێشکەوتن بەخۆوە دەبینێت لە میانی دیالۆگ و گفتوگۆکردنەوە، بەمەش دەرگایەکی هیوا بەڕووی بەتینکردنی پەیوەندییەکان و گەڕانەوەیان بۆ دۆخی جاران و بگرە زیاتریش کرایەوە، هەرچەندە پێشتریش ئەو قەیرانەی نێوان هەردوولا نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی کە کاریگەریی زۆر نەرێنی بکاتە سەر پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، بەڵام گرفتە گەورەکە لە نێوان حکومەتی ناوەندو پارێزگاکانی خۆرئاوای عێراقە، دیارە ئەو گرفتەش لەو داخوازییە ناشەرعییانەدایە کە خۆپیشاندەران بەرزی دەکەنەوە هەروەها لەو ئەجیندایانەی کە بەسەر شێوازی خۆپیشاندانەکاندا دەسەپێنرێن، بۆیە من گەشبینم کە لەماوەی ساڵی داهاتووی تەمەنی ئەو حکومەتە پێشکەوتنێکی بەرچاو لە خاوبوونەوەی گرژییەکان و لەیەکترنزیکبوونەوەی لایەنە پێکناکۆکەکان دێتەئاراوە و یاسایەکیش دەردەچێت بۆ یەکجاری بنبڕکردنی تایفەگەریی لە عێراقدا.

*** پێتانوایە ئەمە تا چەند هەنگاوی ئەرێنییە بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکان؟**

- لە راستیدا بینیمان کە گرژی و لێدوانی دژ بەیەکدی هەبوو لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، بەڵام لە کۆتاییدا هیچ کامێکیان نەیانتوانی ئیرادەی ئەوی دی لاواز بکات، بەڵام سەرەنجام هەر دەبێت هەموو کێشەکان هەر بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن تاکو هەموو لایەك بگەنە چارەسەری کۆتایی و پرۆسەی سیاسیش بەردەوام بێت.

*** ئایا بەشێوەیەکی گشتی هاوپەیمانی نیشتمانی تاچەند جددییە لەوەی کێشەکان بە شێوازی ئاشتی و دیالۆگ چارەسەر بکرێن، ئەمەش نەك لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەڵکو کێشەکانی عێراق بەگشتی؟**

- من پێموایە ئێستا پەیوەندییەکانی هاوپەیمانی نیشتمانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەرەو پێش هەنگاو دەنێت و ئەگەر پێشتریش ناکۆکییەك یان جیاوازییەك لە هەندێ بۆچوون هەبووایە لە نێوان هەردوولا، بە تایبەتیش لەگەڵ حکومەتی ناوەند لە جێبەجێکردنی رێکەوتننامەکان لەوانە رێکەوتننامەی هەولێر ئێستا خەریکە لێکتێگەیشتن دروست دەبێت، بۆیە کێشەی حکومەتی ناوەندی لەگەڵ پارێزگاکانی رۆژئاوا جیاوازە لە کێشەکانی لەگەڵ

هەرێمی کوردستاندا، چونکە ئەوەی هەرێم داخوازی ئاشتی و دەستورین و دەکرێ بە دیالۆگ چارەسەربکرێن، بەڵام لە رۆژئاوا ئەو سەرکردەو سیاسییانەی خەڵکەکە دەجووڵێنن بە پێی ئەجندای دەرەکی رەفتاردەکەن، تەنانەت بە شێوەیەك هەڵسوکەوت دەکەن داخوازییە رەواکانی خۆپیشاندەرانیشیان بە هۆی ئەو ئەجندایانەوە سووتاند و حکومەتیش گوێی لە داخوازییە رەواکانیان گرتووەو خەریکە بەپێی تواناو یاسا جێبەجێیان بکات، بۆیە دەبینین لە هەینی پێشووتر سەرانی خۆپیشاندانەکان داخوازییە رەواکانیان سووتاندو رایانگەیاند کە داخوازیی نوێیان پێیە، لە راستیدا ئەوە داخوازیی نوێ نییە، بەڵکو ئەوەیە کە لەلایەنی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە پێیان دەگوترێت، بۆیە پێموانییە بتوانرێت مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە داخوازییە بکرێت کە مەبەستی دابەشکردن و بە هەرێمکردنی عێراقە لەسەر بنەمای تایەفەگەری، بۆیە ئێستا بە هەوڵ و کۆششی سەرۆك عەشیرەتەکان و خێرخواز و خاوەن ویژدانی نیشتمانی خەریکین رێگە لە پەرەسەندنی توندوتیژی دەگرین و نامانەوێ ئەوەی کە لە حەویجە رووی دا دووبارە بێتەوەو چی دیکە خوێنی هاووڵاتیان بە ناحەق نەرژێت، بۆیە دەمانەوێت لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بگەینە هەندێ خاڵی هاوبەش کە بتوانین بە شێوەیەکی جددی کار لەسەر داخوازییە رەواکانیان بکەین.

*** ئایا پێتوایە زەحمەتە لەگەڵ سوننە بە زمانی دیالۆگ و گفتوگۆ مامەڵە بکەن؟**

- مەبەستم لێرەدا بەشی رۆژئاوا یان باشوور نییە، بەڵکو لەگەڵ شێوازی پرۆژەی دژ بە پرۆسەی سیاسیی عێراقە، چونکە بەڕاستی هەروەکو ئاماژەشم پێکرد لەگەڵ عاقڵمەند و ریش سپی و ناودارانی عەشیرەتەکاندا گەیشتینە ئەو ئاستەی کە مامەڵە لەگەڵ داخوازییەکانیان بکەین، بەڵام دەبینین کەسانی دیکە لە سیاسییەکانیان دێن و هەندێ پرۆژە دەخەنەڕوو کە لە ئاستی داخوازییە رەواکان و پرەنسیبی شەراکەت تێدەپەڕێت، بۆیە ئێمە ئەوەیان بە پیلان دژ بە پرۆسەی سیاسی دەزانین، تەنانەت دەبینین لە پارێزگای ئەنبار کەسانێك سەرکەوتنەسەر سەکۆی کۆبوونەوەکان بەناوی رێکخراوی ئەلقاعیدە هەڕەشەی کوشتن و سەربڕین دەکەن، چۆن دەکرێ بە شێوەیەکی ئەرێنی مامەڵە لەگەڵ ئەمانەدا بکرێت، تەنانەت هەندێکیان دەستیان بە خوێنی عێراقییەکان و خەڵکی ناوچەکەش سووربووە، لەلایەکی دیکەوە دەبینین کە خۆپیشاندەران لە حەویجە قایل نەبوون ئەو تاوانبارانەی خزابوونە نێوانیانەوە رادەستی هێزەکانی حکومەتیان بکەن، بۆیە پێموایە بە گفتوگۆ دەتوانین کێشەکان چارەسەر بکەین و شکست بە پرۆژەو پیلانەکانی دژ بە پرۆسەی سیاسی بهێنین.

*** پرسیارێك هەیە کە زۆر دەخرێتەڕوو ئەویش ئەوەیە ئایا خودی حکومەت کەمتەرخەم نییە کە دەبوایە لە سەرەتاوە بەپیر هەندێ داخوازیی سووك و ئاسانی خۆپیشاندەرانەوە بهاتایە تا کارەکە بەم ئاستە نەگەیشتبایە؟**

- راستە، رەنگە حکومەت لە بەشێکی ئەم رەوشەدا کەمتەرخەم بێت، بەڵام دەبینین کە حکومەت چەندین لیژنەی پێکهێناوە بۆ جێبەجێکردنی داخوازیی خۆپیشاندەران لەوانە چەندین ئافرەتی زیندانیی ئازادکردو بە هەزاران بەندکراوی دیکەشی بەردان ئەوانەی کە تۆمەتەکانیان لەسەر ساخ نەبووەوە، هەروەها مووچەی (سەحوە)کانی زیادکرد لە ٣٥٠هەزارەوە بۆ ٥٠٠ هەزار دینار و ئێستاش لیژنەی پێنج قۆڵی لە چاوخشاندنەوە بە داخوازییەکانیان هەر بەردەوامە، باشە ئایا سەرانی خۆپیشاندانەکان ئاماژەیان بەم هەنگاوانە کرد و گوتیان حکومەت یاسای لێپرسینەوەو دادپەروەری و هەواڵدەری نهێنی هەڵوەشاندەوەو هەزاران پیاو و ئافرەتی ئازادکرد؟ بێگومان نا، ئەمەیان رانەگەیاند، بەڵام کێشەکە لە پارێزگاکانی رۆژئاوا لە بازنەی ئەو داخوازییانەدا نییە، بەڵکو راستییەکەی جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی دەرەکییە کە بە دانپێدانانی خودی سەرانی خۆپیشاندانەکان و سەرۆك عەشیرەتەکانیش ئەوان دژی پرۆسەی سیاسی کار دەکەن.

*** دیارە لەماوەی رابردوودا ئەنجومەنی باڵا رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە نزیککردنەوەی راوبۆچوونی لایەنەکان و دۆزینەوەی چارەسەرێك کە هەموولا پێی قایل بن، ئایا ئێستا ئەنجومەنی باڵا هیچ هەنگاوێکی لەم شێوەیەی لەژێر دەستە؟**

- بێگومان ئەنجومەنی باڵا هەمیشە بەرژەوەندیی هەموو لایەنەکانی لە عێراق مەبەست بووەو دەیەوێت میانڕەوانە کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بکات، بڕوا بکە ئەو هەنگاوەی کە بۆ نزیکبوونەوەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەند هاوێژرا زیاتر بە رۆڵی کاریگەری ئەنجومەنی باڵا هاتۆتەدی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی هاوپەیمانیی نیشتمانی، دیارە ئەوەش لەبەر ئەو میانڕەوەی و پەیوەندییە دێرینەی ئەنجومەنی باڵا هەیەتی لەگەڵ هەموو لایەنەکان و سەرۆك عەشیرەتەکان، بەتایبەتیش کە دەبینین بەم دواییە سەماحەتی عەممار ئەلحەکیم لەگەڵ ئوسامە نجێفی و سەرۆك عەشیرەتەکانی ئەنبار کۆبۆوە، کە ئەمە بیروڕاکان لە یەکدی نزیك دەکاتەوەو هەر نەبێ پرۆژەی ئەجندای دەرەکی لە گۆڕەپانەکە دوور دەخاتەوە. بۆیە ئێمە لە رابردوودا هەموو رێگەیەکمان تاقی کردەوە هەروەکو لە ساڵی ٢٠٠٦ هیچ کامێکمان سەرکەوتوو نەبووین، بۆیە تەنیا رێگە لەبەردەم هەموو لایەنەکاندا تەنیا گفتوگۆ و دیالۆگی دڵسۆزانەو بنیادنەرانەیە تاکو عێراق لەم قەیرانە رزگار بکەین.

**کێشەی حکومەتی ناوەندی لەگەڵ پارێزگاکانی رۆژئاوا جیاوازە لە کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، چونکە ئەوەی هەرێم داخوازی ئاشتی و دەستوورین**

**گەشبینم کە لەماوەی ساڵی داهاتووی تەمەنی ئەو حکومەتە پێشکەوتنێکی بەرچاو لە خاوبوونەوەی گرژییەکان و لەیەکترنزیکبوونەوەی لایەنە پێکناکۆکەکان دێتەئاراوە**

**ئەو هەنگاوەی کە بۆ نزیکبوونەوەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەند هاوێژرا زیاتر بە رۆڵی کاریگەری ئەنجومەنی باڵا هاتۆتەدی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی هاوپەیمانیی نیشتمانی**

# هەڵکشانی پێگەی تورکیا و کاریگەریی لەسەر ناوچەکە

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی



پەرەسەندنێکی گرنگ کە لە ساڵی رابردوودا روویدابێت بریتییە لە رۆڵی روو لە هەڵکشاوی تورکیا وەك هێزێکی ئیقلیمی. ئەوە ئاشکرایە کە کاریگەریی ئابووری و سەربازی و دیپلۆماتی ئەنقەرە روو لە زیادبوونە. هەر گومانێکیش هەبووبێت لەو رووەوە، رەوییەوە، کاتێك ئیسرائیل پۆزشی بۆ ئەنقەرە هێنایەوە لەبەرامبەر ئەو رووداوەی تێیدا هێزەکانی ئیسرائیل هێرشیان کردەسەر کەشتیگەلێکی بچووك کە بەرەو غەززە دەڕۆیشت- ئەو رووداوەی بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەك لە هاووڵاتی تورکی.

حکومەتی ئیسرائیل، بە تایبەتی لەسایەی سەرکردایەتیی سەرسەختی سەرۆك وەزیران، بنیامین نەتنیاهۆ، نەیکردۆتە نەریت کە پۆزش بۆ هیچ کەسێك بهێنێتەوە. بە دڵنیاییەوە فشاری واشنتۆن بۆ سەر نەتنیاهۆ بۆ باشکردنی پەیوەندییە گرنگەکانی ئیسرائیل لەگەڵ تورکیادا، کە بەم ساڵانەی دوایی بە ئەندازەیەکی زۆر تێکچووبوون، هۆکارێك بوون بۆ ئەوەی بڕیاری پۆزشهێنانەوە بدرێت. ئیدارەی ئۆباما نارەحەت بوو بەو سارد و سڕییەی کە لە نێوان دوو هاوپەیمانی گرنگیدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتبۆوە ئاراوە. هەرچۆنێك بێت، پێشتر تەل ئەبیب بەرهەڵستیی داواکارییەکانی ئەمریکای دەکرد بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێك لەگەڵ ئەنقەرەدا. ئەوەی لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣دا گۆڕا قەناعەتی نەتنیاهۆ بوو کە چیتر ئیسرائیل ناتوانێت بەرگەی دوژمنایەتییەکی بەردەوام بگرێت لەگەڵ هێزێکی گرنگی وەك تورکیادا.

هەروەها لەم چەند مانگەی داهاتوودا چەند تەوژمێکی دیکە بوونە هۆی باشتربوونی پێگەی ئەنقەرە. تەقینەوەی هەلاوسانی دارایی قوبرس بە رادەیەکی گەورە بووە هۆی زیادبوونی دەستڕۆیشتوویی تورکیا لە پەیوەندیدا بە ناکۆکی خاکەوە، کەوا بۆ

نزیکەی چوار دەیە دەچێت لە ئاڵۆزبوون و خراپبووندایە. نەك هەر تەنیا بووە هۆی لاوازبوونی حکومەتی قوبرسی یۆنانی، بەڵکو خراپ بەڕێوەبردنی ئابووری شەریکەکانی نیقۆسیای لە یەکێتیی ئەورووپا ناڕەحەت کردووە. بەرپرسەکانی ئەڵمانیا و بەریتانیا بە ئاشکرا باس لە فشار دروستکردن دەکەن لەسەر حکومەتی قوبرس بۆ ئەوەی دەست لە بەرهەڵستی کردنی خۆی هەڵبگرێت بۆ چارەسەرێکی «میانڕەو»، کە هاوشێوەی پلانی لەباربراوی کوفی ئانانە لە ساڵی ٢٠٠٤دا، بۆ کۆتایی هێنان بە دابەشبوونی سیاسی دورگەکە. ئەگەر یەکێتی ئەورووپا ڕێوشوێنێکی هاوشێوەی پلانەکەی ئانان بسەپێنێت، ئەوا دەبێتە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ تورکیا، لەبەر ئەوەی بوار بە هێزە داگیرکەرە تورکیەکان دەدات لە قوبرسی باکووردا بمێننەوە و شەرعیەتی بە بوونی ئەو خەڵکانە دەدات کە لە تورکیاوە هاتن و تێیدا نیشتەجێ بوون، ڕەنگە ئەمە سازشکردنی نیقۆسیاش لە خۆبگرێت بۆ ئەنقەرە لەپەیوەندیدا بە یەدەگی نەوت و غازەوە کە لە ژێر ئاودا و نزیك لە قوبرس بوونیان هەیە.

هەروەها لاوازکردنی ڕژێمی بەشار ئەسەد پێگەی ئیقلیمی سوریای لاوازکردووە. هەرچەندە گومانی تێدانییە حکومەتی ئەردۆغان نیگەرانە لەو ناسەقامگیریەی ڕەنگە ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد دروستی بکات لە سوریا (هەروەها لە وڵاتە دراوسێکانی وەك لوبنان و عێراق)، هاوکات پێیوایە ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد دەبێتەهۆی ڕاماڵینی ڕکابەرێك کە تورکیا مێژووییەکی دوورودرێژی لە پەیوەندی پڕ لە بارگرژی هەیە لەگەڵیدا. حساباتی زیان و قازانج وایکرد ئەنقەرە پشتیوانی هێزە یاخیبوەکان بکات کە هەوڵی ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد دەدەن. نەك هەر تەنیا تورکیا داڵدەی سوپای سوری ئازاد و باڵە سیاسیەکەی داوە، بەڵکو چەك و هاوکاری دارایی بۆ یاخیبوان دابین کردوون. ئەگەرچی سوریا چەند دژە هێرشێکی لەم هەفتانەی دواییدا ئەنجامدا، بەڵام ئەگەری ڕزگاربوونی ڕژێمەکەی ئەسەد لە مەودای دووردا کارێکی باش نییە. تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕزگاری بێت، ئەوا دەسەڵاتی بەسەر زۆرێك لە خاکی سوریادا نامێنێت، بە تایبەتی لە باکوور و سنوری تورکیادا.

ئەمەش بە مانای ئەوە دێت دەستڕۆشتوویی تورکیا لە باکووری سوریا بە شێوەیەکی بەرچاو گەورە دەبێت لە داهاتوودا.

لە کۆتاییدا، هێز و دەستڕۆیشتوویی تورکیا لە هەڵکشاندایە، لەبەر ئەوەی ڕەنگە ئابووریی ئەو وڵاتە تەندروستترین و بگرە زیندووترین ئابووری بێت لە ناوچەکەدا، ئەمەش سەریکێشاوە بۆ گەشەیەکی خێرای پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ دراوسێکانیدا، لە نێویاندا هەرێمی کوردستان. ڕەنگە ئەو دەستڕۆیشتوویە ئابوورییەی کەلەم پەیوەندیانەوە سەرچاوە دەگرێت شاردراوە بێت، بەڵام کەمتر واقیعی نییە.

گومانی تێدا نییە پێگە و دەسەڵاتی تورکیا لە هەڵکشاندایە. ئەوەی کەمتر ئاشکرایە ئەوەیە ئایا ئەنقەرە هەوڵدەدات ببێتە هۆکارێکی بنیاتنەر و سەقامگیری لە ناوچەکەدا، یاخود ئایا دەستڕۆیشتوویی ڕوو لە زیادی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە بەرتەسك و ناسیۆنالیستییەکان؟ ڕوونە کە لە نزیکەی ٢٠٠٣ـەوە تاوەکو ٢٠١٠ واشنتۆن زاڵبووە بەسەر گومانەکانیدا لەو ڕووەوە و ئێستاش پشتیوانی لە پێگەی تورکیا دەکات وەك یاریزانێکی ئیقلیمی سەرەکی. ئەگەرچی ئەمە گرەوێکە لەسەر بنەمای مەزەندەکردن دەکرێت و گرەوێکی مەترسیدارە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ڕەفتارەکانی پێشووی ئەنقەرە لە ئاست دەوڵەتە دراوسێکانی و هێزی ڕووی لە زیادی کەسایەتییە ئاینییە سەرسەختەکان لە سیاسەتی ناوخۆیی نەتەوەکەدا. هەرچۆنێك بێت پێمان خۆش بێت یان نا، هێز و دەستڕۆیشتوویی تورکیا هۆکارێکی گرنگ و ڕوو لە هەڵکشانە لە سەرتاسەری ناوچەکەدا.

*** تۆژەری باڵا و جێگری سەرۆکی پرۆگرامەکانی ئامۆژگای کاتۆ و نووسەری گۆڤاری (زە ناشناڵ ئینتریست) و (وەرزنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) و (گۆڤاری گوڵان).**

**لەم چەند مانگەی داهاتوودا چەند تەوژمێکی دیکە بوونەهۆی باشتربوونی پێگەی ئەنقەرە و تەقینەوەی هەڵاوسانی دارایی قوبرس بە ڕادەیەکی گەورە بووەهۆی زیادبوونی دەستڕۆیشتوویی تورکیا**

**هێز و دەستڕۆیشتوویی تورکیا لە هەڵکشاندایە، لەبەر ئەوەی ڕەنگە ئابووریی ئەو وڵاتە زیندووترین ئابووری بێت لە ناوچەکەدا کە سەریکێشاوە بۆ گەشەیەکی خێرای پەیوەندییەکانی لەگەڵ دراوسێکانیدا، لە نێویاندا هەرێمی کوردستان**

### بڵنت کیناش سەرنووسەری تودەی زەمان بۆ گوڵان:

# هەتا لە دەستوری ئێستای تورکیا رزگارمان نەبێت ناتوانین پرۆسەی دیموکراتی سەربخەین

**بڵنت کیناش سەرنووسەری رۆژنامەی تودەی زەمانی چاپی ئینگلیزی لە تورکیا، یەکێکە لەو رۆژنامەنووس و ئەکادیمیانەی کە بێجگە لەوەی لە حزبی داد و گەشەپێدان نزیکە، لەهەمانکاتدا وەك رۆژنامەنوسێك و ئەکادیمیەك لەسەر پرسی کورد و سیاسەتی حکومەتی تورکیا شارەزایە و بەردەوام لەسەری دەنووسێت، بۆ قسەکردن لەسەر رەوتی چارەسەری کێشەی پەکەکە و چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا و ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی دیموکراتی لە تورکیا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ بەرێز بڵنت کیناش ئەنجامدا و بەرێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** هەنگاو هەڵگرتن بۆ پرۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، پێگەی تورکیا لەسەر ئاستی ناوچەکە بەهێز دەکات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا حکومەتی تورکیا لەم پرۆسەیە چ لایەنێك بە هاوبەشی خۆی دەزانێت؟**

- پێش هەموو شت وەك هەموو لایەك دەیبینین ئەمە پرۆسەی چارەسەرکردنە نەك پرۆسەی ئاشتی بە دیالۆگ، لەبەر ئەوەی ئەگەر ناوی بنێین پرۆسەی ئاشتی، ئەوا دەبێت لەنێوان کورد و حکومەت هاوبەشیەك هەبێت. بەڵام وەك دەبینین ئەو هاوبەشیە دەستنیشان نەکراوە، بۆیە پرۆسەکە بریتییە لە هەوڵدان بۆ چەکدانان یان رۆیشتنی چەکدارانی پەکەکە بۆ دەرەوەی تورکیا، بێگومان ئەم پرۆسەی چارەسەرکردنە رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت بۆ نەهێشتنی ئەو ناسەقامگیرییەی بەهۆی پەکەکەوە دروست ببوو، بەڵام ناتوانین بڵێین بە چوونە دەرەوەی چەکدارانی پەکەکە کێشەی کورد چارەسەر دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی دروستبوونی کێشەی کورد هەر وەك خۆیان ماون، لێرەوە دەکرێت بڵێین پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەی پەکەکە بۆ چارەسەری سەقامگیری و ئاسایشی تورکیا بووە، بەڵام هۆکاری سەرەکی کێشەی کورد نەبوونی دیموکراتی بووە لە تورکیا، ئەم کێشەیەش بەوە چارەسەر دەبێت پرۆسەی دیموکراتی لە تورکیا بچێتە پێشەوە و بە شێوازێکی دیموکراتیانە و ئاشتیانە مافی کورد دەستنیشان بکرێت و کورد بتوانێت بە زمانی خۆی بخوێنێت و پەرە بە کەلتوری خۆی بدات، بەمجۆرە کێشەی کورد چارەسەر دەبێت، کە بێگومان چوونە دەرەوەی پەکەکە ئاستەنگی گەورە لەبەردەم ئەم کێشەیە لادەبات.

*** لە قسەکانی بەرێزت ئاماژەیەك بەدەر دەکەوێت کە چارەسەری کێشەی کورد پەیوەستە بە دارشتنەوەی دەستوری تورکیا، ئایا تاچەند زەمینە لەبارە بۆ دارشتنەوەی ئەم دەستورە؟**

- بە داخەوە دەستوور لە کۆماری تورکیا لە سالی ١٩٨٢وە کە لەلایەن رژێمی سەربازی ئەوکاتەوە نووسراوتەوە تا ئێستا هەر ئەو دەستورەیە و تەواوی مافەکانی مرۆڤ و مافە دیموکراتیەکان لەخۆی ناگرێت، بۆیە دەبێ زوو خۆمان لەو دەستوورە رزگار بکەین. بۆ ئەوەی لەم دەستورەش رزگارمان بێت، ئەوا نابێت لەسەر بنەمای ئایین و نەتەوە، هاووڵاتیبوون لە تورکیا پۆلێن بکرێت، بۆیە هاووڵاتی تورکیا کورد بێت یان ئەرمەنی یان مەسیحی ئەرسۆزکس یان کاسۆلیك، یەهودی بێت یان موسڵمان، سوننە بێت یان عەلەوی، دەبێت دەستور وەك هاووڵاتی سەیری هەموویان بکات و مرۆڤەکان لەسایەی ئەو دەستورە هەست بە ئارامی بکەن، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هەوڵەکانی AKP بۆ گۆڕینی دەستوور بەراستی بۆ زیاتر بەرفراوانکردنی دیموکراسی و بنبڕکردنی کێشە دیموکراسیەکانە یاخود تەنیا بۆ بەردەوامکردنی دەسەڵاتداریەتی خۆی و بەهێزکردنی خۆیەتی؟. من بەش بە حاڵی خۆم چەند پرسیارێك لە مێشکم دا هەیە، بەڵام هیوادارم دەستوورێك بێت کە ئەو مافەی خودا بە مرۆڤی داوە بگەرێنێتەوە و ئەو پرسیارانەی لە مێشکمە بنبڕ بکات. لە حاڵی حازردا کۆمسیۆنێك هەیە بۆ دارشتنی دەستورێکی نوێ هەروەك دەزانن کە ئەو مۆڵەتەی بەو کۆمسیۆنە درابوو لە کۆتایی مانگی مارسی رابردوو تەواو بوو و بۆ ماوەی مانگێك مولەتەکەیان درێژ کرایەوە کە ئەویش لەو دوو رۆژەی رابردوو تەواو بوو. وا بڕیارە رۆژی هەینی دووبارە کۆببنەوە. یان ئەوەتا خۆیان هەڵدەوەشێننەوە یان دووبارە داوای درێژکردنەوەی مۆڵەت دەکەن. ئەگەر مۆڵەتەکەیان ٦ مانگیش زیاد بکرێت بڕواناکەم بتوانن کارەکەیان بە سەرکەوتوویی تەواو بکەن. چونکە ژمارەی ئەندامانی پارتەکان یەکسانن، لە لایەك CHP و MHP لە لایەکی دیکەوە AKP و BDPی هاوەڵی PKK کە زۆر زەحمەتە بگەنە ئەنجامێکی هاوبەش. بەڵام تا کاتی ئەو کۆمسیۆنە تەواو دەبێت AKP دەستووری خۆی دادەرێژێ و بە هاوبەشی لەگەڵ BDP پێشکەشی پەرلەمان دەکرێت و دواتر دەخرێتە بەر دەست راپرسی هاووڵاتیان. ئەگەر ئەم دەستوورە بە دڵی زۆرینەی هاووڵاتیان بێت و دەستوورێك بێت ستاندەردەکانی دیموکراسی بەرز بکاتەوە، ئەگەرێکی زۆری دەبێت کە لە ریفراندۆم بە سەرکەوتوویی دەرچێت. ئەگەر ئەوەش روویدا کەواتە پرۆسەی گۆڕینی دەستوور بە شێوەیەکی نا سەرکەوتوویی بە کۆتا دێت.

*** ئایا بەڕای تۆ وەك چاودێرێك حکومەتی داد و گەشەپێدان، دەتوانێت کێشەی کورد و کێشەی پەکەکە لێکجیابکاتەوە؟**

- حکومەت دەتوانێ جیای بکاتەوە یان ناتوانێ، من ئەمە



نازانم بەڵام دەبێ جیای بکاتەوە. کێشەی PKK و کێشەی هاووڵاتیە کوردەکانمان کێشەی جیان. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە PKK نوێنەرایەتی هەموو کورد ناکات. ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی سەیری بکەین ئەو هاووڵاتی کوردانەی کە پشتگیری لە PKK دەکەن بە ویستی خۆیان بێت یان بەفشار بێت لە ٢٥٪ یان ٣٠٪ تێناپەڕێت. پیشاندانی ئەو ٧٠٪یەی کە ماوە وەکو ئیرادەیەکی PKK شتێکی راست نییە. حکومەتیش ئاگای لەم عەیبە هەیە. بەڵام بە چارەسەرکردنی کێشەی PKK سەردێرەکانی کێشەی کورد ئاسانتر تەرکیزی لەسەر دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی. جا چ کێشەی ئابووری بێت یاخود نەتوانینی بەکارهێنانی زمانی خۆیان بە ئاسانی بێت کە زمانی کوردی-یە لە پانتاییەکی دیموکراسیتر بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت. بەڵام پێش ئەوە ناساندنی ئەم کێشەیە بە کێشەی تیرۆر لەلایەن حکومەتەوە و چارەسەرکردنی شتێکی گرنگە. ئەوەی دەمانەوێ هاووڵاتیەکانمان چ کورد بێت چ قەومێکی تر بێت ژیانێکی دیموکراسی بۆ برەخسێت. بە نەهێشتنی ئەو خوێناوەی کە PKK دروستی کردبوو کێشەکان ئاسانتر چارەسەر دەبێت، بەڵام ئەگەر PKK بەردەوامیش بوایە حکومەت هەنگاوەکانی دیموکراتی بوونی درێژە پێدەدا بە ئامادەکردنی پرۆژە و گۆڕینی دەستوور.

*** ئاشکرایە هەرێمی کوردستانی عێراق رۆڵێکی گرنگی لەم پرۆسەی چارەسەرکردنە هەبووە و پێشوازی لەم چارەسەرکردنە کردووە، ئایا تاچەند لەم بارودۆخەی هەرێم دەتوانێت هاریکاری هەردوولا بێت؟**

- لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم، ئەوەندەی هاووڵاتیانمان چ کورد بێت یان تورك لە تورکیا زیانیان پێگەیشتووە لەو کەش و هەوا نالەبارەی کە PKKدروستی کردبوو، بەهەمان شێوە دۆستە کوردەکانیشمان لە هەرێم زیانیان پێدەگەیشت. چونکە ئەو سەقامگیرییەی بەڕێز مسعود بارزانی لە هەرێمی کوردستان دروستی کردووە، نا سەقامگیری PKK کاری تێدەکرد. ئەو بارە نا ئاساییەی سوریاو ئەو سیاسەتە شیعەپارێزەی نوری مالیکی بەکاری دەهێنێ لە عێراق، وایکردووە کە تورکیا و کوردەکانی سوریا و کوردە دۆستەکانمان لە عێراق هاوقەدەر بن و ئەو هاوقەدەریە پاڵی پێوەنان بۆ پێکەوە کارکردن. کێشەی PKK بەشێکە لەم پرۆسەیە. پشتگیری لایەنی کوردی بەسەرۆکایەتی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ ئەم پرۆسەیە کارێکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر هاتوو پرۆسەکە بە سەرکەوتوویی بە کۆتا هات بێگومان ئەو لایەنانەی پشتگیرییان لە پرۆسەکە کردووە بە سەرۆکایەتی بەڕێز مسعود بارزانی بێگومان بەشێکی گرنگ دەبن لە سەرکەوتنەکە.

*** بەڵام هەندێك لە چاودێران ئاماژە بەوە دەکەن تورکیا ئەگەر بیەوێت کێشەی کورد چارەسەر بکات دەبێت PKK وەك شەریکی خۆی قبوڵ بکات، بەڕێزیشت ئاماژەت بەوە کرد لەم پرۆسەیە شەریك نییە، ئایا لەمبارەوە چی دەڵێیت؟**

- لەسەر ئەم مەسەلەیە دوو بۆچوونی جیاواز هەیە، من لەگەڵ ئەوەم بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی پێی دەگوترێت کێشەی تیرۆر، PKK شەریکی حکومەتی تورکیا بێت بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، ئەمەش شتێکی ئاساییە، بەڵام قبوڵکردنی PKK وەك نوێنەری کورد شتێکی هەڵەیە، لێرەدا کێشەی نوێنەرایەتی نییە بەرای من. دەنگدەرە کوردەکان بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا ٧٠٪ دەنگ بە AKP دەدەن. ئەگەر بەتەمای دیموکراتبوون و ئەگەر دەتانەوێ هەموو مافەکان بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێننەوە، پێویست ناکات کەسێکت بەرامبەر بێت و ئاڵوگۆڕی لەگەڵ بکەی. ئەگەر هۆیە سەرەکییەکان بزانن کە کێشەی کوردی لێ دروست بووە کە کێشەیەکی تازە نییە نزیکەی ١٠٠ ساڵە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و تەنانەت هاووڵاتییەکی سادەش دەزانێ کێشەی کورد چییە و بۆ دیموکراتی بوون پێویست بە دانوستاندن ناکات و پێویست بە پارتنەرێك ناکات. ئەگەر بە بەهێزکردنی ئیدارە ناوخۆییەکان بێت یان بە بەهێزکردنی حکومەتێکی مەرکەزی عادل و بێ جیاوازی بێت و بۆ قازانجی هەموو هاونیشتیمانەکان بێت ئەمە پێویست بە پارتنەرێك ناکات. بۆ چارەسەکردنی کێشەی PKK پارتنەر PKKیە. بەڵام بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد کە کێشەی هەموو هاونیشتمانە کوردەکانمانە، پێویست ناکات نوێنەرێك هەڵبژێرین و گفتوگۆی لەگەڵ بکەین. چەند کێشەیەك هەیە کە بەبێ هیچ گومانێك لە پەرلەمان بەرێگەی یاسادانان(تشریعی ) چارەسەر دەبێ و بەبۆچوونی من بە هیچ شێوەیەك کێشەیەکی نوێنەرایەتی نییە.

**هەوڵدان بۆ چەکدانان یان رۆیشتنی چەکدارانی پەکەکە بۆ دەرەوەی تورکیا، بێگومان ئەم پرۆسەی چارەسەرکردنە رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت بۆ نەهێشتنی ئەو ناسەقامگیرییەی بەهۆی پەکەکەوە دروست ببوو، بەڵام ناتوانین بڵێین بە چوونە دەرەوەی چەکدارانی پەکەکە کێشەی کورد چارەسەر دەبێت**

**پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەی پەکەکە بۆ چارەسەری سەقامگیری و ئاسایشی تورکیا بووە، بەڵام هۆکاری سەرەکی کێشەی کورد نەبوونی دیموکراتی بووە لە تورکیا**

# دیموکراسیی کوردی و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی

(١)



دکتۆر عادل باخەوان*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

دنیای کوردی، نە لەسەر ئاستی پراکتیك نە لەسەر ئاستی تیۆری، مێژوویەکی درێژی لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا نییە. ئێمە نە لە زانکۆکانی کوردستاندا تیۆریزەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیمان کردووە نە واقیعی کۆمەڵایەتیشمان، لە رابردووی درێژدا، بەرهەمی ململانێکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بووە. تێبینیەکی لەم شێوەیە دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە باسکردن لە «چیەتی» و «چۆنیەتی» بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی تیۆری و پاشان روونا کی خستنە سەر چەمکی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی نوێ و دواتر پەیوەستکردنیان بە دنیای کوردییەوە، نەك هەر کارێکی بێهودە نییە بەڵکو فەرمانێکی هەنووکەییشە. گەر بۆ فەرەنسیەك پرسیاکردن لە چییەتی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە ئێستا و ئێرەدا بێ مانابێت، بۆ دنیای کوردیی «دەستلێنەدراوی» ئێمە، نەك هەر پڕ مانایە، بەڵکو پێداویستییەکی تیۆری و پراکتیکیشە.

بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی چییە؟ لە چی هەلومەرجێکدا دروستدەبێت؟ کێ دروستیدەکات؟ بەچی گردبوونەوەیەکی مرۆڤەکان دەوترێت بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی؟ کامانەن رەهەندەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی کلاسیکی؟ لەکوێدا و چۆن و کەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی نوێ لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی کلاسیکی جیادەبێتەوە؟ چۆن، کەی، بەچی و لە چ رێگایەکەوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان دەتوانن چاودێریی دیموکراسی بکەن؟ کوردستان لەکوێی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکاندایە؟ دیموکراسی کوردی چۆن دەتوانێت لەگەڵ سەرهەڵدان و کارابوونی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیانەدا مامەڵەبکات؟ ئەم پرسیارانە کۆی ئەو چوارچێوەیە «ئیشکالییە» پێکدەهێنن کە رووبەری لێکدانەوەکانی ئەم بابەتەن و سەرەتا لە پێناسەکردنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییەوە دەستپێدەکەین.

بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ئاسایی (کلاسیکی) بریتییە لە کۆی هەموو ئەو دۆخانەی کە گرووپێك لە مرۆڤەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە و پێکەوە دەیانجووڵێنێت و لەسەر چەند شێوازێکی دیاریکراو رەفتاریان پێدەکات. ئامانجی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە بریتییە لە گومان دروستکردن لەسەر رەهەندێك لە رەهەندەکان یان تەواوی رەهەندەکانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی/سیاسی و پاشان هەڵوەشانەوەی و دواتر گۆڕینی بۆ سیستەمێکی دیکە. ستراکتۆری بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لەسەر بەهای هاوبەش و هاریکاریی هاوبەش خۆی بینادەکات و لە کات و شوێنی پێویستدا و لەپێناوی مەسەلە چارەنووسسازەکان و پرسە باڵاکاندا خۆی «تەعبئە /مۆبیلیزە» دەکات؛ ئەمەش لەڕێگای چەندین چوارچێوەی جیاوازی نارەزایی دەربڕینەوە. لێرەوە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەبێت بە هەڵگری ئەم گریمانانەی خوارەوە:

- **پرۆژەی کۆمەڵگەیی**

ئەندامانی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی هەموو ئەو کەسانەن کە خاوەنی پرۆژەیەکی هاوبەشن و لەپێناوی بەدیهێنانیدا «ئەدڤێرسێر/خەسم»ێکیان هەیە و ململانێی لەگەڵدا دەکەن.

ئەم «ئەدڤێرسێر/خەسم»ـە هەروەك دەكرێت خاوەن كارێك بێت ئاواش دەكرێت دەزگایەك یان دەســەڵاتی سیاسی بێت. چەند درۆیەكــی گەورەیە كە دەوترێت بزووتنــەوەی كۆمەڵایەتی دەســتوەرناداتە كاروبــاری سیاســییەوە! نەك هەر دەســتی تێوەردەدات بەڵكــو بە رۆح و لاشەیشــیدا دەچێتە خوارەوە و ئێسقان بە ئێسقانی تێكەڵی دەبێت.

**• هاریكاری لەنێوان ئەندامەكانیدا**

ئەندامانی بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی، لەڕێگای هەستكردن بــە ئینتیمایەكــی هاوبەشــەوە، پەیوەندییەكــی دامەزراو لەسەر هاریكاری (ســۆلیداریتیy) بەیەكیانەوە دەبەستێتەوە. لەســاتەوەختە پێویســتەكاندا بەدەم یەكتریەوە دێن و وەڵامی پێداویستییەكانی یەكتری دەدەنەوە. لە سێبەری مێكانیسمی هاریكاریــدا، ئەندامانی بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی زۆر بە ئاسانی دەتوانن، لە كاتە پێوسیتەكاندا، «تەعبئەی» خۆیان بكــەن و پێكەوە كۆببنەوە. بێگومان بۆئەوەی بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی بتوانێت درێژە بە تەمەنی خۆی بدات، پێویستە چەندین چركەســاتی تایبەتی جۆشــدراو بــۆ كۆبوونەوە و بەیەكگەشتنی ئەندامەكانی دروستبكات. بەبێ چركەساتی جۆشدراو بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی ناتوانێت لە مەیدانەكەدا بمێنێتەوە.

**• كەرەسەكانی خۆ ڕێكخستن و كار**

چوارچێوەكانی ناڕەزایی دەربڕینی بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی هەمەجۆر و فرەن: واژووكردنی بەیاننامە، مانگرتنی گشتی، مانگرتــن لە خــواردن، یاخیبوونی مەدەنــی، داگیركردنی شوێنی گشــتی، داگیركردنی هێڵی سەرەكیی گواستنەوە، لافیتە هەڵواســین، دەركەوتن لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەكان، بڵاوكردنەوەی وتار لە رۆژنامەكاندا، ڕێكخســتنی گەورەی تــۆڕە كۆمەڵایەتییەكانی وەك فەیســبوك، هتد. بێگومان هەر یەكێك لەم رووبەرانە سیســتەمی ڕێكخستنی دامەزراو لەسەر كۆدی تایبەت هەیە و بڕیارە بزووتنەوەی كۆمەڵایەتی دەستەمۆی كردبن.

لێرەوە ســەركەوتنی بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتیی راستەوخۆ دەلكێت بە توانایی «تەعبئە» كردنی جەماوەرەوە، دەلكێت بە توانایی كۆكردنەوە و هاندان و بەكارهێنانی جەماوەر لەپێناوی بەرگریكــردن لە هەڵوێســت و بەرژەوەندییە هاوبەشــەكانی ئەندامانی بزووتنەوەكەدا. بزووتنەوەی كۆمەڵایەتی كلاسیكی لە ئاســتێكی تەواو بــەرزدا ڕێكخراوە و لە ئان و ســاتێكدا دەتوانێت زۆربەی ئەندامەكانی بڕژێنێتە سەر جادەكان.

بێگومان ئێمە بەتەنیــا بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتیمان نییە، بەڵكــو چەندین بزووتنەوەی كۆمەڵایەتیمان هەیە. ســەدەی نۆزدە و بیســت مەیدانی ســەرهەڵدانی دەیــان بزووتنەوەی گەورەی كۆمەڵایەتــی تەمەن درێژبوون، بەتایبەتی لە وڵاتە پیشەســازیەكاندا. لە كۆتاییەكانی ســەدەی بیستەمیشــدا چەندین چوارچێوەی دیكەی بزووتنەوەی كۆمەڵایەتی نوێ سەریانهەڵدا كە كەمتر ماتریالیستبوون و زیاتر لەسەر بەهاكان كاریاندەكرد. ئــەم بزووتنەوە كۆمەڵایەتییــە نوێیانە لەبری خۆبیناكردن لەسەر شوناسی چین بە مانا ماركسیەكەی هاتن و خۆیان لەســەر بنەمای ئینتیما بۆ گروپێكی كۆمەڵایەتی بیناكرد، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا تێبینی دەكەین.

**• بزووتنەوەی فێمینیست**

راســتە لە دوا چارەكــەی ســەدەی بیســتەمدا بزووتنەوە فێمینیســتەكان بەو پەڕی هێزەوە دەردەكەون و خۆیان بەسەر كێڵگە جیاوازەكانــدا فەرزدەكەن، بەڵام ئەوەش راســتە كە رەگوڕیشــەكانی ئەم بزووتنەوانە دەگەڕێتەوە بۆ ســەردەمی شۆڕشی فەرەنســی، بەتایبەتی لە ســاتەوەختی جاڕنامەی مافەكانی مرۆڤەوە؛ كە ئیشكالیەتی یەكسانیی نێوان ژن و پیاو وەك دەرهاویشتەیەكی گرنگ تێبینی دەكرێت. هەر لەو ساتەوەختەوە، فەرەنســا، بەریتانیا، ئەمریكا و چەندین وڵاتی دیكەی پیشەسازی دەبن بە مەیدانی سەرهەڵدانی گفتوگۆی بەهێز لەســەر یەكســانیی نێوان ژن و پیاو. لە شەستەكانی ســەدەی رابوردودا وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەبێت بە رووبەری ســەرهەڵدانی بزووتنەوەیەكی كارای كۆمەڵایەتی بەناوی «بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ژنان»، كە دەكرێت وەك یەكێك لە دەركەوتە هەرە توندەكانی بزووتنەوەی فێمێنیســت بناسێنرێت. هەروەها لەسەرەتای حەفتاكانی سەدەی رابردوودا و لە فەرەنســادا بزووتنەوەیەكی دیكەی رادیكاڵی فێمینیست بەهەمان ناوەوە (بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ژنان) لەدایک دەبێت. ئامانجە سەرەكییەكانی ئەم بزووتنەوانە بریتین لە: یەكسانیی كار و مووچــە لەنێوان ژن و پیــاودا، مافی كۆنترۆڵكردنی لاشەی ژنان لەلایەن ژنان خۆیانەوە، ململانێ دژ بە لاقەكردن، مافی لەباربردنی منــداڵ، مافی بەكارهێنانی حەبی مەنع، ململانێ دژ بە ناچاركردنی ئافرەت بە شــووكردن، تێكۆشان لەپێناوی بەدەستهێنانی پۆستی سیاسی، هتد.

**• بزووتنەوەی رەشپێستەكان**

ئــەم بزووتنەوەیە هیــچ پەیوەندییەكی بــە ململانێی چینە كۆمەڵایەتییەكانەوە نییــە و لەدەرەوەی كارل ماركس خۆی ڕێكدەخــات. ئامانجی ســەرەكیی ئــەم بزووتنەوەیە بریتییە لە ســڕینەوەی ئەو جیاكاریە ســەخت و زەبروزەنگاویەی كە لەنێوان رەشپێســتەكان و سپیپێســتەكاندا دەكرێت. چەند ئەم بزووتنەوەیە ســەركەوتوویێت لە كورتكردنەوەی مەودای نێوان ســپی پێستەكان و رەشپێســتەكاندا، هێندەش لە بەدیهێنانی ئامانجەكانی نزیكدەبێتەوە. ئەم بزووتنەوەیە سەرەتا لە ئەمریكادا سەرهەڵدەدات و پاشان بە وڵاتانی رۆژئاوادا بڵاودەبێتەوە.

**• بزووتنەوەی پەراوێزخراوەكان**

لە كۆمەڵگە رۆژئاواییەكاندا پرســی «كەوتنە سەر جادە» یاخود لەدەســتدانی كار كە لە زۆربەی دۆخەكاندا یەكسانە بە لەدەســتدانی ماڵ و پاشان هەڵوەشــانەوەی خێزان و دواتر لەدەستدانی هەموو شتێك و كەوتنە سەر جادە، بۆ یەكساتیش بێدەنگ نابێت. ئەم پرسە هەمیشە ئامادەیە، هەمیشە لێرەیە و رۆژ لەدوای رۆژ لە زیادبووندایە. ئەوانەش كە دەكەونە ســەر جادە ســەر بە هەموو كاتیگۆریە كۆمەڵایەتییەكانن. هەر لە مۆسیقارێكەوە بیگرە تادەگاتە كرێكارێك، هەر لە كادرێكی باڵاوە بیگرە تادەگاتە قاپشــۆرێك، پێكەوە لەبەردەم گریمانەی كەوتنە ســەر جادەن، كە یەكسانە بە دوورخستنەوە و كەوتنە

بزووتنەوەی كۆمەڵایەتی ئاسایی (كلاسیكی) بریتییە لە كۆی هەموو ئەو دۆخانەی كە گروپێك لە مرۆڤەكان پێكەوە كۆدەكاتەوە و پێكەوە دەیانجووڵێنێت و لەسەر چەند شێوازێكی دیاریكراو رەفتاریان پێدەكات

ئەندامانی بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی، لەڕێگای هەستكردن بە ئینتیمایەكی هاوبەشەوە، پەیوەندییەكی دامەزراو لەسەر هاریكاری (سۆلیداریتیy) بەیەكیانەوە دەبەستێتەوە. لەساتەوەختە پێویستەكاندا بەدەم یەكتریەوە دێن و وەڵامی پێداویستییەكانی یەكتری دەدەنەوە

**تراژیدیای کۆچبەران لەوەدایە کە لە هەر ساتەوەختێکی هەڵبژاردنەکاندا، بەبێ خواستی خۆیان، دەبن بە بابەتی رۆژ، بەتایبەتی لای راسترەوەکان کە دەیانەوێت ئەژدیهایەک لە کەسی کۆچبەر دروستبکەن**

**بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، تەواو بەپێچەوانەی تێزەکانی کارل مارکسەوە کە پێی وابوو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای «ئیستیغلال» دامەزراون، دێن و وەک ماکس ڤێبەر مامەڵە لەگەڵ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن**

پەراوێزەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی. لە هەلومەرجێکی ئاوادایە کە وڵاتانی رۆژئاوا دەبن بە سەرزەمینی دەیان بزووتنەوەی گەورەی کۆمەڵایەتی کە ئامانجی سەرەکیان بریتییە لە بەرگریکردن لە مافەکانی هەموو ئەوانەی کە دەچنە خانە پەراوزێکراوەکانەوە. ئەم بزووتنەوانە بەهێزن و دەتوانن کارایی دابنێن بەسەر نوخبەی دەسەڵات و تەنانەت تەواوی کۆمەڵگەشەوە، بێگومان کارایی دانان مانای چارەسەرکردنی رادیکاڵانەی تەواوی کێشەکە نییە، بەڵکو دەرکردنی یاسا و پێداگرتن لەسەر جێبەجێکردنی هەموو ئەو پرۆژانەی کە لەبەرژەوەندیی ئەم کاتیگۆری کۆمەڵایەتیەدان.

**• بزووتنەوەی کۆچبەران**

لەدوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە و بەتایبەتی لە حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە، لە وڵاتانی ئەوروپادا و لە ئاستی جیاوازدا، چەندین بزووتنەوەی کۆچبەران لەدایک دەبن. ئامانجی سەرەکیی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە بریتییە لە ململانێ لەگەڵ راسیزمدا. راسیزمێك کە کەسی کۆچبەر دەکات بە نیشانە و راستەوخۆ دەیپێکێت. لەم راسیزمەدا کۆچبەر وەك سەرچاوەی هەموو کارەساتەکان، قەیرانەکان، مەترسیەکان، درندەییەکان، لەدەستدانەکان و تاوانەکان دەستنیشاندەکرێت. لە بەرامبەر راسیزمێکی لەم شێوەدایە کە بزووتنەوەی کۆچبەران دەتوانێت، بۆنموونە لە وڵاتێکی وەك فەرەنسادا، زیاتر لە سەد هەزار هاووڵاتی بێنێتە سەر جادەکان و گورزی سەخت لە بناغە دامەزراوەکەی راسیزم بدات. تراژیدیای کۆچبەران لەوەدایە کە لە هەر ساتەوەختێکی هەڵبژاردنەکاندا، بەبێ خواستی خۆیان، دەبن بە بابەتی رۆژ، بەتایبەتی لای راسترەوەکان کە دەیانەوێت ئەژدیهایەك، دێوێك لە کەسی کۆچبەر دروستبکەن؛ دێوێك کە لە هەر ساتێکدا دەتوانێت پەلاماری ئەوروپییەك بدات و بە زیندوویی قوتی بدات. فەرەنسییەکی لادێی کە تەنیا لە تەلەفزیۆندا کۆچبەری بینیوە، لەبەرامبەر وێنەیەکی لەم شێوەیەدا، زراوی دەتۆقێت و تەنیا و تەنیا راسترەوەکان وەك فریادرەس دەبینێت و ناچار دەنگیان پێدەدات. لێرەوە ئەرکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان چەندە هێندەی تر سەخت و ئاڵۆزاویتر دەبێت.

**• بزووتنەوەی ژینگەپارێزی**

لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە تا ئێستا و لەسەر ئاستی جیهان سەدان بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ژینگەپارێز دروستبوون و لە چەندین وڵاتدا خۆیان وەرگێراوەتە سەر حزبی سیاسی. ئامانجەکانی سەرەکیی ئەم بزووتنەوانە بریتین لە بەرگریکردن لە ژینگە، گەشەکردنی کۆمەڵگەکان لەسەر بنەمای سەرچاوە سروشتییەکان، داهێنانی سەرچاوەی وزەی بەدیل. بەڵام بەپێی گەشەکردنی فیکری و سیاسی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە، ئەو ئامانجانەش گەشەدەکەن، بۆنموونە لە ئێستادا بەرگریکردن لەو کەسانەی کە هیچ مافێکی پەنابەرێتیان پێنادرێت و بەبێ «وەرەقە» ناوبانگیان دەرکردووە بووە بە بەشێکی دانەبڕاو لە ئامانجەکانیان، هەر وەك بەرگریکردن لە هۆمۆسێکسیوالەکان بەشێکی گرنگە لە بەرنامەکانیان.

**• بزووتنەوەی ئەلتەر گلۆبالیزەیشن**

مێژووی ئەم بزووتنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەشتاکانی سەدەی بیستەم، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە سەدان هەزار مرۆڤی ئەوروپی و ئەمەریکی، دژ بە قەرزارکردنی لە رادەبەدەری وڵاتانی جیهانی سێیەم لەلایەن بانکی نێودەوڵەتییەوە، خۆیان «تەعبیئە» دەکەن و دەڕێژنە سەر جادەکان. لەگەڵ سەرهەڵدانی جیهانگیریدا (گلۆبالیزەیشن)، کە بناغە سەرەکییەکەی بریتییە لە تەماشاکردنی جیهان وەك بازاڕێکی گەورە، ئەم بزووتنەوەیە زۆر بەهێزتر لەجاران خۆی رێکدەخات و بانگەشە بۆ جیهانگیرییەکی دیکەی جیاوازدەکات. جیهانگیرییەکی بیناکراو لەسەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەها مرۆییەکان. لەم جیهانگیرە نوێیەدا پرۆسێسی گەشەکردن بەجۆرێك خۆی بەدیدەهێنێت کە دەکرێت مرۆڤەکان، بەبێ پێشێلکردنی بەها سەرەکییەکانیان، پشتیوانی لێبکەن، هەروەها دەزگا گەورە جیهانییەکانی وەك سندوقی نەختی نێودەولی [IMF) International Monetary Fun)] کە وەك حکومەتی جیهانی نوێ ناسراوە و رێکخراوی بازرگانی جیهانی [World Trade Organization (WTO)] دیموکرزتیەربکرێن و بە هەمو توانایەکەوە پشتیوانی لەو وڵاتانە بکرێت کە لەسەر رێگای گەشەکردنی ئابوورین.


فرەیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان یەکسان نییە بە لێکچوون و هەماهەنگییەکی ئۆتۆماتیکی لەنێوانیاندا. بەپێچەوانەوە، چەند ئەم بزووتنەوانە فرە جۆربن، هێندەش ئامادەیی گریمانەی لێکدژی لەنێوان ئامانجەکانیاندا بەهێزتر دەبێت. دەکرێت بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەناوی شەرعیەتی پارێزگاریکردن لە ژینگەوە، زۆر بەتوندی دژایەتی بەکارهێنانی ئۆتۆمۆبیل بکات، بەڵام لەهەمان کاتدا بزووتنەوەیەکی دیکە بەناوی شەرعییەتی کار و پارێزگاریکردن لە کرێکارانەوە، بەتوندی بەرگری لە بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل بکات. واتە ئامادەیی چەند بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە رووبەرێکدا مانای یەکێتیی ئامانج و بەرنامە و میتۆدەکانیان نییە، بەپێچەوانەوە، مانای ئامادەبوونی بەرگریکردنە لە بەرژەوەندیی جیاواز، خەونی جیاواز و چاوەروانی جیاواز.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، تەواو بەپێچەوانەی تێزەکانی کارل مارکسەوە کە پێی وابوو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بنەمای «ئیستیغلال» دامەزراون، دێن و وەك ماکس ڤێبەر مامەڵە لەگەڵ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن؛ بەو مانایەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای «هەیمەنە» خۆیان بینادەکەن. لەم روانگەیەوە ململانێی سەرەکی ئەوان چیدی لەپێناوی دابەشکردنەوەی داهاتدا نییە، بەڵکو لەپێناوی دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵاتدایە. بێگومان لەنێو ئەم چوارچێووە گشتییەدا دەکرێت چەندین رەگەزی «ئیستیسنا»ش بدۆزینەوە. واتە تابلۆکە بەتەنیا یەك رەنگی نییە، هەرچەند مۆرکە سەرەکیەکەی ڤێبەریە تا مارکسی.

---

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**

# دابەشکردنێکی نەشیاوی جێبەجێ کردنی دەسەڵات لەسوریا



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت

ڕێککەوتنی روسیاو ئەمریکا لەسەر بەستنی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی سەبارەت بەقەیرانی سوریا بەهەنگاوێکی پێشکەوتوو بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی ناوخۆو دەستەبەرکردنی گواستنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵات دادەندرێ. ئەگەرچی هێشتا هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نییە کە کۆنفرانسەکە دەتوانێ ئامانجەکانی خۆی بەدەست بێنێ، بەڵام ڕێککەوتنی هەردوولا لەسەر پێویستیی ئامادەبوونی نوێنەرانی ئۆپۆزیسیون و نوێنەرانی رژێمی سوریا لەو کۆنفرانسە، بەم مانایە دێ کە روسیاو ئەمریکا نایانەوێ ئۆباڵی شکستی کۆنفرانسەکە، ئەگەر شکستی هێنا، لەملی ئەوان بێ.

رەنگە کۆنفرانسی پێشنیارکراو جیاوازییەکی زۆری لە کۆنفرانسی ساڵی رابردووی ژنێڤ نەبێ و بەکردەوە ئەم کۆنفرانسە درێژەپێدانی کۆنفرانسی ژنێڤە کە هەردوولا تێیدا لەسەر پێکهێنانی حکومەتێکی راگوزەر لە سوریا ڕێککەوتن، بەڵام دەقی ڕێککەوتنەکە ئەوەندە ڕۆشن نەبوو کە چارەنووسی سەرۆکی سوریا بەشار ئەسەدی تێدا دیاری بکرێ. بۆیە ئەمریکا وای لێکدایەوە کە قۆناغی راگوزەر بەبێ ئەسەد بەڕێوە دەچێ و روسیا لەو بڕوایەدا بوو کە ئەسەد خۆی رابەرایەتیی قۆناغی راگوزەر دەکا. ئەم مەسەلەیە وەك چۆن لە ژنێڤ ڕێککەوتنەکەی لەڕیشەوە هەڵتەکاند، دەشێ لە کۆنفرانسی پێشنیارکراویش بەهەمان ئەنجام بگات.

سەرەڕای هەوڵەکانی روسیاو ئەوروپاو ئەمریکا بۆ دۆزینەوەی دەریچەیەکی ئاشتییانە بۆ قەیرانی سوریا، بەڵام هێشتا پێناچێ لایەنە نێودەوڵەتییەکان تێڕوانینێکی قوڵیان بۆ هەلومەرجی سوریا هەبێ. رەنگە پرنسیپی دابەشکردنی دەسەڵات لە زۆر شوێن مایەی کۆتایی هێنان بێ بەکێشەی سیاسی، بەڵام ئەم چارەسەرە بەکەڵکی سوریا نایەت. سوریا هیچ دامەزراوەیەکی نیشتمانیی نییەو سەرەڕای ئەوەی کە دەستوور ئەو ماددەیەی تێدا نەماوە کە حزبی بەعس بەڕابەری دەوڵەت و کۆمەڵگا دادەنێ، بەڵام بەکردەوە حزبی بەعس بەسەر تەواوی دەسەڵاتی راپەڕاندن و یاسادانان و دادوەریدا زاڵەو هەموو دەزگاکانی سوپاو پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکان و بازرگانیی دەرەوەو ناوەوە لەژێر کۆنترۆڵی حزبی بەعسدایە. لە ڕەوشێکی وادا دابەشکردنی دەسەڵات هیچ مانایەکی نامێنێ، بەتایبەتی کە ئەم پرۆسەیە بەکردەوە لە حکومەتەوە دەست پێدەکاو لەجێبەجێ کردندا بەو مانایە دێ کە ئۆپۆزیسیۆن نیوەی وەزارەتەکانی کابینەی حکومەت بەدەست بێنێ و نیوەکەی تر هەر بەدەست حزبی بەعسەوە بێ.

مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنی دابەشکردنی دەسەڵات لە هەر پرۆسەیەکی سیاسیدا، بوونی دامودەزگای بێلایەنە کە حزبایەتییان تێدا ناکرێ و دەستاودەست کردنی دەسەڵات کار ناکاتە سەر رەفتاری سیاسییان. گەورەترین کێشەی سوریا نەبوونی دامودەزگای بێلایەنە. ئەمەش مایەی هەڕەشەیە بۆ سەر هەر ڕێککەوتنێك سەبارەت بەدابەشکردنی دەسەڵات. پرنسیپی «دابەشکردنی دەسەڵات» بەبێ هاوسەنگی یاخود لانی کەم بەبێ دۆخێکی نزیك لە هاوسەنگی، نایەتە دی. ناوەڕۆکی ئەم دەستەواژەیە لە ناوەڕۆکی «بەشداری لە دەسەڵات» فراوانترە، چونکە «بەشداری لە دەسەڵات» مەسەلەی هاوسەنگی تێیدا بە مەرج دانانرێ. سوریا لەسایەی حزبی بەعس بەئەزموونی دابەشکردنی دەسەڵاتدا تێنەپەڕیوەو حزبی بەعس لە گەوهەردا باوەڕی بەدابەشکردنی دەسەڵات نییە، بەڵام لەهەندێ قۆناغدا ئەزموونی بەشداریی لەدەسەڵاتدا بەخۆیەوە دیوە، بەتایبەتی سەبارەت بە کۆمۆنیستەکان و سەربەخۆکان. ئەم ئەزموونەش ئەوەندە کرچ و کاڵە، کە کەس هەستی نەکردووە رەنگدانەوەی دیاری لەسەر رەوشی سیاسی هەبووە.

وردەکاریی شێوەی دابەشکردنی دەسەڵات لە سوریا خۆی لەخۆیدا و بەتەنیا بەکێشەیەکی دژوار دادەندرێ. ئامادەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی چەکدار بۆ فڕێدانی چەك و بەشداری کردن لە پرۆسەی سیاسی هەر بەوە نابێ کە چەند وەزارەتێکی پێ بدرێ، بەتایبەتی کە ئۆپۆزیسیۆن لە ڕێکخراوی دەوڵەتانی عەرەب نوێنەرایەتیی سوریا دەکاو قەڵەمڕەوێکی زەویی بەقەد دەوڵەتێکی وەك لوبنان لەژێر دەستدایەو چەند گەڕەکێکی دووەم گەورەترین شاری سوریای بەدەستەوەیە، تەنانەت لەم هەلومەرجەی ئێستادا ئۆپۆزیسیۆنی چەکدار ئەگەر سنووریشی لێ دابخرێ و پشتیوانیشی لێ نەکرێ، دەتوانێ بەقەد نیوەی هەڵسوڕانی ئێستای چالاکی بکاو بەردەوام بی لەسەر تەنگ هەڵچنین بەڕژێمی ئەسەد.

هەروەها لە هەلومەرجێکی وەك ئەوەی سوریا پێیدا تێدەپەڕێ و لەسایەی رژێمێکی تۆتالیتاری وەك ئەوەی ئەسەد، ئەستەمە متمانە لە ماوەی شەوو رۆژێکدا لەنێوان نەیارانی شەڕی ناوخۆ بێتە دی و لەوەش ئەستەمتر ئەوەیە کە رژێمی ئەسەد ئامادە بێ هەندێ وەزارەتی وەك بەرگری و ناوخۆو دارایی و دەرەوە لەچوارچێوەی سەودای دابەشکردنی دەسەڵاتدا رادەستی ئۆپۆزیسیۆن بکات.

حکومەتی راگوزەرو دابینکردنی گواستنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵات لە سوریا تا ئەسەد لە دەسەڵاتدا بێ نایەتە دی، چونکە ئەسەد نوێنەرایەتیی قۆناغی دامودەزگا بێلایەنەکان ناکاو ئەم قۆناغە هیچ پەراوێزێك بۆ ڕێگەچارەی سیاسی ناهێڵێتەوە.